# بزووتنەوەی ڕوانگە و
# شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر

# بزووتنەوەی ڕوانگە و
## شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر

د.هیمدادی حوسێن

**لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ**
**بورهان ئەحمەد**
**حەمە سەعید زەنگنە**
**سەباح ئیسماعیل**

ناوی کتێب: بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
ناوی نووسەر: د.هیمدادی حوسێن
دیزاینی بەرگ: ستار قەرەداخی
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١١٦)
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١١
تیراژ: (٥٠٠) دانە

# پێرست


دەسپێك........................................................ ٧
ڕوانگە قۆناغێکی نوێی ئەدەبی کوردی.............................. ٩
ڕوانگە و جموجۆڵی ئەدەبی حەفتاکان.... کاکەمەم بۆتانی............. ٣٣
بزووتنەوەی ڕوانگەو ئەزموونی شاعیرانی حەفتاکانی هەولێر............ ٤٥
عەباس عەبدوللا یوسف............................................. ٤٧
موحسین ئاوارە .................................................... ٥١
نەوزاد رەفعەت..................................................... ٦٥
بزووتنەوەی ڕوانگەو ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر........... ٧٧
کەریم دەشتی ..................................................... ٧٩
سەباح رەنجدەر.................................................... ٩٧
گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ١ نیسانی ١٩٧٠.............................. ١١٣
گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ٢ مایسی ١٩٧٠.............................. ٢٠٣
گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ٣ حوزەیرانی١٩٧٠........................... ٣٠٩

# دەسپێك

بزووتنەوەی ڕوانگە، وەکو بزووتنەوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا قۆناغێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی و شاکاری ئەدەبی نوێیە، تاوەکو ئێستا وەکو پێویست لێی نەکۆڵراوەتەوەو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا پایەی شیاوی ئەو ئەزموونە نوێخوازییە دیاریی نەکراوە. بەشی زۆرییان تا ئەمڕۆیش پێشەنگی داهێنانی شیعر و چیرۆکی کوردیین و لە دوای خۆیشیان چەندین کۆمەڵ و گروپی ئەدەبیی وەکو درێژەپێدەری بیری نوێی ئەوان بەردەوام بوون، شاعیرانی پێشەنگی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر نموونەیەکی زیندووی ئەو بۆچوونەن، بۆیە بۆ خوێنەرو توێژەری ئەدەبیی ئەمڕۆ گرنگە ئەزموونی ئەو شاعیرانە لەگەڵ ڕوانگە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە روون بێتەوە.

ڕوانگە لە سەردەمی خۆیشیدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند و ئایدیۆلۆژی زۆر بووەوە و لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەوێ ڕۆژێدا زۆری لەبارەوە نووسرا و قسەی چاك و بێ جێشی تێدا گوترا.

لەم ساڵانەی دواییدا نامەی ئەکادیمی و کتێبی لەبارەوە نووسراوە و لە خوێندنی زانکۆییشدا لە میانەی ئەدەبیاتی هاوچەرخدا جێگەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە. بۆیە دووبارە چاپکردنەوەی گۆڤارەکە کارێکی بێ بایەخ نییە و ژمارەکانی لەبەر دەستی نەوەی نوێدا نییە، هیوادارم ئەم کتێبە هاوکاریی و یارمەتیدەرێك بێت بۆ خوێندکاران و خوێنەرانی ئەدەبی هاوچەرخ.

**هیمدادی حوسێن**

هەولێر ٢٠١٠/١٢/٢٦

# ڕوانگە قۆناغێکی نوێی ئەدەبی کوردی

## نوێخوازی :

هەر سەردەمێك بە بەراوردكردنی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی بەنوێ دادەنرێ، بۆ نموونە نوێ بۆ تاكێكی كورد لەسەردەمی ئێستاماندا هەمان واتای جاران ناگەیەنێ ، كەواتە جیاوازی لەكاتێك بۆ كاتێكی تر، لەولاَتێكەوە بۆ ولاَتێكی تر و لەنێوان تاكەكانیشدا هەیە، بەڵام ناوەرۆكی نوێخوازی بەمۆركە جیهانییەكەییەوە كامڵ دەبێت، هەروەكو یەكێ لەڕەخنەگران دەڵێ:

**كاتێ كە زاراوەی ( مۆدێرن ) بەكارهات لە زۆربەی زمانەكاندا بەبێ وەرگێڕان بەكاردەهات.تازەكردنەوە چەمكێكی فراوانە لە زمانی كوردیدا ئەم زاراوەیە چەندین شێوەو ناوی بۆبەكارهاتووە،وەك نوێگەری، نوێخوازی، نوێبوونەوە،تازەگەرایی...هتد).هەموو ئەم شێوانە یەك مەبەست دەپێكن، بەڵام لەزمانە ئەوروپییەكان و زمانی عەرەبیشدا چەمك و مەبەستی هەندێ لەو زاراوانەی لەیەكتر جیاوازن،بۆنموونە لەزمانی ئینگلیزیدا هەردوو زاراوەی Innovation و Modernism بەكاردێت لە زمانی عەرەبیشدا (تجدید) و (حداثة)ەیان بەكارهێناوە.**

وشەی (الحداثة) مۆدێرن یان نوێخزازی ، بنچینەكەی لاتینییەو لە( Modrus) وەرگیراوە.

چەمكی نوێگەری بەپێی سەرهەڵدانی و لەبەرئەوەی لە منداڵدانی ڕۆژئاوا لەدایك بووە، بابزانین ئەم چەمكە لەهزری ڕۆژئاواییدا چی دەگەیەنێ ؟

چەمكی نوێگەری لە ڕۆژئاوادا دەرهاویشتەی ململانێی هزری ئاینی لەلایەك و لەلایەكی تر دەسەلاَتی زانین و زانست و هۆش و ئاوەزە .ئەم چەمكە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

١- هەموو بەهایەك شایانی گۆڕان و دۆخ سەندنە ، مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت .

٢- پرۆسەی ڕەتبوون لە قۆناغی ڕابردوو، هەتا ئێستاش کاکڵی ئەم بۆچوونە پێکدێنێت، بەرەو گۆڕانی ڕادیکاڵیانەو پێشکەوتنی کۆمەڵ .

پێبەست بەو بۆچوونە کەوا دەڵێت:

**تاکەسەرچاوەی زانین مرۆڤە، کە لەسەر بنەمای ماددی و بەرهەست واقیعی بەرچاو و بەپێی بەرنامەی زانستی دەردەست دەکرێت نوێگەری وەکو چەمکێکی ئەپستمی و چەمکێکی پراکتیکی پەیوەستە بەچەندان چەمکی تری وەك ((عەلمانیەت- سکۆلارییزم - نامۆبوون- تازەگەری- گۆڕان- تەکنۆلۆژیا - ڕاپەڕین...هتد)).**

نوێکاری وا ناساندراوە ئەو بزووتنەوەیەیە بۆ نوێبوونەوەو لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆڤ لە ناخەوە هەوڵدەدات و پشت بەزۆر هۆی هونەری نوێ دەبەستێ.

**نوێکاری:**

بریتییە لەو ڕەخنانەی، کە ئاڕاستەی کلتور و نەوەکانی پێشوو دەکرێ، بەڵام ڕەخنەیەکی تەواو و ڕەتکەرەوەنا، بەڵکو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتێکی بەرزو جوانتر لەم بارەیەوە (**ئالان تۆرێن**) دەگەڕێتەوە بۆ چەمکەکانی (**دۆرکهایم**) و لە ڕێیانەوە ڕاڤەکردنێکی هاومانا ،بەڵام زۆر بەسەلیقەوە گەڵاڵەی دەکات و دەنوسێ : مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نیە،کە خوا لەشێوەی خۆی خەڵقی کردبێت،بەڵکو بکەرێکی کۆمەڵایەتییە بەکۆمەڵێك ڕۆڵی دیاریکراو سنوور بەندکراوە،واتە بەڕەفتارگەلێکی پێویست بەپایەوە، کە پێویستە لەسەری بە ڕەفتارێکی باش لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات ، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەوەیە، کە بە ڕەفتار دەیکات نابێ بە هیچ شێوەیەك بگەڕێت بەدوای تاکە کەسایەتی تایبەتی خۆیدا لە دەرەوەی کۆمەڵگەن واتە لەلای خوا دەبێت بگەڕێت بەدوای دیار یکردنی چاکەو خراپەدا لەسەر ئەو بنەڕەتەی کامە سوودبەخشە یان زیانبەخشە بۆ زیندوو هێشتنەوەی لە ژیانداو لە پێناو ڕەفتارێکی باشی جەستەی کۆمەلایەتیدا.

کەواتە نوێخوازی بریتییە لە کۆمەڵێك ڕوانینی نوێ سەبارەت بە ئەدەب و مێژووی دێرین، ئەو ڕوانینەی کە کۆمەڵێك دەرگای بەسەر دونیای پێشوو ئەمڕۆماندا دەکاتەوە .

نوێخوازی لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕۆمانسییزمدا دەستی پێکرد.ڕۆمانسییزم زۆر گرنگی بە نوێکردنەوەی بنجی لایەنە جوانکارییەکان و شێواز دەدات ، بەڵام نوێخوازی لە کەمایەتی تەنگژەی شارستانیدا دەینالاند دوور لەو تەنگوچەڵەمانەی لە کاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ داستان و بنیادو ڕێکخستن دەهاتە پێشەوە،تەنگژەی هونەرمەندی هاوچەرخ ڕزگاربوون نییە لە مێژوو، بەڵکو تەنگژەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنیەتی لەگەڵ مێژوو.ئەگەر هاتوو لە نوێکاریدا خەیاڵێکی داهێنەر هەبێت بتوانێ هەموو شتێکی ساکار و ساویلکە بکاتە شتی سوود بەخش، کەواتە نوێخوازی توانای داهێنانی شتی لەناوبەرشی هەیە.

یەکێ لەو هۆکارانەی نوێخوازی دەکاتە ڕوویەك لە ڕووەکانی هونەری هاوچەرخان ئەوەیە،کە نموونەیێکی شارستانی فیکری ئێستای ژیانی هاوچەرخانە،کە جەنگی جیهانیی هێنایە کایەوەو بووە هۆی گۆڕانکارییێکی فراوان لە ژیانماندا ئەو هونەرەیە دان بەلایەنی واقیعی تەقلیدیدا نانێت، لە ناوبردنی یاخود تێکشکاندنی کەسییێتی تاکە، ئەوهونەرەیە، کە شێواندن هێناویەتیەکایەوە، ئەو هونەرەیە کە واقیعی گۆڕی بۆ ژیانێکی نسبی،کەواتە نوێخوازی هونەری نوێکردنەوە،هونەری دوورکەوتنەوە لە لاسایی و هێنانەدی ئارەزووە شێواوەکانی مرۆڤ،کە هیچ سنوورێکی نییە بەم شێوەیە نوێخوازی نابێتە هونەری سەربەستی،بەڵکو هونەری پێداویستییە،دەتوانین بڵێین نوێخوازی دەکرێتە دوو بەش :

١- هەست پێکردن و چێژوەرگرتن لەو هونەرە بەپێ وەرگرتنی بیرەکانی ئەم سەردەمە.

٢- ناتوانێ چێژی لێوەربگرێ وادەزانێ هونەرێکی شاراوەیە .

هەروەکو لە خاڵی دووەمدا دەردەکەوێ ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا هەندێ لە نووسەران ئەم هونەرە نوێیە بەیاری منداڵان دادەنێن، بەڵام لەتەك ئەوەشدا ئەم

هونەرە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕاکردن لەلاسایی، رق لێبوونەوە لەخود، بۆیە بەهونەری پێشەنگ دادەنرێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی هەیەتی لەسەر خەڵك و كات و مێژوو. كەواتە نوێخوازی لەڕاستیدا گەورەترە لەوەی، كە تەنها داهێنانی ڕووداوێكی جوانی بێت ، بەڵكو كێشەی یان تەنگژەیەكی شارستانی و جوانییە لەیەك كاتدا، تەنگژەی بنیادی زمان و بەكارهێنانی،تەنگژەی یەكبوونی شێوەیە لە دواییدا تەنگژەی ستاتیكییە واتای كۆمەڵایەتی هونەرمەند خۆی.نووسەری نوێخواز هەوڵدەدات بەرهەمەكانی لەو كاروانە درێژە هونەرییەدا خاوەن شێوازێكی تایبەتمەند بێت ، بەڵام ناكرێ بەنوێخوازی بوترێ شێواز،بەڵكو هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەشێوازێكی تاكی تایبەت ئەمیش هەروەكو ئارڤنگ هاو دەڵێ :

**نوێخوازی نەهاتۆتەوە كایەوە بەشێوازێكی تایبەتی كارتێكەر، گەروا هاتبێتە كایەوە ئەوە خۆی لەخۆیدا كۆتایی نوێخوازییە .**

هەرلەبەرئەوەشە ئەو تایبەتمەندیانەی شێوەكار و نووسەر و شاعیرەكان لە كارەكانیاندا دەبینین تایبەتییەكی تاكییە لەگەڵ ئەو كارەی ئەنجامیانداوە ڕێكدەكەوێت وەكو بیكاسۆ– ئیلیوت– پاوەند...هتد. بەم شێوەیە ناتوانین تاكە شێوازێكی وەسفكراو بۆ هونەری ئەوسەردەمە دابنێین. بەو واتایەی نوێخوازی بزووتنەوەیە، كە هۆكار و تایبەتی و جیهانی خۆی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیووە بەرهەمێكی كەلەپووری و شێوازێكی تایبەت بێنێتە كایەوە لەڕاستیدا ئەمە بەشێكە لەهونەری هاوچەرخ نەك هونەری هاوچەرخ هەمووی .

ئەم بزووتنەوەیە بنەمای دیاری خۆی هەیە، كە لەسەری بنیاد نراوە هێمای جوانی یا جوانی هێمای وە تێروانینێكی پێشەنگی بۆ هونەر .

دواجار دەمانەوێ ئەوە ڕوونبكەینەوە كاتێك، كە باس لە نوێخوازی مەبەستمان ئەوەنییە، كە ئەو نوێخوازییە ڕەتكردنەوەیەكی تەواوی قۆناغی ڕابردووبێت،چونكە مەبەست لە نوێ ئەوەیە پێش خۆی ڕەت دابێت،یا داهێنانێكی نوێتری هێنابێتە ئاراوە.مەرج نییە بەرهەمێك لەلایەن شاعیرێكی دێرینەوە نووسرابێ بەكۆن لە قەڵەم

بدرێ و بخرێته خانەی ئێکسپایەربووەکان. بەڵێ ئەو تێکست و بەرهەمە نمونەییانەی کە بەداهێنان و بەرهەمی نەمر لە قەڵەم دراون، خۆهەن لەسەردەمی پێش مەسیحدا تۆمار کراون و مێژووییەکی زۆر کۆنیان هەیە، بۆنموونە لەمێژووی ئەدەبی گریك و ڕۆمان و میسری و چینی و هیندیدا چەندین شاکاری جوان وەکو داستانەکانی هۆمیرۆس و بەرهەمە شانۆییەکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆربیدس و چەندانی دی.

(**کۆمیدیای یەزدانی**) دانتی ئەلیجیری ١٢٦٣–١٣٢١، کە سەفەرێکە لەگەڵ (پیاتریسی) خۆشەویستی بەرەو ئاسمان و بریتییە لەچەند هەزار·بەیتە شیعر، ئایا دەتوانین بەدەقێکی زیندوو نوێی ئەژمار نەکەین؟ کەچی (دانتی) یەکێکە لە شاعیرە پێشڕەوەکانی ڕێنیسانس، ئەمەو چەندان بەرهەمی تر.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگە :

سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەك جا سیاسی بێت یا رۆشنبیری پێوستی بە پلان و بەرنامەڕێژی هەیە لەلایەن کەسانی شارەزاو لێهاتووەوە با سەرەتا بە شێوەیێکی ساکاریش بێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر برەوپێدان بەرەو گەشەسەندن و قوڵبوونەوە دەڕوات.سەرەتا بە(ڕوانگە) چۆن سەری هەڵدا چۆن  توانی دەستەواژەی ( **وتەی نوێ** ، **بیری نوێ** ، **کرداری نوێ**)ی بە خەڵکی ئاشنا بکات دەڵێین: بیرۆکەی ڕوانگە بۆ کۆتایی سالآنی شەستەکان دەگەڕێتەوە کاتێ ، کە کۆمەڵێ ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا دەژیان لەوانە (**کاکەمەم بۆتانی - حسین عارف - جەلالی میرزا کەریم**) لەو سەردەمەی هەموو دنیا هەژابوو چ لە لایەنی نوێخوازی یا لەلایەنی فیکری – سیاسی.. هتد، هەڵبەتە ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لە ئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ، لەوانەیش عێراق.بەم شێوەیە نووسەرانی کورد هەم لە وێستگەی گەڕانەوە بۆ کلتوری ئەدەبی خۆیان و بەهەمان شێوە بەسوود وەرگرتن لە ئەدەبی وڵاتانی دراوسێ هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە نا. سەبارەت بە داڕشتنی بیرۆکەی ڕوانگە **شێرکۆ بێکەس** دەڵێ :

**بیرۆکەکە بیرۆکەی هەموومان بوو ، ئێمە ئەو کاتە لە بەغدا دەژیاین وابزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە بارەکانی ئەبی نەواس سەری هەڵدا ئەوەی ڕاستی بێ پێموایە ئەوکاتە جۆرێك لە نائومێدی دروست بوو بوو لە لای هەر یەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە سیاسییەکان، ئێمە یەك سەقفی ئایدۆلۆژی کۆی نەکردینەوە.بەڵکو کۆمەڵێك گەنج بووین خەونمان هەبوو کە جۆرێك یاخی بووین لە ئەدەبدا ئەنجام بدەین بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی ماناو زماندا.**

ئاماژە بەسەرەتای سەرهەڵدان دەکات و دەڵێ :

ڕوانگە لە منداڵانی شەستەکاندا خوڵقاوە، بەڵام لەسەرەتای حەفتاکاندا لەدایك بوو ئینجا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێیگرت و هاتە ناو خەڵکەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕوانگە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەروازەییێکی نوێخوازی و نوێخوازی لەسەر شیعر و کورتەچیرۆکی کوردی کردەوە.ئەو ماوەیەی، کە ڕوانگە تیایدا لەدایك بوو زەمەنی کۆمەڵێك پرسیاربوو، کە خۆیان خستە دووتوێی مەیدانی ململانێیە سەختەکانی دنیا بەتایبەتی ئەو گەلانەی، کە هەستیان دەکرد لە شارستانێتی و پێشکەوتندا بە دواکەوتن و وابەستەبوون بە کۆمەڵگاکانی سەلەفیەت پێناسە دەکردو بەراگەیاندنی یاخی بوونێك ویستی لەو بازنەیەدا بپەڕێتەوە ئەوەی توانی کردی هەر لەم ڕووەوە ڕوانگەییەکان دەڵێن : ئێمە گرنگ نیە تاسەر لەگەڵ کاروانەکە بڕۆین گرنگ ئەوەیە ڕێی کاروانچیەکان ڕوشن بکەینەوە.گرنگ نیە ئەمە تونێلە گرنگ ئەوەیە چۆن چرایەك لەدەست بگرین بە خەڵك بڵێین ئەم مەئلوفیەتە دەربڕین .


واتە ڕوانگەییەکان خۆیان بەرێ نیشاندەر دەزانن بۆئەوەی دوای خۆیان و هاندانیان بۆ بەردەوامیەت و دەبرینی راو داهێنانی سەر دەمانە لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت.بەرپاکردنی ئەم تەوژمەو شۆڕشە نوێخوازیە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن دەستەیەك لە نووسەری پێشکەوتووخواز و یاخیبووی میللەتەکەمانەوە بوو، کە ئەوانیش : (حسین عارف ،شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزاکەریم ،جەمال

شاربازێڕی) بوون، کە بانگەوازی ئەو بزووتنەوەیان ئیمزاکرد و بڵاویان کردەوە.هەروەها ڕوانگەییەکان خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا پێویستە کۆمەڵ و ئەدەبیات لە قاوغی تەسکی و تێرامانی ناوچەیی دەرچێت بۆ ئەوەی پێشکەوتن ڕووبدات لە ژمارە ٣ ی گۆڤاری ڕوانگەدا دەڵێن:

**( ئەدەبەکەمان تا لە قاوغی تەنگەبەری ناوچەییدا بمێنێتەوە وە لەتاقی کردنەوە سەرکەوتوەکانی ئەدەبی تازەی جیهانەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت وەك ئاوی ڕاوەستاو بۆگەن ئەکات . ئێمە بەری ئاوی ڕاوەستاو بەرئەدەین تا برژێتە زەریای ژیانەوە ).**

بێگومان بۆ سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە نوێکارییەش کۆمەڵێك هۆکار دەوریان هەبووەو بوونەتە هاندان بۆ سەرهەڵدانی و هاتنەکایەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە بابەتی ئەدەبی لەوانە :

ڕێکەوتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دوای ئەند ساڵ وشك و برنگی و بێ بارانی ئەدەب و هونەر، لە چەندین لایەوە دەرگا کرایەوە لەوانە زیادبوونی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکان ، بزوتنەوەی شانۆ و هونەری شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد ، بەرێژەیەکی کەمیش ئازادی رادەربڕین باشتر بوو، ئەم وەچەرخانە گڕوتینێکی تازەی دا بۆ وەچەرخان و رادەربڕین و جووڵان ئیتر لێرەوە بیرۆکەی بانگەوازی ئەدەبی تازە بووە جێی مشتومڕ و لێدوان، هەروەها هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی تەمەنیان، هەموبان گەنج بوون و خولیای نوێخوازی بوون ، جگەلەمەش ئاشنابوونیان بە هەندێك لە نووسەرانی ئەو کاتەی جیهان وەکو ئەلبێرکامۆ ، لامارتین ، وێڵسۆن ، سارتەر .. هتد)، کە لە چڵەپۆپەی ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ئاستی رۆشنبیرییان برەو پێبدەن .



**شێرکۆ بێکەس**

گۆڤاری ڕوانگە کەوتبووە بەر تیرۆژی ڕەوتی سەردەمی باوی حەفتاکان، ئەوسەردەمەی کە فەلسەفەی و جودی و فیکری نوێ دنیای هەژاندبوو،**کاکەمەم بۆتانی** لەم بارەیەوە دەڵێ :

پەیوەندیمان بە شاعیرە نوێخوازەکان بە تایبەتی (**فاضل العزاوی**) زیاتر هانی ئێمەی دەدا بۆ نوێخوازی هەرچەندە کاکەمەم بۆتانی ئاماژە بۆ قوتابخانەی دادایزم و

سوریالیزم دەکات و کارتێکردنی بەسەریان، بەڵام ئەمیش ڕاستەوخۆ نەبووە بەڵکو لە کەناڵی ترەوە ئەم قوتابخانە کاری تێ کردوون لەبەر نەزانینی زمانی ئەورووپی کەواتە کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی زیاتر بووە لەسەریان لەڕێگەی ئاشنابوونیان بە بەرهەمەکانیان.

**شێرکۆ بێکەس** دەڵێ :

**کەوتینە بەدوا داچوونێکی وردەوە پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩) ی شیعری عێراقی بێتەکایەوە ، ئێمە موتابەعەی گۆڤاری (الشعر) ی (ئەدۆنیس) مان دەکرد.جۆرێك لە دەرگای تازەکردنەوەی کردبۆوە هەروەها میسریەکانیش گەلەری (٦٨) یان هەبوو ئادابی بەبیر و شتمان دەست دەکەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە هاتنەکایەوەیەکی بەزۆر نەبوو ، سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئەدەبی هێنایەکایەوە.**

کەواتە هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە بوون به فاکتەر بۆسەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە نوێخوازییە.گەرچی زۆرێك لە نووسەرانی ئەو دەمە وایان لێکداوەتەوە، کە ڕوانگە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە،بەڵکو پاشماوەی قوتابخانەی گۆرانە و لێی جودا نابێتەوە لەم بارەیەوە (**د. عزالدين مصطفى رسول**) دەڵێ :

**بەلای منەوە تائێستا شتێکی ئەوتۆمان لە بەردەستا نییە کە لە ڕووی پەیڕەو و یەکێتی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێی دەڵێین ئەدەبیاتی پاش گۆران. لە ڕووی فۆرم و زمانەوە کردنەوەی گۆران و قوتابخانەی گۆرانن.**

بەلای ئێمەوە ئەو بزووتنەوەیەی د.عیزەدین تا ڕادەیەك ڕاستە لەوەی کەوا نووسینەکان پەیڕەوکردنی گۆرانن،چونکە هەروەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە هەر بزوتنەوەیەکی نوێ، کە سەرهەڵدەدات هەڵبەت نکۆڵی تەواو لە قۆناغی بەر لە خۆی ناکات و زۆر شتی لێوەردەگرێ و هەوڵی باشکردنی ئەوانەی تریش دەدات، بۆیە ئێمە ناڵێین ڕوانگەییەکان لاساییکەرەوەی دەقاودەقی (گۆران)ن و پەیڕەوکەری ئەون ،


چونکە کەم یا زۆر ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە هێنانەکایەی بابەتی تازە کە لە داهاتوودا باسیان دەکەین هەبووە .

(**عەبدڵڵا پەشێو**)، کە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ساڵانی حەفتا بووە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆی دەربارەی گۆران و تەجاوزەوە دەڵێ :

باوەڕم بە تەجاوز نیە، ئەدەبیات بەگشتی بریتی یە لە ئیزافات شتێك دەخەمە سەرئەوەی هەیە هەر کەسێ لەسەردەمی خۆی دەژی .(**گۆران**) وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی دایەوە بە کەرەسەیەکی ڕادەبەدەر جوان ئێمەش رەنگە بتوانین وەڵامی پرسیارەکانی ئێستا بدەینەوە بەوکەرەسانەی لەبەردەستمان دان. بەم شێوەیە باوەری بەتەجاوز نییە،بەڵکو بەلای ئەو زیادکردنی (خستنەسەر) داهێنان لەسەر ژانرەکان و هەر سەردەمێك دەتوانێت بە کەرەسەی تازە و سەردەمانەی خۆی وەڵامی گۆڕانکارییەکان بداتەوە و شان بەشانیان هەنگاوبنێ.کەواتە ڕوانگەییەکان بەتەواوی پەیڕەو و لاسایی قوتابخانەی کۆن نەبوون، بەڵام کەم تا زۆر سوودیان لە قوتابخانەی گۆران بینیووە و دانیان بە گەورەیی گۆراندا داناوە.

## سیماکانی نوێخوازی بزووتنەوەی ڕوانگە :

سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەك پەیام و ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، پەیامی ڕوانگەییەکانیش بریتی بوو لە بلاْوکردنەوەی بانگەوازی نوێخوازی و دەربڕینی ئەو هەستە پەنگ خواردووەی کە لە دەروونیاندا قەتیس مابوو ، ئەو نوێخوازییەی کە ڕوانگەییەکان ئەنجامیاندا بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە شیعر و چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە، کە ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لایەنی روخسار و ناوەرۆکی شیعری ڕوانگەییەکان لە ڕووی نوێکارییەوە نیشان بدەین .



**عەبدوللا پەشێو**

**رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکان:**

**١- زمانی شیعری:**

ڕوانگەییەکان هەوڵیانداوە زمانی شیعرییان دەوڵەمەند بکەن بە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی نوێ، کە پێش خۆیان نەبوون گومان لەوەدا نییە، کە زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی قسەکردن جیایە، بۆنموونە، کاتێ شاعیر دەڵێ : **خانووی ناو سەرم** ، ئەمە بەدەرە لەمەنتیقی قسەکردنی ئاسایی، بەو واتایەی تەواو زمانی شیعری زمانێکی

مەجازییە، هەروەها شاعیران دەیان وشەی وەك : گیڤارا – عیسا – پۆلیڤیا – ڤیتنام – زەردەشت– ئاوێستا، هاتە کایەوە، کە زۆربەیان بەهۆی بارودۆخەکەوە بوون لەڕووی بەکارهێنانی وشەی نوێ.

**ڕەفیق سابیر** لەشیعری (سکالآی ئەستێرەیەکی ساوا) دا دەڵێت:

**خۆشەویستم..دوێنێ ئەوئەستێرەی سیلاوی**

**ئاسۆی ژیان**

**دوا فرمێسکی قەتیس ماوی**

**چاڵی .. چاوی**

**ڕژایە ناو...دەمی نەهەنگی شەولەبان!**

**٢- کێش:**

شاعیران کێشی خۆماڵییان بەکارهیناوە. لەڕووی جۆری کێشەوە (**فەرەیدەون عەبدول بەرزنجی**) دەڵێ:

ئەوەی گرنگە گیرسانەوەی هۆنراوەی ئازادە بەدوو کێشی خۆماڵییەوە، کە ئەو دوانەش بریتین لە کێشی هەشت بڕگەیی ٤+٤ و کێشی دەبڕگەیی ٥+٥ هۆکاری خۆبەستانەوەی شاعیران بەم دوو کێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەئاسان لەتکردنی ئەم دووکێشە بۆ دوو پێی چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی.

**جەلالی میرزا کەریم** دەڵێ:

**هێشتا منالْ بووم**

**چۆلەکەیەکی بیْ پەڕوبالْ بووم**

**تەماشای ژیان....گەڵارێزانی**

**تەماشای گریان ....رانم ئەزانی**

**ئەوەی لام خۆش بوو**

**حەماموکێ بوو.....خۆڵەپەتانی**

**٣-سەروا:**

لەم قۆناغەدا شاعیران لە بەکارهێنانی سەروای ئازاد لە شیعرەکانیاندا ئازاد بوون، گەرچی لەقۆناغی پێش ڕوانگەش ئەم جۆرە سەروایە بەکارهاتووە، بەلأم بەشێوەیەکی فراوانتر لای شاعیرانی ئەم قۆناغە دەبینرێت وەك ((شێرکۆ بێکەس،عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، ئەنوەر قادر جاف ....هتد)) لە هۆنراوەکانیاندا سەروا بیرو هەست و سۆزی شاعیران بەند ناکات ئەوەی سەروا داوا دەکات هەستی دڵی شاعیرەو بەس نەك قاڵبێکی سنورداری داسەپێنراو، هەروەکو (شێرکۆ بێکەس) یش ئەمە روون دەکاتەوە کەوا (هاتنی قافیە دوور لە داتاشین و بڕیارێکی لەمەوبەر بابێتە ناوەوە،چونکە لەم حاڵەتەدا قافیە دەبێتە بەهێزی نەك بێ هێزی مەرجیش نییە ئەم قافیەیە هەر لەکۆتایی بێت جاری وا هەیە ئەبنە لکێکی ئاوازەکانی ناوەوی شیعرو دەنگی شەپۆلەکان خۆشترئەکەن .

**عەبدڵلا پەشێو** لەم هۆنراوەیەدا دەڵێ:

**خۆشەویستم**

**بیستم لە پیاوێکی گەڕۆک**

**لە لای ئەوان ، کچانی کۆک**

**لەباتی گوڵ، هۆنراوە ئەدەن لە بەرۆک**

**گەورەکانیان**

**بۆ پەیکەری هونەرمەندێ دێنە..سەر چۆک**

**خۆشەویستم**

**لە گشت کوردستانا**

**لە مەڵبەندی..**

**( بێ کەس) و ( حاجی ) و ( گۆران ) دا**

**گەر بگەڕێی سەر تاخوارێ ، وەک غەریبێ**

**قەت نابینی**

**پەیکەرو ناونیشانی**

**٤-هونەری ڕەوانبیژی :**

شاعیران زیاتر خواستنیان بەکارهیناوە،بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚ کەوا هونەرەکانی تری ڕەوانبیژی وەك (لیکچواندن،خوازە،درکە...هتد)یان بەکارنەهیناوە،بەڵکو شاعیران بەشیوازی ترو دەربڕینی جیاواز لە هی پیشوو بەکاریان هیناون ،چونکە شاعیری ئیستا ...غەمی گەورەی خولقاندنی ئەو پەیوەندیانەیە، کە ئاماژە بۆ حاڵەت یا هەڵویست یا مەزەندە دەکەن زۆربەی حاڵەتەکانیش زەنگیکە لەشاعیرەوە بۆ دۆخی گشتی سۆزی یا دەرونی یا بیری کەدەیەویٚ بەخوینەری بگەیەنیٚ ...)).

لیرەدا ئەم هۆنراوەیەی **شیرکۆ بیکەس** دەکەینە نموونە کە دەڵیٚ :

**تاوان ....تاوان**

**کاتیٚ بیشەی چڕی تاوان**

**دەس دەنیتە بینی ژیان**

**چنگ ئەخاتە،جەرگی ئاسۆی**

**بەرەبەیان**

**دەریای....ئاگر**

**بەر ئەخاتە خەرمانی ڕەنج**

**سامالٚ....ئەمریٚ**

**گەنم .....گیانی هەڵئەقرچیٚ**

**زەوی....بۆتنۆکیٚ باران**

**بۆدڵۆپیٚ**

**شەپۆڕ.....ئەکا...**

دەتوانین بڵیین شیعری نویٚ لەگەڵ لەدایك بوونیدا ڕەوانبیژی تایبەت بەخۆی دینیتە گۆڕیٚ و هیچ پیشمەرجیٚ لەبەرچاوناگریٚ، بۆیە دەتوانین بڵیین وینە لەشیعری نویدا بەزۆری خۆی لەجوینەوەو لاسایی کردنەوە ڕزگار دەکات ، شاعیران زیاتر بەدوای وینەی نیٚ دەگەڕین .

**شێرکۆ بێکەس** دەڵێ:

**بەاداس‌ام وت**

**لەبەر چی وا کۆم بوویتەوە ؟**

**وتی: لەدروێنەدا وام لیٚ هات!**

**بەا هەڵەکۆک ‌ام وت**

**تۆ بۆچی واتەمەن کورتی**

**ونی: بۆچی لە دوای بەفر**

**ژیان تامی تیا نەمێنیٚ**

**ب- ناوەڕۆکی شیعری :**

لەم قۆناغەدا ناوەڕۆکی شیعری هاوشان لەگەڵ ڕوخساردا ئەمیش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.لەم قۆناغەدا زیاتر جەختیان لەسەر کێشەکۆمەڵایەتی و ڕامیاری و —هەستی مرۆڤایەتی — شارستانیەت و پێشکەوتن — هەڵڕشتنی هەگبەی تورەیی — ژیان و مردن ..هتد)دەکردەوە لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو لایەنانە دەکەین:

١— لە شیعری شاعیرانی ڕوانگە دیاردەی یاخیبوون بەدی دەکرێت یاخیبوونیش لەم قۆناغەدا خۆی لەدووجۆری تایبەتی دەدۆزێتەوە ((یاخی بوونی کۆمەڵایەتی و یاخیبوون دژ بەدەسەڵاتی سیاسی ))، بۆ نموونە باری دواکەوتوویی کۆمەڵ کاردەکاتە سەر **شێرکۆ بێکەس** و بۆیە دەڵێت :

**سەعات ژمێر ورد ورد ئەڕوات**

**تەمەن لەگەڵ خۆیدا ئەبات**

**پیاو لەسەر کورسی تەمەڵی**

**هەموو گیانی باوێشک ئەدات**

٢— ڕوانگەییەکان ڕوحێکی ڕەخنە گەراییان تیابوو کەئەمەش هۆکارێکە بۆباشتر کردنی نووسین و ئەدەبیات ،**کاکەمەم بۆتانی** ئاماژە بەوە دەکات کەوا:

(ڕوانگە ئەڵێت: قوڵ بیربکەرەوە ،بەچاوی ڕەخنەوە تەماشای ژیان و کردەوەی مرۆڤ بکە ، بۆئەوەی بەقوڵی و ڕاست گۆی بنووسی وەلەشێوەیەکی ئەدەبی نوێدا دای بڕێژی ((بیری نوێ ، وتەی نوێ ، کرداری نوێ))،

بێگومان هەر ئەم هاوارەی ڕوانگەییەکان بوو کەوا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ دەنگی دژو نەیاریشی جوڵان کەتائەو کات بێدەنگ بوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرەتای ڕێگەیەکی با تەنگ و باریکیش بێ لەبەردەم ڕەخنەی کوردیدا بکاتەوە و بۆ یەکەمجار لەدوای چەندین ساڵی نەبوونی دیالۆگ و ڕەخنە جۆرێك لە مشتومڕی ئەدەبی و رای جیاواز بێنێتەکایەوە.

**٣-بەستنەوەی هەست و خەباتی نەتەوەیی بە خەباتی نێونەتەوەیی :**

لە شیعرەکانیاندا هەستی خۆشەویستی مرۆڤ بۆمرۆڤ و هەستی قوڵی مرۆڤایەتی لەبەرهەمەکانیاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست پێدەکرێ، هەمیشە هەوڵیانداوە خەباتی گەلی خۆیان تێکەڵ بەخەباتی گەلانی جیهان بکەن و جیهان بکەنە نیشتیمانی دووەمی خۆیان و لەسنووری بیری تەسکی ناوچەگەرییێتی ڕزگار بکەن و خۆیان بهاوێژنە ناو ئامێزی جیهانەوە،بۆ نموونە ئەم پارچە شیعرەی (عەبدوڵلا پەشێو)،کە بە چاوێکی دووربینانە دەڕوانێتە میللەتانی ئازادیخواز وە ئاواتەخوازە پاش ڕزگاری میللەتەکەی چەکیان بۆهەڵگرێت و شەڕیان بۆ بکات دەڵێ:

**کەڕزگاربووم**
**لەو گەردەلوولەی...تێی کەوتووم**
**ئەوسا بڕۆم**
**تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا**
**نەک هەر لەوێ**
**لە جەنگە چڕەکانی....ناو ڤێتناما**
**لە ئەفریکای ، قولەڕەشا**

**له ئەریتریای ، بیٚ بەهارا**

**له هەرخاکێک دۆلار بژی**

**بژێنمەوە سەد ((گیڤارا))**

**٤- مەزراندنی هێما(ڕەمز):**

شاعیرانی ڕوانگه زیاتر لەچاو قۆناغی پێش خۆیان ئاوڕیان لەو مەسەلەیە داوەتەوە وەك (رەمزی ئەفسانەیی، رەمزی ئایینی، رەمزی مێژوویی،رەمزی کلتوریی..**هتد**)) شیعرەکانیان پڕیەتی له رەمزی جیاجیا شاعیر پەنای بۆ بردووە تاوەکو لەپشت ئەو ڕەمزەوە مەبەستی تایبەتی خۆی بپێکیٚ.. بۆ نموونه (**صلاح شوان**) لەشیعرێکدا بەناونیشانی(لەڕوانگەی یاخیبوون و شۆڕشی مەرگەوە).(ئاتەش گەدەو زەردەشتی) وەکو ڕەمزێك لەبری شۆڕش بەکارهیناوە دەڵیٚ :

**چاوەکانت**

**دوو بۆمبایه**

**بەدوای ئاتەش گەدەی**

**زەردەشتەکەی کوردستانا**

**بەبیٚ وچان ،هەر ئەگەڕێش**

٥- لەڕوی ڕووخسارو ناوەرۆکەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا پێویستە ڕوخسارو ناوەڕۆك تەواوکەری یەکتربن و لەیەکتر جیانەکرێنەوە هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ بن و بەیەکەوە لەدایك بن جا لەبەر ئەوە دەڵێن :

**شێوەو ناواخنی ئەدەبی تێکڕا ئەبێت له کۆڕی ژیان و بزووتنەوەو تازەکردنەوەدا پەل بهاوێن و نەش و نما بکەن .**

٦- زۆربەی شیعرەکانی گۆڤاری ڕوانگه بەتایبەتیش ئەوانەی لەهەرسیٚ ژمارەکەی گۆڤاری (ڕوانگه)دا بلاْوبونەتەوە ، ئاڕاستەی کەسێك دەکرێت ، شاعیر قسەکەرە هەر بۆ قسه بۆکراوەکه دەدوێت ...ئەم شێوازە لای شاعیرانی ڕوانگه بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونه ((**ڕەفیق سابیر**))لەشیعری ((سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو ))دا ئەمە بەڕونی دیارە، دەڵیٚ:

**خۆشەویستم...ئەستێرەکەی ئاسۆی ڕەشمان**

**لەناو قوڵای زیندانی**

**دەروونی مردووی بیٚ گیانی ی**

**بەتاساوی**

**چەند وشەیەکی خنکاوی**

**چرپاند بەگوێی خەوتووەکان.**



**رەفیق سابیر**

له هەموو ئەو هەولّانە بۆمان دەردەكەوێت كەوا ڕوانگەییەكان كارییان كردووە بۆتازەكاری لەڕوخسارو ناوەڕۆكی ئەدەبی وەلەكۆمەڵ بەگشتی بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان كردووە كەپێویستە نووسەران لەبەرهەمەكانیان چاونەترسانە بەرەنگاری دیاردە ناشیرینەكانی كۆمەڵگا ببنەوە بەردەوام هەنگاوی گۆڕان و پێشكەوتن بنێن ، چونكە ڕوانگەییەكان خۆیان هەڵگری چەند پەیامێكی مەزن بوون داوای درێژەپێدانی نووسەرانیان دەكرد لەوانەش (جوان پەرستی ، نوێ خوازی ، سەربەستی و ئازادی، شۆڕشگێڕی.....هتد).

**ڕوانگە لە نێوان یاران و نەیارانیدا :**

سەرهەڵدان و هاتنەكایەی هەر بزوتنەوەیەك سا ڕۆشنبیری،سیاسی،...بێگومان لای هەمووان ڕاستەوخۆ پێشوازی لێناكرێت و زۆرجار نەك تەنها بەقەبوڵ نەكردن و بەس بەڵكو دەیان بلاّوكراوەی لەسەر دەنووسرێت و ڕەخنەی توندی ئاڕاستە دەكرێت .

ڕوانگەییەكانیش وەكو هەر بزوتنەوەیەكی ئەدەبی ڕووبەڕوی كۆمەڵێ ڕەخنە بوونەوە، وەكەم تازۆر لەلایەن لایەنگرانی ڕوانگە وەلّام دراونەتەوە كەلێرەدا چەند نموونەیەكیان دەخەینە ڕوو :

**شێركۆ بێكەس** لەكۆمەڵە وتارێكدا لە ڕۆژنامەی هاوكاری بەناوی (( **ڕوانگەو كوێرە ڕەخنە**)) زۆر خاڵی گرنگ و دەروازەی تازەو پرسیاری نوێ دەوروژێنێت كە لەبەیاننامەكەدا باسی ئەوانەی تێدانییە سەرەتا بەڕەتكردنەوەی ئەو پێو دانگە سیاسیە دەست پێدەكات كە ((**فازڵ مەلا مەحمود**)) داكۆكی لێدەكات و دەڵێ :

**(هەر بەوەی، كە بە مستەوای خۆیان !وە بۆ نزیكەی پەنجا كەس لە خوێبدەواران ئەنووسن ).**

**بەو واتایەی ڕوانگە تەنها بۆ چینێكی دیاری كراوی كۆمەڵ دەنووسیّ، كە ئەویش چینی ڕۆشنبیرانە، هەرچی جوتیاران و كرێكارانە پشتگوێ یان خستووەو هیچیان بۆ نانووسن، هەر بۆیە ناوی ڕوانگەیان ناو (وردە بورجوازی)).**

**شێرکۆ بێکەس** لەوەڵامی ئەو رەخنەیەدا دەڵێت:

ئایا لێکدانەوەی کاك فازڵ بەرامبەر بەئەدەبی ڕوانگە لەو سنورە تەنگەبەرەوە نەهاتووە، کە تەنیا لەیەك گوتەوە ئەڕوانێتە جیهانی ئەدەب بەرهەمی ئەدەبی یەك ڕەنگ و بەرگ ناپۆشێ. ئینجا دوای ئەمە دێتە سەر دیاریکردنی هەڵوێستی بەرامبەر چەند مەسەلەیەکی شیعری وەك ( رەتکردنەوەی ئەو شێوە دەربڕینە سادەو ساکارانە کە ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەگرێتە خوارەوە بۆ ئاستی نووسینێکی ئاسایی بە بیانووی گەیاندنی ئاستی مەبەستەکان بەشێوەیەکی ئاسان ،چونکە ئەمان ئەیان نووسیت خوێنەر هەر گوێگر نەبێت بەڵکو وەك نووسەرێك ڕۆڵ ببینێ و ماندووبێت بۆ تێگەیشتن لێی، ئەمانە ئەیان نووسیت کۆمەڵگای کوردی چاو بکاتەوەو ئاگاداری پێشکەوتنی ئەدەبی ئەوروپی و جیهانی بێت وەك ئەوان لەخەباتدا بن بۆ پێشکەوتنی ڕەوتی ئەدەبی .

هەروەها یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕوویان بووەوە کەوا:

**( ڕوانگە ڕەتکردنەوەی کەلەپوور بوو وە هەموو کەلەپوور ڕەتدەکەنەوە).**

بۆ وەلأمی ئەم ڕەخنەیە شێرکۆ بێکەس دەڵێ :

**با بگەڕێینەوە بۆ بەیان نامەکەمان کە گوتومانە ((کۆن بەلای ئێمەوە لەپێوانەی بابەتەکانی ئەدەبداهەرئەوە نییە کەکوێرانە یاخیبوونێکی دژ بەرپابکەین ئێمە بڕوامان هەیە کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشتێك بوون بۆڕێرەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لەمناڵدانی ئەو لەدایك بوون و لەباوەش ئەودا کەوتونەتە گڕوگاڵ )).**

یاخود هەندێ لەڕەخنەگرانی ئەودەمە تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵیان کە تەنها هەستاون بەکاری لاسایی کردنەوەی بەرهەمەکانی ((کامۆ، وڵسن، سارتەر و مۆرافیا ...)، صالح علی گولی دەڵێ :

**(لەشێوەی هۆنراوەی نوێی عەرەبی و ڕۆژئاوایی وەرگیراوە).**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش دیسان شێرکۆ بێکەس روونکردنەوەی زیاتر دەخاتە ڕوو:

**(تازەکردنەوە لەئەدەبی کوردیدا نابیّ لەدۆستایەتی پەیداکردن لەگەلّ ئەدەبی تازەی دنیادا خۆی دورە پەرێز بگرێت ، بەمەرجیّ ئەو دۆستایەتییە نەبێتە جێگای لاسایی کردنەوە ، ئەدەبی تازەمان دەبیّ سەرچاوەکەی لەئێش و ئازارو ئاواتی خۆمانەوە بڕژێتە زەریای ئەو ئەدەبە جیهانییەوە.)**

ئەمانەو چەندین ڕەخنەی دی ڕووبەڕووی ڕوانگەییەکان بۆتەوە .

**ئە نجام**

١- هەولّدان بۆنوێکردنەوەی ئەدەب لەڕوی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە .

٢- سەرهەلّدانی گیانی یاخیبوون لەلایەن ئەدیبان دوای چەندین سالّ لەبێدەنگی و نەبوونی دیالۆگ و کردنەوەی دەروازەیەك لەبەردەم ڕەخنەی کوردیدا.

٣- ودیان لەئەدەبیاتی پێش خۆیان وەرگرتووە بەتایبەتی ئەدەبیاتی نوێکاری((گۆران))بەلّام کەم تازۆر خۆشیان داهێنانیان ئەنجام داوە و لاسایی کەرەوەیەکی کوێرانە نەبوون

٤- پەیوەست بوونیان بەبابەتە سیاسییەکان زیاتر لەجوانی سروشت و شتەحسیەکان.

**سەرچاوەکان**

**کتێب:**


١- ئاسۆ جەبار ، تازەگەری (کلتورو وێناکردن) ، چاپخانەی تیشك ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٢.

٢- شادمان قادر حەسەن،بزووتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێی کوردی،زنجیرەی چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠١.

٣- محمد وەسمان، نوێگەری کۆمەڵە وتار، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی ٢٠٠٥.


**گۆڤارەکان:**


١- ڕێزان عوسمان مستەفا، بەراوردێك لەنێوان جموجۆڵی گۆڤاری ڕوانگەو وێران، گۆڤاری ڕامان، ژ٤٠ ، ١٩٩٩.

٢– شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم ،ڕوانگەو چەند ئاوێنەیەکی بیرەوەری ئەو کاتە، گۆڤاری (ئاینده) ، ژ٧٩ ، سلێمانی ، تەکوزی ٢٠٠٨.
٣– موحسین ئاوارە ، کۆن و تازە لەشیعردا ، گۆڤاری (نووسەری نویێ) ژ(٢٣) ، هەولێر ، پایزی ٢٠٠٤.
٤– گۆڤاری ڕوانگە، ژ ١– ٣ ، مطبعة النعمان ، النجف الاشرف.

**نامە ئەکادیمییەکان**

١– شەرمین ئیبراهیم عەزیز، پەشێوو تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی پەروەردە،٢٠٠٤.
٢– عەلی تاهیر حسین، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان ،٢٠٠٠ .

# ڕوانگە و جموجۆڵی ئەدەبیی حافتاکان

کاکەمەم بۆتانی

( ١ )

ماوەیـەکی زۆر بـوو قوتابخانـە ئـەدەبی وفەلـسەفییەکانی ئـەوروپاو تازەکردنـەوەی ئــەدەبی دراوســێ و بۆچــوونەکانی(ئــەۆنیس)و...باســی ســەرەکی خــوان و مــەزەی دانیــشتنەکانمان بــوون. شــێرکۆ بێکــەس و حوســێن عــارف سوارچــاکی مەیدانەکــە بــوون..لەســەر رۆشــنایی تازەکردنــەوەی ئــەدەبی، بەرهەمــە ئەدەبیــە کوردیــەکانمان هەڵدەسەنگاند..گەیشتنە ئـەوەی کـە پێویـستە ئـەدەبی نەتـەوەییمان لـەو جخـزە گـیر نــەخواو لــە شــێوەو ناوەرۆکــدا بــەرەو پــێش بــچێ..لەســەرەتادا لێــك نزیــك و دوور دەکەوتینەوە،چونکە بۆچـوونە فکرییـەکانمان یـەکتری نەدەگرتـەوە..بـەڵام تـا دەهـات بۆچوون روونتر دەبۆوەو شوێن پێی تازەبوونەوەمان وەدیار دەکەوت.

لاوەکانی بەشی کوردی زانکوی بەغداو بـەرێزان **کـەمال رەئـوف و لـەتیف حامیـد و عەبدوللا عباس و دکتۆر ئیحسان فوئاد**..نەك هەر لێمانـەوە نزیـك بـوون، ئاگاشـیان لـە مـشتومڕ و هـەنگاوەکانمان بـوو. لەسـەرەتای حـەفتاوە بـە تـەواوی پلانـە ئەدەبییەکـە دارێژرا. شێرکۆ لە هەموومان بەجۆشتربوو. بۆئەوەی هـەنگاوی نوێمـان بەبانگـەواز بـێ، چونکە لەوسەردەمەدا بانگەواز بـاو بـوو، بۆیـە لاریـم لـەوە نییـە کـە رەنگـە دەرکردنـی بانگـەواز جـۆرە لاسـاییەکی (دادایـی)و بـەیانی شـیعریی بـووبێ، بـەڵام رەخنـەگرێکی ئــەدەبی بەســانایی دەتــوانێ، نــاوەرۆکی بانگــەوازی ڕوانگــە لــە قوتابخانــە ئەدەبییــە ئەوروپی و عەرەبییەکان جیا بکاتەوە.

پــاش بڕیــاردانی بانگــەوازە، شــێرکۆ کارەکــەی خــستە ئەســتۆی خــۆی. لــە دوو کۆبونەوەی چوار قۆڵیدا (شیرکۆ.حسێن.جەلال.بەندە) تێـرو پـڕ قـسەمان لەسـەر کـردو دەستکاریی هەندێ وشەو رستە کـراو پـاکنووس کرایـەوە. رووی شـیعریی بانگەوازەکـە هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە شێرکۆ نووسیبووی. دنیای شیعریش لە چیرۆك داماوتر بوو.

ئەوسا..باشترین شوێنی بلاَوکردنەوەی بەرهـەمی ئـەدەبی، هەفتەنامـەی **(هاوکـاری)** بوو، کەمال رەئوف سەرپەرشتی لاپەرە ئەدەبییەکانی دەکـرد. کـاك شـێرکۆ بێکـەس و جـەلال مـیرزا کـەریم چـوونە لای و بـۆ یەکـەم جـار یانگـەوازی نـەوەی نـوێی ئـەدەبی و

ڕۆشنبیریی دی، پێیدا کوتا کە دەبێ ئەویش بەشداری بکا. زۆریان لەگەڵ کرد، نەهاتە راێی!.. ناچار رازی بوون لە ١٩٧٠/٤/٢٥ (**بانگەوازێك لەڕوانگەی لە ئەدەبی کوردی نوێمانەوە**) بلاوکرایەوە. بانگەوازەکە (بۆ یەکەمجار لە ئەدەبی کوریدا وشەی ڕوانگە بەکارهێنرا، زوو کەوتە سەر زاران) لە دنیای روناکبیرییماندا بلاوبۆوەو دەنگی دایەوەو بووە باسی رۆژانەی هەموو کۆڕو کۆبوونەوە ڕووناکبیرییەکانی بەغداو ناوچەی سۆرانی کوردستانی باشوور. نەك هەر لەبەر ئەوەی کومەڵە ئەدیبێکی دیاری کورد بلاویان کردبۆوە، بیروبۆچوونی نوێشی تێدابوو. لەماوەیەکی کەمدا سێ هەلوێستی لێکجیا دەرکەوتن.

گروپی ئەدیبە دیارەکانی کورد (بەتایبەتی شاعیران)و هەندێ لە دەستەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد نەك هەر دژی وەستان، تۆمەتی گەورەشیان دایە پاڵمان (هەرە هێمنەکانیان بەپیاوی بەعس ناوزەدیان کردین!) بێ ئەوەی تۆسقاڵێ بەرهەم و نیشتمانپەروەریمان رەچاو بکەن یان بەلایەنی کەمەوە حسێبێ بۆ: کاژیکیی شێرکۆ و شیوعیەتی حوسێن و پارتایەتی باڵی سەرۆکی جەمال بکەن (جەلال و من لە لیستی رەشیاندا بووین و بە باڵی مەکتەبی سیاسیان لە قەڵەم دابووین) هەندێکیان بە چەواشەی شۆڕشیان دەزانین!..بەلاّم زۆربەیان، مەبەستیان نەبوو، وەیاندەزانی کەف و کولی هەرزەکارانەیەو دەپوکێتەوە ، کە دەکەوتنە قسەش، هەرجارێ بەلایەکدا دەکەوتن.

گروپی ئەدیبانی لاو( بەوانشەوە کە وایاندەزانی بەڕەمان لەژێر پێ راکێشاون) نەك هەر بانگەوازەکەیان لەئامێز کردو لە دەوری کۆدەبوونەوەو لە ئیمەش گەرمتر لە هەنگاوەکە دەکردو (ئەگەر بەرگرییان لەئیمەش نەکردایە) ئالای نوێ کردنەوەیان دەشەکاندەوە!

گروپی ڕووناکبیرو نووسەرانی چەپرەو (بەهەموو شێوەو پەیوەندییە رامیارییەکانیانەوە) لە ژێر رۆشنایی بیروبۆچوونی چینایەتی و نەتەوەیەتیاندا، بانگەواز و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕوانگەیان بە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەدەبی

دەوڵەتانی سەرمایەدار دەزانی،کە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی چینایەتی ونەتەوایەتی کوردستانی باشووردا ناگونجێ.هەرە نزیکەکان بە ئەدەبێکی وردە بۆرژوازی لە قەڵەمی دەدا..زۆربەی مامۆستایانی بەشی کوردی زانکۆی بەغداش لەهەنگاوەکەمان دوودڵ بوون.لەو ڕایە نەبوون،کە بتوانین شوێن پەنجەمان لەئەدەبی نەتەوەدا دیاربێ!

لەهەفتەی دوای بانگەواز، کەمال ڕوونکردەوەیەکی بڵاوکردەوەو پاشگەزبوونەوەی ڕاگەیاند. ئێمە نەك لەڕوومان نەدا، لە ناخیشدا پێمان خۆشبوو، کە هەر لە سەرەتاوە هەڵنەچووبا و برادەرانی ناچار نەکردایا..

لاوانی ئەدەبی تازەپێگەیشتووی کەم تاقیکردنەوەو ئەدەب دۆستەکان، بەناوی ئەدەبی نوێخواز، بەرهەمی کزو لاوازو تەمومژاوی و رستەی بێ مانایان بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنارد.هەندێکیان بڵاویش دەبوونەوە.دژە ڕوانگەییەکان دەیانکردە دەستکەلایان و ناوی ڕوانگەیان پێدەزڕاند.بۆ گاڵتەوگەپ هەندێکیان ئەزبەر کردبوو یان بۆیان زیاد دەکردو وەك نموونە دەیان هێنایەوە..بۆچوونە ئەدەبییەکانی ئێمەشیان چەواشە دەکرد!..بە جۆرێ بەرهەمەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەکران، نەماندەزانی چۆن لە خوێنەری ڕاستەقینەو ڕەخنەگرە دڵسوزەکان بگەێنین ، کە ئەوانە پەیوەندییان بەبیر و بۆچوونەکانی ڕوانگەوە نیە!

ئێمە خۆمان بە دۆستی بیر و بۆچوونی پێشکەوتووخوازی کوردستان دەزانی و لە بانگەوازەکەشدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشابوو.چاوەڕوانمان دەکرد.هەموویان بەگشتی و چەپڕەوانیان، بەتایبەتی دەستی دۆستایەتی وهاریکاریمان بۆ درێژ کەن.بە هەموومان دژی ئەدەبی وشك هەڵاتوو و کۆنەپەرست بوەستین،ئەدەبی چەواشەی چینایەتی ونەتەوایەتی کزکەین،بەڵام بە پێچەوانەوە کومەڵە قەڵەمێکی بەپێزی چەپڕەوی نوێخواز لێمان ڕاپەڕین و کەوتنە هێرش و بە ئەدەبی چەواشەو وردە بۆرژواو سەر لێشێواو ناوەزدیان کردین!..بەتایبەتی بەڕێزان فوئاد مەجید میسری و بەکر حوسێن ومحەمەدیمەلا کریم و فازیلی مەلا مەحمود و فوئاد قەرەداغی،کە دۆستی نزیك بوون و لەبیر و بۆچوونمان حاڵی بوون.



**کاکەمەم بۆتانی**

**شێرکۆ** لە هەمووممان پتر قەڵس وجارِستر دەبوو،کە دەیان خوێندەوە،بەناڕەزاییەوە سەری بادەدا،دەیوت:

– هەر نەمانکەنە وردە زەنگیانەو بەداوەوەمان نەکەن باشە !

من لە هەموو هاوەڵانم هێمنتر بووم. بە وردی سەرنجی رەخنەکانم دەداو لەگەڵ بۆچوونەکانم بەراوردم دەکردن، زۆرجار زەردەخەنەی ناڕەزایی و گاڵتەم دەهاتێ

وهەندێ جاریش حەقم دەدانێ،بەلاّم خۆم لە وەلاّمدانەوە نەدەدا ..ئەم کەمدووییە خویێکی تایبەتی ژیانمە.لە مێردمنداڵیەوە هۆگری بووم.زۆرجار زیان و کەم جار سوودم لێوەر گرتووە..من بێ لێکوڵینەوەو شیکردنەوەو پلان هەنگاو نانێم، کە رێگەشم بەراست زانی، بەسانایی وازی لێناهێنم و هەموو رەخنەو هێرشەکانیش بۆ بەپێزکردنی کارەکەم بەکاردێنم، لەبەرئەوە بەدەگمەن خۆم لە وەلاّمدانەوەی رەخنەکان دەدەم .

رەنگە هەندێ لە روناکبیرە چەپڕەوە نەتەوەییەکانی کورد (وەك کاك نەوشێروان مستەفا لە دانیشتنێکی تایبەتدا بۆی درکاندم)، بۆ بەپێزکردن و گەشەکردنی بانگەوازی ڕوانگە لەسەریان نووسیبێ، بەلاّم لای ئیمە وانەکەوتبۆوە، بەڵکو رەخنەکانیان ئازاریان دەدایین.باشترین چارەیێ بۆ ئەو گەرەلاوژەی بەناو رەخنەوە، بەرهەم و دەرکردنی گۆڤارێ بوو، کە نموونەی ئەو بەرهەمانە بێ، کە مەبەسمانە،چونکە هەریەکەمان بە شێوەیەك لە نوێخوازی گەیشتبوو. دەمانویست نیشاندەین لای هەریەکەمان چۆن کەوتۆتەوە،بەلاّم چۆنی دەرکەین؟

ئەو مانگانەی هەمانە،پێداویستی ژیانی رۆژانەمان مەیسەر ناکا،چۆن لە دەمی ماڵ و منالّمان بگرینەوە!..بەیارمەتی چل ئەدیب و دۆست و پارەی خۆمان ژمارە یەکی گۆڤاری (ڕوانگە) لە شاری (ئەلنەجەف)و بە سەرپەرشتی کاك حوسێن و جەلال چاپکرا. نموونەی بۆچوونی نوێکردنەوەی چیرۆك لای من (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ)بوو،کە ساتەکانی شەهیدکردنی (مەئموون دەباغی هەولێری)بوو.بەدوایشدا چیرۆکی( لەئاهەنگی راوی هەلّۆی ناو زۆنگاودا)م بلاّوکردەوە،کە لەبەرگریی چەپڕەوەکانی عەرەبی باشووری عێراق دەدوێ،شێوەی دارشنیشیان بۆ رەخنەگران جێدێلّم..

## (٢)

ڕێکـــەوتی ئـــادار گۆڕەپـــانێکی ئـــازادی چـــالاکی فیکـــرو ڕێکخـــستنی بـــۆ توێـــژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان ڕەخساند.ریکخراوەپیشەیی وکۆمەڵایەتییە نهێنییەکان ئاشکرابوون و دامەزران. کۆمەڵێ مەلای کوردستانیش بانگی ڕێکخراوێکیان داو سەرۆك (**بارزانی**) یش پێشوازی لێکردن و یارمەتیدان تا دەوری خۆیان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی ستەمدیدەی خەڵك ببینن. بەرپێچی ئەو ناحەقیانەو فتوایانە بدەنەوە، کە سەلەفیە ئیسلامییەکان و کۆنەپەرستەکان دیدەن. پڕوپاگەندەکانیان پووچەڵ بکەنەوە... ئێمە نەك هەر بە کارێکی ئاساییمان دی ،حەزیشمان دەکرد شانبەشانی یەکتری و بەپێی توانامان خزمەتی دنیای بیرو ئادیای کوردایەتی و ئازادیی مرۆڤ و ئافرەت...بکەین و یەکتری تەواو بکەین،بەلاّم کەسمان چاوەڕوانمان نەدەکرد ئەو ڕێکخراوە بەجۆرێکی تر ئاراستە بکرێ و دەسپێك و نۆبەرەی چالاکی هەندێ لە ئەندامەکانی، هێرش بردنە سەر قەڵەمی سەربەخۆ و لێوەشاوەی کورد بێ و ببێتە داردەست بۆ کپکردنی دەنگی پێشکەوتووخوازی کوردستان و وا بەزەقی دژی سەربەستیی ئافرەت بوەستێ! کاك جەمال شاڵی رووناکبیرو ڕۆژنامەنووس و پارێزەری کوردپەروەر کتێبێکی کۆمەڵایەتی پڕهەستی مرۆڤایەتی لەسەر ژن بەناوی (**دان بەتاوانەکانما دەنێم**) بەچاپ گەیاند و لە زوڵم و زۆریی کۆمەڵایەتی ئافرەت دەدوا.. ئێمەش بە پیرۆزییەوە چاوەڕوانی دەنگدانەوەی بووین..بەپێچەوانەوە، کەوتە بەر تانەو توانجی هەندێ مەلا و لە دانیشتنی ناو مزگەوت و حوجرە و تەکیەکاندا تیخەتیخی فەقێ و موستەعیدو دەروێش دەدرێ ئابرووی جەمال بەرن!.. دیارە دەوری ئەو هەرزەکارانەش چی دەبێ، تا گەیشتە ئەوەی ژیان لە ماڵ ومنداڵیشی تاڵکەن!

هەرجارێ جەمال چاوی بە پێشکەوتووخوازێ دەکەوت، سکالاّی دەکرد لە بێدەنگی قەڵەمی کورد حەپەسابوو، بە تایبەتی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە کاری سەرەکییان بوو.. بۆ ئەو مەبەستە بەڕەزامەندیی جەمال خۆی چووینە لای کاك **ئەحمەد هەردی** (وابزانم سەرۆکی لقی سلێمانی بوو) داوامان لێکرد هەوڵی ڕاگرتنی ئەو هێرشە بدەن، لە

کۆبونەوەشـیاندا پـشگیری لێبکـەن.. بـەلاَم دوای چـەند کۆبوونـەوەش هیـچیان بـۆ نـەکرد..مـن وام هەسـت دەکـرد، کـە لێپرسـراوانی پـارتی (کـە تـەواوی ئیـدارەی سلێمانیـشیان بەدەسـتەوەبوو) ڕازی نـەبوون، چـونکە (**جـەمال شـاڵی**) لـە کـەرتبوونی پارتی دا، بەلای باڵی مەکتەبی سیاسی کـەوتبوو. وەك ڕووناکبیرێکیـان دیـار بـوو. کـاك (هەردی)یش سەرکردەیەکی (کاژیك) بوو.. ئێمەی ڕوانگەش لای زۆربەی کاژیك و پـارتی هـەرزەکار و کـەم تاقیکردنـەوە بـووین.. گوایـا دەمانـەویٚ هـەموو کـەلتورو فۆلکلـۆرو ئاسەواری نەتەوەمان هەڵوەشـێنینەوە، بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی پـێش خۆمـان (ڕەفـز) بکەینەوە !.. هەندێکیشیان تۆمەتی پیاوی بەعسیشیان دابووە پاڵمان!!

لە کتێبخانـە خنجیلانەکـەی کاکـەی فـەللاح و بارەگـای ڕۆژنامـەی (ژیـن)دا باسـەکە دەکرایەوە، هەر یەکە ڕایەکی هەبوو، بەلاَم هەموو لەسەر ئـەوە کـۆك بـووین (هێرشـەکە سـەربگریٚ سـبەینیٚ لـە سـەرهەموو قەڵـەمی کـوردە) بێـدەنگی لـە بەرژەوەنـدی بـیری پێـشکەوتوو و قەڵـەمی سەربەسـتیی ئـافرەت نیـە..دەبـیٚ نـەك ڕاگـیریٚ ، بـە هۆشـیش بهێندرێتـەوە.. باشـترین ڕێگـەش بانگـەوازیٚ بـوو.. کـاك (شـێرکۆ) یـش گەلاَلـەی کـردو بەهەندیٚ دەستکارییەوە لەژێر ناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) ئامادەکرا.

کۆمەڵـە ئیمزایـەکمان لـە ئەدیبـە لاوەکـان کـۆکردەوە.. (**کاکـەی فـەللاح**) یـش، بـە بیانووی ئەوەی خاوەن ڕۆژنامەیەو لە سەربەخۆیی لەدەست دەدا، ئیمزای نەکرد، بـەلاَم نەك هەر لەگەڵ بوو، بەشداری دەستکاری بانگەوازەکەشی کـرد. لـە بەغـداش هەنـدێکی تریش ئیمزایان کردو لە٨ ی ئایاری ١٩٧١ لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاك (سربست بامەڕنی) بەڕێوەی دەبرد بەم ناوانە بلاَوکرایەوە:

**شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، جـەلالی میرزاکـەریم، کاکەمـەم بۆتـانی، تاهیرسـاڵح سەعید، سەلاحەدین ئەحمەد شوان، عەبدوللاَ عباس، ڕفیق سابر ، ئەحمەد سالار.**

مەلاکانی هێرشەکەیان بەڕێوەدەبرد چاوەڕوانی ئەو هەنگاوەیان لە ئەدەبیاتی کـورد نـەکردبوو وەیانـدەزانی هەڕەشـەکەمل بەهـەموو ڕونـاکبیر و قەڵەمـە پێـشکەوتووەکان شۆڕدەکاو (جەمال شاڵی) دەبێتە عیبرەت بۆیان..لەماوەی چەند سەعاتێکدا ڕۆژنامەکـە

تـەواوبوو. دانـەكانی دەستاودەسـتی دەكـرد.لـە دوای بـانگی ئێوارەشـەوە لـە چـەند مزگەوتێكی شاردا (وەك لەدواییدا بیـستمان لـە چـەند مزگـەوتێكی هـەولێر و شـەقلاوە) یـش هێرشـكرایە سـەر بانگەوازەكـەو نوێژكـەرە سـاكارەكانیان هانـدەدا لـەو (كـافر) و (مولحید)انە بێدەنگ نـەبن. بەداخـەوە تـەواوی یـەكێتی زانایـانی ئیسلام و نووسـەرانی بێدەنگ بوون! ..واپتر لەسی سالّ بەسەر ئەم كارو بانگەوازەدا تێدەپەرێ دەڵێم: دەكرا شێوەی نووسینی بانگەوازەكە سوكتر بوایاو هەمان مەبەستیشی بپێكایا، بەڵام نەدەبوو بێـدەنگ بـین. زاڵبوونیـان بەسـەر قەڵـەمی كـوردا، بزووتنـەوزەی ڕزگاریخوازیـشمانی دەخستە پاشەكشێ و (مەلای خەتێ) یەكانیش پتردەبوون.

هێرشی ڕۆژانەی سەرمان تـا دەهـات پـتر دەبـوو. كتێبەكـەی كـاك شـاڵی بیرچـۆوەو بانگەوازەكە دەنگی دایەوە، نەعلەتی خواو پێغەمبـەر بـۆ ڕوانگـە دەنێـردرا. چـاوەڕوانم نەدەكرد ئەوەندە پـەرەبسەپێنێ، هەندێ مەلاو زانای ئـاینییش نـەك هـەر لەگـەڵ كـاری هاوەڵانیان نەبوون، بـەڵكو هەنگاوەكـەی ئێمەشـیان بەڕاسـت دەزانـی. نموونـەی هـەرە دیاریشیان (كاك ڕەشاد موفتی ) قازی هەولێر بوو، كە لـە ژمـارەی (١٩) ١٩٧١ بـۆ كـاك **مومتاز حەیدەری** دابوو.

هەر لە دەستپێكردنی هەڕەشەی مەلاكانەوە. شێركۆ چووە بەغداو لەگەڵ حوسێن و هاوەڵانمان قسە بكاو بیر لـە هـەنگاو و وەڵامـی لەمـەودوامان بكەنـەوە. ڕۆژی هـەینیش لەگـەڵ جـەمال شـاربازێری چـووینە چـایخانەیەكی نزیـك مزگـەوتی گـەورە گوێمـان لـە (خوتبەی) هەینی بێ.. نوێژكەران بە تاكو كۆمـەڵ دەچـوونە ژوورەوە چـەند كورسـی و مێز لە نزیك دەرگا داندرابوو..خەتیب هێرشێكی خەستی كردە سەرمان هەرچـی تۆمـەت هەبوو لە ئەستۆی شەتەك داین و ناوەكانمانی ڕیزكرد بە ئاشكرا داوای كوشتنی كـردین. جەمال شڵەژاو دڵـەڕاوكێی پێوەدیـاربوو. مـن هەسـتم بـە مەترسـی نـەكرد. جـا لـە بـەر بێباكی بوو یان نوێژكەران نەیان دەناسیم.. كە تەواوبوون، ئیمزاو مۆر دەسـتی پێكـرد. كۆمەڵە دەروێشێ لە گۆڕەپانی مزگەوتی كاكـە ئەحمـەدی شـێخ كەوتنـە زكـر و حاڵیـان لێهات و زەرگیان لەخۆیان دەدا. ڕۆژێكی پڕ سەیرو سەمەرە بوو. لەوماوەیـەدا سـەدەها

ئیمزاو بروسکەی ناڕەزایی لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی سۆران ئامادەکرا. بۆ سەرۆك کۆماری عێراق (ئەحمەد حسن ئەلبەکر)و سەرۆك بارزانی و رۆژنامەی (ئەلسەوەرەی) بەعس و (ئەل تەئاخی )پارتی لێدرا.

هاورێیانی بەغدامان ئاگادار کردو ئەوانیش سەریان لە کاك حەبیب محەمەد کریم (کارگێڕی رۆژنامەی تەئاخی) داو لە نووکەوە مەسەلەکەیان بۆ گێرابۆوە. ئەویش پێوەندی بە لێپرسراوی رۆژنامەی (سەورە) وە کردبوو. بڕیاریاندا بوو جارێ بروسکەکان بلاٌونەکەنەوە تا بریاری سەرکردایەتیان بۆ دێ.

کاك حەبیب زۆربەمانی دەناسی و لە بیروبۆچوونمان بەئاگا بوو، بەلاٌم کارەکەمانی بە هەرزەکارانە زانیبوو!.. رێنمایی کردبوون کە پێش ئەوەی مەلاکان بگەنە چۆمان و بارزانی ببینن و راستیی مەسەلەکە بشێونن، چەند کەسێکمان بچینە بارەگای بارزانی. رۆژی دوای بروسکەکان، مەکتەبی سکرتێری جێگری سەرۆك (سەدام حوسێن) داوای کاك سەربەست دەکات .پتر لە دوو سەعات لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات. لەناو کارو بیرو بۆچوونی ڕوانگەییەکان دەکۆڵنەوە دواتر مەرەخەسی دەکەن و دوو هەفتەش (هاوکاری) دادەخەن، (ڕەنگە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری حوکمی دا یەکەمجار بێ. دەوڵەت ڕاگەیاندنی خۆی داخا ! ! ).

لەو کاتە ناسکەی بیری پێشکەوتووخوازی کوردیدا، هەردوو ڕۆژنامەی بیری بالآدەست ڕازی نەبوون بروسکەکان بلآویکەنەوە. کاکەی فەللاح، کە لە کەین و بەینەکە ئاگادار بوو، لە داڕشتنی بەیانەکەشدا دەوری هەبوو، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەیدا (ژین) و لە چوارچێوەیەکی ڕەشی دیاردا برووسکەی فەقێیەکانی سلێمانی دژی ئێمە ڕازاندبۆوەو داوای بەندینخانەو سزای بۆکردین! !..ئەگەر ڕووناکبیرانی کورد ئەمە ئاستی بیرو کاریان بێ چۆن دەبنە خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیان؟

دوو سێ برادەرمان، ناوەکانیانم بیرنەماوە بەپەلە چوونە گەلاٌلەو چۆمان و چاویان بە کاك فرەنسۆ حەریری (قایمقایمی چۆمان و نزیکی سەرۆك بارزانی بوو) کاك محەمەد عەزیز (سکرتێری ئیدارەی بارزانی) کەوت.ئەوانیش پشتیوانییان لێکردین. لە (بارزانی)

یشیان گەیاند، هەرچەندە تا چەند مانگێکیش ڕووداوەکە درێژەی هەبوو. نووسەران پشتگیرییان لێدەکردین لە مزگەوت و تەکیەکاندا نەعلەتمان بۆدەهات..بەڵام خاو بووەوەو بە ڕای من وانەیەکی باش بوو بۆ هەردوو لامان.[1]

[1]: ئەم باسە لەبارەی ڕوانگە لە ژانە ڕێیە خۆڵەمێشیەکان، بەرگی دووەمی بیرەوەری و بەسەرهاتی ساڵانی ١٩٦٤– ١٩٧٥، کوردستان ، ٢٠٠٧، ل ٧٣– ٧٧هەروەها ل ٨٥– ٨٩ وەرگیراوە.

# ڕوانگە و شاعیرانی حەفتاکانی هەولێر

**عەباس عەبدوللا یوسف:**

## ڕوانگە.....چەند وتەیەك بە كورتی

*شیعری ڕوانگە بە وێنە و داڕشتە و شێوەو زمان ،هەر لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی بەیانامەكەوەو تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە ، ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا نموونەیان زۆر كەمە و شێركۆ بێكەس تا ئێستاش شیعری ڕوانگەیی دەنووسێت .

*لەرووی سیاسییەوە، بریتیە لە ساكاركراوەی ئایدیۆلۆجیای ماركسیەت و بە بیروبۆچوونی هەمە ڕێچكەوە موتوربە كراوە وەك : نەتەوەیی ، بیری ماوتسی تۆنگ و ترۆتسكی و لینین و تێكڕای بیری چەپ ، لەوانە : چەپی فەلەستینی و چەپی ئێرانی .

* كەوتبوونە ژێر كاریگەری شاعیرانی عەرەبی عێراقەوە وەك (عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی و هەندە شاعیری تر.هەروەها شاعیرانی بەرەنگاریی فەلەستینی ، ئینجا شیعری شۆڕشگێڕیی سووری ومیسری و سوودانی لەگەڵ شیعری وەرگێڕدراوی سۆڤێتی و ڤێتنامی و ئێرانی و توركی و كەم كەمە شیعری بەرەنگاریی فرەنسی .

*رونگە ئەگەرچی خۆی زادەی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ یە ،بەلاْم لەناو كەش و كۆشی لایەنێكی تری شۆرشی رزگاریخوازی كوردا گەیی ، مەبەست ئەوەی بە زاراوەی مللی پێیدە گوتریٚ (جەلالی) ،ئەوانە دەبنە پێشینە بۆ ئەو بەیاننامەیە .

*لە نێوان سلێمانی وبەغدا بزاڤەكە لە دایكبوو . *بە یاننامە و گۆڤاری الشعر ٦٩ی عێراقی بەدوولا كاریگەری هەبوو :

١- دەركردنی گۆڤار ٢- دەركردنی بەیاننامە


*ڕوانگە تەنیا بە كردەی دەركردنی بەیاننامە و گۆڤار و بەو ٦٩ شعرەوە كاریگەر بوو ،بەلاْم وەك تەكنیك و ناوەرۆكی شیعریی زۆر لێك دووربوون .

*رونگە ئەم بابەتانەی نەبووە ،ئەگەر هەشبووبیٚ ئەوا زۆر كەم و دەگمەنە.

هۆنراوەی سیكسی ،گەمەی زمان و فۆرم وشیعری وێنەیی ،هزری فەلسەفی .فۆلكلۆری.

*هۆنراوەكانیان جیهانی نین و لە ئاست شیعری نیمچە داهێنەری رۆژهەلاْتی ناوەراستە.

* یەك لە واژووكارانی ڕوانگە "جەمال شارباژێری لە كەشی ڕوانگە زۆر دوور بوو.



**عەباس عەبدوللا یوسف**

لەگـەڵ بـیرو بۆچـوون ودروشمـی ڕوانگـەدا ،بـیری زەردەشـتی کەوتـە نێـو هـۆنراوەو چیرۆکەوە. ڕوانگە دەقی تەماوییان نەبووە (**غموض**) .

* بەپلـە یـەك ڕوانگـە وەك شـیعر ناسـراوە ،بـە پلـە دوو و کـەمتر وەك چـیرۆك . بۆیـە زاراوەی شیعری ڕوانگەیی هەیە، بەڵام زاراوەی چیرۆکی ڕوانگەیی نییە

*لە ساڵانی پڕجۆش و خرۆشی ڕوانگەدا ، دەقی ڕۆمانیان نەبووە .

*له سەردەمی ڕوانگە بە دەوروبەریدا ،پارتی دیمـەکراتی کوردسـتان دەسـەڵاتدار بـووە ،مـام جـەلال وبزوتنەوەکـەی خۆیـان هەڵوەشـاندەو چـووە نێـو ریزەکـانی پارتییـەوە. شاعیرانی ڕوانگەش هەمان رەفتاریان ئەنجامدا .
*سەبارەت بە ڕوانگەوە ،پارتی لە نێوان هانـدان و قـایلبوون وگومـان دابـوو .بـەوریایی وبە پارێز دەیروانیە لایـەنی بیروبۆچـوونی کۆمەڵایـەتی ڕوانگـە بەتایبـەت لـە مەسـەلەی ئـافرەت وئـایین ،بـە پـارێز پـشتی ئـەو بۆچـوونانەی دەگـرت نـەوەك ببێتـە بزاڤێکـی کۆمەڵایەتی وسیاسی ونیازی پاك تێکەڵ بە نیازی خراپ ببێت .
*لـە پـیش وپـاش ولـەئان وسـاتی ڕوانگـەدا ،لـە کـەرکووك وهـەولێر وکفـری تـاك تـاك شاعیروچیرۆکنووسی نوێخوازهەڵکەوتبوو.
(ع.ع.یووسف)ی شاعیر و نووسەر لە بەیاننامەکەیدا ئەو سەردەمە شیعرییەی حەفتاکان و دواتری خستە نێو سێ قوتابخانەی شیعرییەوە :
١- قوتابخانەی کفری ٢- قوتابخانەی ڕوانگە ٣- قوتابخانەی هەولێر
*پاش بەیاننامەی ١١ی ئاداری حەفتاو گەیشتنی کورد بـە کۆمـەڵێك مـافی نەتـەوەیی و کارکردنی ئاشکرای حیزبی شیوعی، دەرگایەکی فراوان بۆ ئەدەب و هونەر کرایـەوەو لـە بارودۆخێکی وادا ڕوانگە تاقە ئاماژەیەکی دیـاری نـاو مەیـدانی ئـەدەب بـوو . رۆژنامـەو گۆڤارو کۆڕی ئەدەبی زیاتر بۆ ئەوان تەرخان کرابوو و پروپاگەندەیێکی زۆری بۆ دەکـرا ، بەرادەیـەك ئـەو ئاراسـتەیە بـەهرەی کەسـانی تـری پـەردەپۆش کـرد، ئـەنجام بـەوە گەیشت هەر نووسەرێ هۆنراوە یا بۆچوونی نوێی هەبووایە ، زوو وەك تۆمەت دەیانگوت : ڕوانگەییە ، بەهەرحاڵ لە پێناو ڕوانگەوە زێدەڕۆیی کراوە .
*سـەردەم وقۆنـاغی سیاسـی وکۆمەڵایـەتی چـەندین کلێـشە وقـالبی گـشتی ئـەدەبی وهونەری دەر داوێ ڕوانگەش کەوتبووە ناو کلیشەو قالبەکانی سەردەمی خۆی .
*ئەوسـاو ئێـستا گرفتێـك هەیـە: ئایـا هـەر نووسـەرێ بەرهـەمی لـەناو ڕوانگـە هـەبێت ڕوانگەییە ؟ ئەی ئەو نووسەرانەی مۆریان نەکردووە؟ ئەی ئەوانەی لە دەرەوەی ڕوانگە بەرهەمیان هەبووە ؟

له چیرۆكا : لەتیف حامید بەرزنجی و ئەحمەد شاكەلی له ڕوانگه ڕوانگەیتر بوون .

* له هەولێر ڕوانگه مقۆمقۆیەكی پەیدا كرد. به دەنگی بەرزو نەوی وتوویژێكی نەنوسراو زۆر بوو، ئەوەش لەبەر كەمی ڕۆژنامەو گۆڤار . گەنجەكان لەگەڵی بوون شاعیرانی پیر دژی بوون .

من بەهۆی ئاگاداریم له شیعری وەرگێڕدراو وشیعری نوێی عەرەبی ، خەریكی دەركردنی به یاننامەیەك بووم به ناونیشانی (بەیاننامەی سوور)، بانگەوازێك بێت بۆ ئەدەبێكی شكلانی، بەلأم به ناوەرۆكێكی پێشكەوتخوازەوە و بریتی بێت له تێكەڵ بۆ كردنی ماركسیەت وفرۆیدییەت ، بۆم نەلوا . كه له سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ دا بووم به مامۆستا پارەم كۆكردەوە هەر ئەو ساڵ دیوانی (ئاو)م چاپ كرد .ئەم دیوانه پاشتر دەبێته سەرەتایەك بۆ بزاڤێكی نوێی شیعری لەم شارەدا .

*سنووری ڕوانگه كوردستانی عێراقەو له چوارچێوەی شێوەزاری سۆرانییە .

*پاش به ئەنجام نەگەیشتنی دان وسان لەگەڵ حوكمەتی بەغدا .شەڕ له نێوان ڕژێمی بەغداو سەركردایەتی شۆڕشی كورد به سەرۆكایەتی بارزانی نەمر هەڵگیرسایەوە و زۆربەی ئەدیبانی ڕوانگه چوونه ریزی شۆڕشەوە .

**موحسین ئاوارە:**

# ڕوانگە.. ئەوان.. من

**١- ڕوانگە:**

ڕوانگە و بانگەوازی ڕوانگەییەکان و لە ڕوانگەی (بیری نویَ– وتەی نویَ– کرداری نویَ)،کە ئەمە دروشمێك بوو بۆ پرۆژەیەك لە ستراتیژیەتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەرنامەیەی داڕێژرا بوو، کە تەوژم و بزووتنەوەیەك بوو بە ناوی بزووتنەوەی نوێخوازی،مەبەستداربووە لە بەهێنانەدی (داهێنان) لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بە گشتی کارێکی قورس و مەترسیدار بوو چونکە تێپەڕاندنی تیا بوو بۆ بە گۆڕانکاری کردنی باری ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵگای کوردەواری،کە نەریت و کەلتوورو کەلەپوورەکەی دەگرتەوە، وەك وەرچەرخانێکی مێژوویی و یاخی بوون و تەکانێکی نویَ لە تازەکردنەوەو هەڵگەڕانەوەیەك لە (دوێنیَ) یان و هێنانەکایەی کارێکی تازە بۆ ئیمڕۆیان و تیشکدانەوەی لە ئاییندەدا و داهێنانی بە بەرەوە بێت ئەوەش بەگیانێکی لەخۆبردوویی شۆڕشگێڕانەو سەردەمخواز و تێکشکاندنی قاڵبە سواوە کلاسیکییکەو هەڵوەستەکردن لەسەر شێوازو ناوەرۆکێکی مۆدێرنیزم بە ستایلی تازەو هونەروەرانە، کە دونیایەك و بابەتێکی پێشکەوتنخوازانەی شارستانی و ژیاری و مەدەنیەت لەخۆ بگریَ، ئەم کارەیش بە جۆش و هەست و نەستێکی خوێن گەرمانە و دڵسۆزانە سەری هەڵدا کە تا رادەیەکیش سەرەڕۆیی و پەلەکردن و تێپەڕاندنێکی پێوە دیار بوو.

بەڵیَ ڕوانگە سەرەتا لە دووتوێی بانگەوازێکەوە بلاْوکرایەوە بە ناونیشانی (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە)،کە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی بەڕێز و ناودار واژوو کرابوو بە دروشمی (بیری نویَ– وتەی نویَ– کرداری نویَ)،کە شاعیر و نووسەران، رابەرانی ئەم کارە بریَتی بوون لە بەڕێزان( شێرکۆ بێکەس– حسین عارف– جەلالی میرزا کەریم– کاکەمەم بۆتانی– جەمال شارباژێڕی– کەمال رەوف محەمەد)،ئەم بانگەوازەیش بۆ یەکەمینجار لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٥) لە ١٩٧٠/٤/٢٥ دا بلاْوکرایەوە[٢].

[٢]: ڕوانطةو ياران و نةيارانى، ئامادةكردنى حسين عارف، دةزطاى سةردةم،٢٠٠٥.



دواتر چەندین شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی تر هاتنە پاڵ ئەو بزووتنەوەیە جگە لەوانەی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلە یان بڵێین تەوژم و هەڵچوونە..هتد.

بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیە دوو بەرەی هاودژ پەیدا بوون، هەبوون بە تەواوی لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی ئەو بزووتنەوەیە و بانگەوازەکە بوون یان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ،بەڵام بەرەی دووەم زۆر بە توندی نارەزایی و دایەتی خۆیان دەربڕی و بە کردەوە کاری زۆریان دەکرد بەوەی کە دەستێکی ناحەز و ئایدیۆلۆژی سیاسەت و خیانەتکاری لە پشت بێت و وشەی (گومان) دەخرایە پاڵیانەوە بە تایبەتی لەلایەن پیاوانی ئایینی و یەکێتیی زانایانی ئایینی جگە لەوەی لەسەرژتەی لێکۆڵینەوەو بە سزا گەیاندن و بە دواداچوون دەستی پێکرد کە بڕیارەکان وا بوو ئەو نووسەر و شاعیرانەی پێشەنگی ئەم

کاره بوون ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ.. تا لە ئەنجامدا ورده ورده ئەم کەفوکوڵە هەندێك دامرکایەوه و ڕۆنکردنەوەیەك و نووسینێکی هەڵگرت بە تایبەتی ڕۆژنامەی هاوکاری ئەوسا گۆڕەپانێك بوو بۆ تاودانی ئەسپی نووسەر و شاعیران و بیرمەند و ڕۆشنبیران بە قەڵەمەکانیان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە کە دواتر چەندین لەو بیرو بۆچوونانە دەخەینە ڕوو.

هەڵبەتە بزاڤی نوێخوازی و بانگەوازەکەی بەر لە پراکتیزەکردنی و جێبەجێکردنی ستراتیژ و بە ئەنجام گەیاندنی بیرۆکەکەی بە کردار.. دیارە ئەم بانگەوازەیش مێژوویێکی پێشینی هەبووە، وەك بنەمایەك بۆ پشت بەستن بەو مەسەلەیە یان وەرگرتنی ئەزموونی خەڵکانی تر بەر لە کارەکەی خۆیان بۆ هەنگاو هەڵهێنان لەو خاڵ و پاشخانەوە ئەویش کارتێکردن و کاریگەری تیۆر و ڕێبازو فەلسەفەو فیکر و زانست و مەعریفەو هەنگاوەکانی پێشین، واتە نوێبوونەوە لە بۆشاییەوە نەهاتۆتە ئارا، هەوڵەکانیش بە ڕێگای هەمەجۆردا ڕێچکەیان بەستووە، دیارە عەقڵ و خەیاڵڕەوی و تواناکان یەکیان گرتۆتەوە خەر لە وزە و هزر و فەلسەفەو هێزە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ، کە شاعیر و نووسەر و بیرمەند و زانا و هونەرمەند و داهێنەرانی لێکەوتۆتەوە، کە ڕێگاکانیان سەخت و ئەرکەکانیان قورس و دژوار بووە، ئامرازەکانیان ختەرناك.. شێواز و دەربڕینیان بە کردار پڕ لە ئاستەنگ و تەگەرە بووە، قۆناغ و سەردەمەکانیان گەواهی ڕۆڵی لەخۆبردوویی نێو ئەم کێڵگە ڕووناك و خاردارەن، کە( جێ پەنجەو مۆرکی ) ڕۆژگارەکانیان شایەدمەندن.. جا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگەیش بێ پاشخان و باگراوەند نەبووە، چونکە بارودۆخێکی بابەتی و زەمینەیەکی لەبار ئەو پانتاییەی بۆ ڕەخساندن کە لە چەند خاڵێك کۆیان دەکەمەوە وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی ئەم زەمینەیە:

١- ویست و ئارەزووەکان سەبارەت بە پرۆسەی نوێخوازی- ویست و خواستی پیرۆز و بەجێ بوون وەك هەموو میللەتانی گێتیی،کە بزووتنەوەی تازەگەری بە ئەنجام دەگەیێنن.. دەتوانم بڵێم جگە لە لاساییکردنەوە یان کاریگەری ئەدەبی نوێخوازی

ئەوروپی و عەرەبی و دەوروبەر، هەرچەندە ئەو سەردەم وەك ئێستا ئامێرەکانی چاپەمەنی و وەرگێڕان و ئاڵوگۆڕی خێرایی تەکنەلۆژی و ئاسانکاری و گەیاندن و پێوەندییەکان زۆر کەم و ئاستەنگ بوو، بەڵام لە ڕێگای وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەتی بلاوکراوە ئەدەبییەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانەی، کە دەگەیشتنە دەست رۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانی کورد تا ئاستێکی زۆر گۆمە مەنگەکەی دەشڵەقاند، جا یەکێك لە فاکتەرەکانی وروژاندنی بیرۆکەی ڕوانگە بە بیرو بۆچوونی زۆربەی رۆشنبیرانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ لاساییکردنەوە یان کاریگەریی (پرۆژەی گروپی شیعری ٦٩ کە لەلایەن فازل عەزاوی و خالید عەلی مستەفا و سامی مەهدی و فەوزی کەریم) سەری هەڵدا بوو، کە ئەوانیش کاریگەری کۆمەڵی ( ئەپۆلۆ) میسرییان لەسەر بوو.

٢- ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠جۆرە ئازادی و توانا و زەمینەیەکی لەباری لە گشت بوارەکان بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەریدا رەخساند ، کە بیر لە تازەکردنەوە و هەوڵدانی بەرەو پێشەوەبردنی ئەدەب بدرێ بەرەو داهێنان و نوێبوونەوە.

٣- ئەو هەموو وادەو خواستانەی میللەتەکەمان،کە لە بڕگەکانی ڕێکەوننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا هاتبوون بە تایبەتی خاڵە ستراتیژییە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایندەییەکان بۆ کورد، کە رژێم ئەو کات سەرپێچی لێدەکرد و بە فرو فێڵ کاتەکانی بەسەر دەبرد جگە لە کۆدەتاکانی بۆ تێکشکاندن و تێکدانی یەکێتی لە نێو ریزەکانی رۆڵەکانی کورد دا..هتد.

هەڵبەتە رەخنەو گیانی هەڵچوون و یاخیبوون و رۆحی شۆڕشگێڕیی لە نووسین و شیعر و هونەردا سەر هەڵدەدا، ئەو زەمینەیە لەبار بوو بۆ بزووتنەوەی ڕوانگە، کە شیعرەکان..چیرۆکەکان.. رەخنەکان،تووند و گەرم و شۆڕشگێڕانە بوون.. روخساری بەرگری و ناوەرۆکی ئاگر و بۆنی بارووت و قەوانی لێدەهات تا ئەو ئاستەی بەرهەمی ڕوانگەییەکان بە ئاگرخۆر ناو دەبران، وێنەکان تفەنگ و نارنجۆك بە مەمك دەچووێندرا

، له کۆڕ و سیمینارو ڤیستیڤاڵەکاندا جوانی سروشت و ژن و نارنجۆك و هەڵگەڕانەوە و داگیرسان و زۆر کەرەستەی تر تێکەڵ بەیەك ببوون واتە شیعری بەرگری و کۆمەڵایەتی و دڵداری و سیاسی و نەتەوەیی ئاوێتەی یەکتر دەبوون... تاکو لە ساڵی (١٩٧٤) دا شۆڕشی ئەیلوول جارێکی تر داگیرسایەوە و زۆربەی هەرە زۆری شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان لەپاڵ چین و توێژەکانی دی بە شاخاندا هەڵخشان و چوونەوە ریزی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی میللەتەکەمان لەو ساڵە و دواتریش کە شۆڕشی ئەیلوول بە کودەتای جەزایر لەساڵی (١٩٧٥) دا نسکۆی هێنا هەتا ڕاپەرینی بەهاری(١٩٩١) لە کوردستانی عیراقدا، ڕەنگ و دەنگ و ناوەڕۆك و بیرۆکەی ڕوانگەو شیعری بەرگری بە بەرهەمەکانەوە دیار بوو و ئاسەواری هەر مابوو. بەڵی ڕوانگە گۆمێکی مەنگی شەڵەقاند، ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، بۆچوونی یاران و نەیارانی لەخۆ گرتبوو ، هەڵبەتە هەر شەپۆل و تەوژم و بزووتنەوەیەك ئەدەبی یان هونەریش کاریگەریی و ئاسەوار و جیٚ پەنجە و مۆرکی بەسەر نەوەکانی دوای خۆیدا هەر دەمێنی...ڕوانگە وەکو نامیلکە یان کۆدەنگێك سیٚ ژمارەی لیٚ دەرچوو، کە لەدرێژە پێدانی بەربەست هەبوو ، دانگدانەوەی خۆی هەبوو، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی هەکاری بە دەیان وتار و بەدواچوون و ڕەتکردنەوەی یەك لە دوای یەکی تێدا بلاْو دەکرایەوە، کە دوانگەیەکی بەرفراوانی داگیر کردبوو.لەم رووەوە دەکریٚ هەندێك لەو نموونانە بخەینەڕوو، کە بەلایەنی ئیجابی و سلبی و مام ناوەندی باسیان لێوە کردووە.

**١- سەربەست بامەڕنی:**

(ڕوانگە) لەمـەودای ئـەدەبی ئێـستای کوردیـا لای مـن تەقینـەوە نییـەو بـەس ، بـەڵکو بەپێی ئەو بیرو باوەڕەی کەناتوانم لێی دەست بەردار بم ، ئەبی (ڕوانگە)ش شان بەشانی تەقینەوەکـەی لەگـەڵ کـاروانی ڕاپـەڕیوی ڕەنجدەرانـدا بـڕوات و بەشـێکی هـەرە گـەورە بگریت لەرابەریکردنی ئەو کاروانەدا .

**٢-لەتیف هەڵمەت:**

ڕوانگە (هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا).پێشڕەوەکانی ڕوانگە ئەیانوت ئیمە(ئێمە یاخین) لەگەڵ ئەوەشا یاخی نەبوون من نازانم ئەوان لەچی یاخیئەبن؟لەسامانی کۆن یاخینابن .. لەئێستا یاخینابن – لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان یاخینابن .. لەدروشمە ڕامیارییەکان یاخینابن .. لەشێوە و دارشتنی هۆنراوە و چیرۆکی کۆن یاخینابن .. ئەی لەچی یاخیئەبن ؟

**٣- دەستەی ڕوانگە** :

خۆئێمەش درووشمان : وتەی نوێ و بیری نوێ و کرداری نوێ یە و ئەمەش هەڵمەت بردنی گەرەکە و شەڕە قۆچی لە دوایە !

**٤- حەمەی حەمە باقی:**

تاقیکردنەوەی ڕوانگە ، تاقیکردنەوەیەکی پێویستی ئەو ڕۆژگارە بوو کەلەگەڵ خۆیدا هێنای ، ئەو تێنوێتی و کەبتەی چۆڵبوونی دوای گۆڕان هێنای ، کەپێم وایە کەسیان نەیانتوانی تەجاوزی ئەو قۆناغە بکەن تائێستاش هەر پرشنگ و ڕەنگدانەوەی ئەون ، چونکە گۆڕان لەنێوان ئێستا و قوتابخانەی کلاسیکیدا لووتکەیەکی ئەوەندە بەرز و دیارە سێبەرەکەی تا ئەورۆ وەك کێوە بەرزەکان لێمان دوور ناکەوێتەوە ، ئەگەر لوتکەی تر هەڵبکەوتایە ، دەمنتوانی بچینە ژێر سێبەرەکەی لوتکەی تر کەم دەبینمەوە.

**٥- کاکەمەم بۆتانی:**

ڕوانگە ئەیەوێت لەناوەوەی کارەساتی مرۆڤی کوردی ئەمڕۆدا بڕی بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە بخاتە ڕوو کە ساڵەهایە لە پێشەنگاکاندا بەرە و پشت هەڵواسراون تاوەکو مرۆڤی کورد هەڵەکانی خۆیی ببینێ ، ئەیەوێت وشە بە بازاری بازرگانیدا ڕزگار بێت .

٦- ئەم ڕوانگەیە چۆن دەرچوو ؟! ( لەسەر بەرگی ژمارە(١)ڕوانگە لەدواوەوە وا نوسراوە)

١- بەیارمەتی دانی (٣٥) ئەدیب و ئەدەب دۆست لەچاپ دراوە .

٢– ئەوەی لەلایەن ئەو برا دڵسۆزانەوە درا(٢٥) دیتار بوو .

٣–چاپکردنی ، سەرجەم (٧٥) دیناری تێ چوو .

٤– واتە ئێستا (١٥) دیناری لەسەر قەرزارین .

**٧-جەلیل کاکە وەیس :–**

ڕوانگە وەك تەوژمێك سەرەتا ڕەسەنایەتیەی تێدا نەبوو بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە ورێنە و جووینەوە و کاوێژ (ڕوانگە) هەر هەموو شت و کەشوهەواو ئسلوبیان یەك شت بوو ، بۆنمونە(سەلام محەمەد) و (ڕەفیق سابیر) و (ئەنوەر قادر جاف) ئەوانی تریشم دەخوێندەوە ،هەستم بە جیاوازی ئەوتۆ نەدەکرد بەڵام دوای (١٩٧٤) شتەکە بەرەو خاوبوونەوە یان بەرەو خۆ دۆزینەوە چوو .

**٨- دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

گەلێك لە ئەدیبانی ڕوانگە بە باشتر و دوا ڕۆژ دارتر ئەبینم لەو ئەدیبە پێشکەوتنخوازەی لەجێی خۆیان وەستاون و چاویان لە بەرەو پێشچوونی ژیان و بیرنییە بەتایبەتی زۆربەی ئەو نوسەر و شاعیرانەی ڕوانگە بەهرەدارو بەتوانا و لاو بوون .. بەڵام ئەوەش ناشارمەوە کە هەندێکیان هەن دەمێك بوو گەیشتبوونە ئەو ڕاستیەی من بە ڕاستی ئەزانم کە ڕێبازی مارکسیزمی لینینیزمە .

**٩- فوئاد قەرەداخی:**

هەندێك هەن ڕایان وایە کە جەماوەری گەل نەخوێندەوارن و لەهیچ ناگەن بۆیە پێویست ناکات بۆ ئەوان بنوسرێت !! ئەم ڕایە وردە بورژوازییانەیە کە ئێستا لەناودایە وە ئەکرێ بەبیانووی ئەوەی (٥٠)کەس بنووسرێت هیچیکە لەسەدا سەد بەپێچەوانەوەیە و تـوانجێکی خراپ ئەدرێتە پاڵ کۆمەڵانی خەڵکی هەرچەندە نەخوێندەوارن بەڵام تێئەگەن ، وەبگرە زۆر چاکتر لە ڕۆشنبیرە بورژوازییەکانی شار تێئەگەن بەڵام ئەوەی ئەوان تێئەگەن بێگومان جیاوازی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی ئەماندا .

**١٠-كەریم دەشتی :**

بزووتنەوەی ڕوانگە لە هەفتاكان هاتە كایەوە ، كە بزاوتێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو ، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی ئەو بزوتە كرد نووسەری بەتوانا بوون ، كاریگەری خۆیان هەبووە، لە ڕووی ئەدەبیەوە شیعر و چیرۆكێكی زۆریان پێشكەش كردووە ، ناكرێ ئێمە بەبێ لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ڕەشیان بكەینەوە ، ئەگەر بمانەوێ پرۆسەیەكی بەهێزی ڕەخنەیی دروست بێت دەبێ كارەكانمان لەسەر بناغەی میزاج نەبێت ، چونكە لەسەردەمی ڕوانگە پرۆسەیەكی رەخنە بەرەهەندێكی دیكە بەردەوام بوو ، لەم رووەوە بەشداریەكی باشیان كردووە .

* ڕوانگە ئەگەرچی تەمەنی كورت بوو ، سێ ژمارەی لە كۆمەڵە بەرهەكانیان دەرچوو كەلە ژمارە یەكی ڕوانگە ئەو شاعیر و نوسەرانە بەشداریان تیا كردبوو كە نووسەر و شاعیری بەتوانا و ناودار بوون لەسەر گۆڕەپانی دونیای ئەدەب لەكوردستاندا ، بەرهەمەكانیان ڕێرەوێكی شۆرش گێڕانە و یاخی بوونیان پێوە دیار بوو ، دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمانەكەیان جگە لەو (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی كوردی ی نوێمانەوە ) كەلە (ل٦)دا بلأوكرابۆوە(بابەتەكان)یش:

١- شیعر ،سێ چاو ، جەمال شار باژێڕی.

٢- چیرۆك ،چاڵی جەرگی پیرێ ژن ! ،حسین عارف.

٣- شیعر، ون بوون لەناو وشەدا ، ئەنوەر شاكەلی.

٤- چیرۆك، سێبەری بەر سەنگەری مەرگ، كاكە مەم بۆتانی.

٥- شیعر ، وەرزی پێنجەم ،شیركۆ بێ كەس .

٦- شیعر ، یاد و یاقووت و نەهەنگ ،جلال میرزا كەریم .

٧- لێكۆلینەوە، چەند سەرەنجێك دەربارەی كات و شوێن لەهونەری چیرۆك نووسیندا / حسین عارف .

٨- شیعر، سێ نامەی كورت،عبدلله پەشێو .

٩- چیرۆك،ئاژاوەیە و دڵداری،ئەحمەد شاكەلی .

هەروەك لە پێشدا ئاماژەم بۆ پێکرد کە هۆنراوەکان و چیرۆکەکان بە ناوەرۆك و سیما ڕوانگەیین بابەتەکان زیاتر بەلایەنی خەبات و تێکۆشان ویاخی بوون و داگیرسان و هەڵگەڕاوەیی بوون ببۆنمونە لە کۆمەڵە بەرهەمی ژمارە(١)ی ڕوانگە دەبینین .

(لە هۆنراوەی سێ چاو) ی جەمال شاربازێڕی هاتووە لە برگەی(چاوی دووهەم) دا دەڵێت: پێ ڕاگەیاندووە ئەمە لایەنی بیرۆکەی چیرۆکەکە بەلاّم لەلایەنی تەکنیك و هونەری تازەگەریدا هەر لەسەرەتاوە دەبینین نیشانە(—) داش دانراوە لەجیاتی ئەوەی بڵێت (وای ووت) و (وام وت) بۆ چرکردنەوەو خەستکردنەوەی نوسینەکەی تەجاوزی نووسینە ئاساییەکانی پێش خۆی کەوتووە .

* دواتر هەڵبەست (ون بوون لە ناو وشەدا) ئەنوەر شاکەلی دێت :

گوڵپەکانی شارەکەم ، لە کێژاوی تەمی ڕەشا ئەتوێنەوە
نیگای نەخۆشی کوێرێکن
ئەڕۆم بەسەر شەقامێکا ، مەمك
لەژێر پێما ئەقیژێنێ
باڵدارەکان شەقەی باڵیان دیاری شەوە
چەقۆی ئازار
داستانێکە بۆ کۆتایی گیانی خەوەو...هتد

ئەم هەڵبەستەی (ئەنوەر شامەلی)یش کە خۆی بەناوی هەڵبەست بلاّوی کردۆتەوە وەك لە گۆڤارەکەی ڕوانگە دا هاتووە دیارە کۆمەڵێك لە ئازار و مەینەتیەکانی شار و کەسەکان و ناڕەزایی و یاخی بوون و گیانی بەرگری و شۆرشگێڕی بە دارشتنێکی ستوونی هەلبەستووە..

* (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ) ئەو چیرۆکەیە کەلەهەمان بەرگی کۆمەڵە بەرهەمەوکانی ژمارە(١) ڕوانگە بلاّوکراوەتەوە کەلەلایەن (کاکە مەم بۆتانی) نووسراوەتەوە.. سەیر دەکەین هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەدا وشەکان .. دێرەکان

..بیرۆكەی چیرۆكەكان بە دوكەڵ و خوێن و ئازار و سزا و بەرگری و جولەی ئەو جۆرە كەرستانە سیخناخ كراوە كاتێ دەڵێت:
(دوكەڵی بێزاری ناخی دەروون ، دەست لەمل شین ئەكات ، ئاواتی برسی لاویەتی بەرەو دونیای نائومێدی بێ سنوور ڕائەكات ، گلۆڵەی ئاڵۆزكراوی بێ دەنگی ، لە وون بوونی هەتا هەتایە كاریگەرترە ، رووی مان و پەرەسەندنی زەمین شڵەژاوە ، جووڵەی گیان لەبەر بەزەبری كوتەك ماشراوەتەوە ، لە زگی گولەكەی تەڕیان پەستیوە ، دەم ، بەستر ، چاو ، بە قوڕ سواخ درا ، گیان نووكی دەرزی یەو دەر ئەپەڕێ ..هتد).
– ( وەك تێبینیەك وشەكان چۆن ڕێز كراون ئاوا وەك خۆی نووسیوومەتەوە ، هەر چەندە لەو سەردەمدا وشەكان بەلێكدراوی نەنووسراونەتەوە بۆنمونە لەو چیرۆكەی كاكە مەم كاتی نووسیوویەتی (وون بوونی ) دەكرا لێك بدرێ و بنوسرێ(ونبوونی).
دوانمونە كەلەو كۆمەڵە بەرهەمانەی لە دوتوێی ژمارە(١) ڕوانگە دا هاتووە كە بەنمونە بهێنمەوە هۆنراوەی (شێركۆ بێكەس)ە بەناوی وەرزی پێنجەم لە كۆپلەی (٢) بەناوی (ژێرەوە)دا هاتووە :

له ژێر كه‌شی شاره‌كه‌ما
له ژێر مێزه‌ری گه‌وره‌یا
له ناو قوببه‌ی مناره‌یا
ڕۆژی هه‌زار به‌چكه ڕێویی
چاو ز ییت ئه‌زێن
ڕۆژی هه‌زار
ڕۆژی ملوێن
سوێند و به‌ڵێن
له ته‌نافی به‌نگه خۆیی ئابڕوویه‌وه
هه‌ڵ ئه‌واسرێن !

کاتی مەلاکان وپیاوە ئاینیەکان ڕەخنەیان لە بزوتنەوەی ڕوانگە هەبوو لەبەر ئەوەی پێیان وابوو دژ بە ئاین و بەناوی نوێخوازی و پێشکەوتنەوە دژ بە بیری کۆنەپەرستی بابەتەکانیان دادەڕێژن هەر وەك لەم کۆپلە شێوەی شاعیر شێرکۆ بێکەس رەنگ ئەداتەوە .. هەمان تێبینی پێشووم سەبارەت بە دارشتنی ئەو سەردەم لە ڕێکخستنی دێڕ و وشەکان سەیر دەکەین ئەوەتا لەم شێوەی سەرەوەدا کە هاتووە بۆ نمونە (کەشی ی) دەبوو بنوسرێ (کەشیی) یان لێکدانی لە جیاتی (هەڵ ئەواسرێن) بنوسرێ (هەلئەواسرێن) ...هتد

– بەڵێ بزوتنەوەی ڕوانگە جگە لەو شاعیرو چیرۆکنووسانەی لەبانگەوازی یەکەمیاندا ناویان هاتووە دواتر بەدەیان شاعیر و نووسەر و چیرۆکنوسان هاتنە پاڵ ئەم تەوژمەو لایەنگری خۆیان نیشان ئەدا ..هەروەها بەرەیەکی دژ بەم تەوژم و شەپۆلە بیر و بۆچونی خۆیان دەخستە ڕوو و لەدژیاندا دەوەستان ..

سەبارەت بەلایەنگری ڕوانگە لەو بەیاننامەدا چەندین ناوی تازە دەبینین کەلە ڕۆژنامەی هەکاری ژمارە(١٧) لە ٨/ی ئایاری/١٩٧١ دابلاو کرایەوە کە ئەو کات هەکاری مینبەرێکی تەرخان کراو بوو کە زۆربەی جموجۆڵی و بیرو بۆچونەکانی تیا بلاو دەکرایەوە.

بەیاننامەکەش بەم شێوەیە بوو :

(ڕوانگە و بەیاننامەی – ئەی قەڵەمە نەترسەکان .. یەکگزە !)

ئەو ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەی واژویان کردبوو کەبەناوی هەموویانەوە بلاوکرایەوە بریتیی بوون لەو بەڕێزانە:

(شێرکۆ بێکەس – حسێن عارف – جلال میرزا کەریم – کاکە مەم بۆتانی – تاهر سالح سعید – سلاح الدین احمد شوان – عبدللە عباس – ڕەفیق سابر – احمد سالار )

بەیاننامەکە بەو دێرانە دەست پێدەکات :

(ماوەیەکە کۆنەپەرستانی بە ڕواڵەت فریشتە و بە دەروون شەیتان !

لەســەر شــانۆی ناوبــانگ ڕزیــوی جادووگــەری و تەڵەکــە بــازیی بەهــەر چــوار پــەلی شکاویانەوە کەوتوونەتە سەما کردن ، سەما کردن بۆ ئەو دەڵـە دێـوی کۆمپانیانـەی کـە مەمکی پڕ نەوتیان داوە بەشـانی تەمـەنی شـوورەیی و ئـابڕووی تکـاوی مێـژووی دوور و نزیکیدا !...

لەدوا دێری بەیاننامەکەدا هاتووە:( ئەی ڕۆشنبیران... ! ئەو دەنگانە کپ بکەین... کە ئەیانــەوێ ڕێ بــە کــاروانی وشــەی سەربەســت بگــرن و بروســکەی قەڵــەمی نەترســی بکوژێننەوە).

– لەبەر درێژی بەیاننامەکە ئەو چەند دێرەم خستە ڕوو کەبەتەواوەتی لـە ژمـارە(١٧) ی ٨/ی ئایاری/١٩٧١ لە هاوکاری بلاوکراوەتەوە وەك لەپێشدا ئاماژەم پێکردووە .

## ٢- ( من و ڕوانگە ) و کاریگەری لە ئەوسا و ئێستادا :

من بەش بە حاڵی خۆم ئەوسـا کـە ڕونگـە یەکـەم کۆمەڵـە بەرهـەمی هەمـەڕەنگی لـە دوتــۆیی نامیلکەیــەك ژمــارە(١)دەرچــوو کەبــە نــاوی دەنگــی نــەوەی نــوێ ڕاگەیەنــدرا کەچەندین شیعر و چیرۆك و بانگەواز و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕو سەرەنجی لەخۆ گرتبـوو ، دواتر بەرهەمی ڕێچکەگەرانی ئەو شەپۆل و تەوژمە بلاودەکرایەوە ، هەسـتم کـرد وردە وردە دەکەومە ژێرگاریگەری لەڕووی تەکنیك و جۆری دەربڕینـەکانیان بەتایبـەتی لەمـەڕ دارشتنی شیعرەکان کەبەناوەڕك بیرۆکەی شۆرشگێڕانە و بـەرگری و یـاخی بـوونی لـەخۆ دەگرت هەر لەسەرەتای هەفتاکانەوە کەشـیعرەکانم بلاودەکردنـەوە بـەدەر لەشـتە بـاوو سـواوەکان .. کەهـەوڵم دەدا بـەزمانێك بنوسـم لەزمانـە ئاسـاییەکان تێپـەڕ بێـت و تـازە بوونەوەیەك لەخۆ بگرێ..ئەوەتا ناونیشانی چەند شیعرێکم بۆنمونە کە گیـانی شـۆرش و تێکۆشان و بەرگری و نـارەزایی و یـاخی بـوونی پێـوە دیـارە ، ڕێـچکەیەکی بەتـەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێبـاز و دەنـگ و ڕەنگـی ڕوانگەییـەکان کـە دەتـوانم بڵـێم تائێـستا کاریگــەری هــەر بەســەرمەوە هەیــە ..بۆنمونــە ئــەو شــیعرانەی کەلــە هــەفتاکان بــلاوم کردۆتەوە لەو سەردەم..

١- یەکێتی بیر (لاوێکی ڤیتنامی بۆی گیرامەوە) لە ژمارە(٢،٤)ی گۆڤاری هەولێر ساڵی(١٩٧١) بلاّوبۆتەوە .

٢- پاروو دەمی گرێک / لەگۆڤاری نووسەری نویٚ ژمارە(٢)لە ساڵی(١٩٧٤)بلاّوکراوەتەوە.

٣- تفەنگی سوارکراو / لەگۆڤاری(بەرەو ڕووناکی) ژمارە(٣) ساڵی (١٩٧٣)بلاّوکراوەتەوە .

٤- یان شیعری(لە یاداشتی پێشمەرگەیەکدا) کە لە نووسەری کوردستان لە شاخ دەردەچوو لە ژمارە(٩) کانوونی ساڵی (١٩٨٤) بە ناوێکی نهێنی (چیا) بلاّوکردۆتەوە . وەك نموونەیەك :

ئەو هۆنراوەیەم دەخەمە بەر چاو کە بەزمانێکەوە هۆنیوومەتەوە هەمان ڕێچکەو کاریگەری شاعیرانی ڕوانگە یپێڕەوەکانی پێوە دیارە کە جۆرە ستایل و مۆدیلێك بوو لە بلاّوکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرە ئاگریانەی لاوانی ئەو سەردەم:

**تفەنگی سوارکراو**

بەڵی ئازیز
کۆچی سوورت ، ئاهی ساردت ، لە گیانما کرد
ئەنگوستیلەی زەردی پایز
بە پەنجەکەی ژیانمت وەکرد
وەکو ئادەم..هەردەم..بۆ گەڕانەوە
دەستەکانم هەڵبڕمەوە..بۆ گەڕانەوە
ئەگەر بۆ ساتی بتبینم بە مێوانی
بەدی بکەم ، تیلەی سوچیٚ ئاوەدانی
بەلاّم مێوان..گیانە مێوان
خۆشەویستی زۆر زۆر زیاتر
بادەی قوپاوی دڵ پڕتر

پڕ گڕ ئەکات
بەڵام گیانە کە ڕۆیشتی
خۆشەویستی هێندە زۆرتر گەشە ئەکات
ئەگەر دەستەکانم ببڕن
تۆش هەڵگرن
تفەنگی سوار لە ناو ژیانم
پەنجەش نەبێ
بەزمانم دەیتەقێنم..دەیتەقێنم!!

ئیتر دوا وتەم هەر ئەوەیە (ڕوانگە) کەلە حەفتاکانەوە سەری هەڵدا کە هەوڵ و تەکانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو بۆیە گۆڕانکردنی فۆرم و ناوەڕۆك ستایلی ئەدەب بە گشتی ئەگەر نەیتوانیبێ هەموو ئامانجەکانی بپێکی، بەڵام وەك هەموو بزوتنەوە و شەپۆل و تەوژمێکی تر توانیویەتی ئاسەوارێك و کاریگەریەك بەجێ بهێڵێ ئەوەتا تا ئێمڕۆش گفتوگۆ و مشت ومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێ.

**نەوزاد ڕەفعەت:**

## مـن و ڕوانگە

هەرلە قۆناغی ناوەندییەوە، وردتر لـە پـۆلی دووەمـی ناوەندییـەوە (١٩٦٥-١٩٦٦)، حەزم لە خوێندنەوە دەکرد، ئەو گۆڤارەی منداڵانیشم هەرگیز لەیادناچێتەوە کـە نـاوی (سمـیر) بـوو، بـەڵام نـازانم لـەکوێ دەردەچـوو، هـەروەها گۆڤـارێکی تـری منداڵانیـشم دەخوێندەوە کە لە میسر دەردەچوو، بەداخەوە ناوەکەیم لەبیرنەماوە، هەروەها کتێبی چیرۆکی منداڵانیشم دەخوێندەوە.

لـە قۆنـاغی ئامادەییـشدا، برێـك پانتـاییی خوێندنـەوەم فـروانتر بـوو، دەسـتم بـە خوێندنەوەو خواستنی ڕۆمانو کورتەچـیرۆك کـرد لـە کتێبخانـەی گشتیی هـەولێر، لـەو دیوانانەش کە لەوێ خواستمن، بۆ نموونە: دیوانە گەورەکەی (الاخطل الصغیر – بشارة الخوري) بوو، لەبارەی ڕۆمانو کورتە چـیرۆکەوەش، هەنـدێك لـە داهێنانـەکانی نـەجیب مـــەحفووزو بـــەیار ڕۆفائیـــلو یووســـف ئەلـــسیباعیو وەفیـــق ئەلعـــەلایلیو محەمـــەد عەبدولحـەلیم عەبـدوڵڵاو ئیحـسان عەبدولقـدووسو .. ڕۆمـانی جـین ئـیر – ی شـارلۆت برۆنتیو بانەکانی وێـژەرینگ – ی ئیمیلی برۆنتیو بەفرەکانی کـەلیمنگارۆ – ی ئەرنـست هـەمنگوایو چـرا شـینەکان – ی حننـا مینـا... تـاد بـوون، لێـرەدا سوپاسـی هـەموو فەرمانبـەرانی ئـەو کتێبخانەیـە دەکـەم کـە هەمیـشە بـە ڕوویـەکی گـەشو خۆشـەوە پێشوازییان لە منو خوێندەواران دەکـرد، بەتایبـەتی بـرای بـەڕێزم (کـازم ئـەیووب) ... تەنانەت هەر لەو قۆناغەدا (نازانم پـۆلی چـوارەم یـا پێنجـەم بـووم)، دەفتـەرێکم هـەبوو (بیری ڕاگوزاری – خواگر)م بە قەڵەم پەندانێکی مەرەکـەب پیرۆزەیـی تێـدا دەنووسـینو لاپەڕەکانیم بە نەخشونیگار دەڕازاندنەوە.


لە پۆلی شەشـەمدا، مـنو (ڕیـاز وادی) هـەر لـە ئامـادەیی هـەولێردا، بـۆ پـالاوتن لـە پێـشبڕکێیەکی قوتابخانـەدا بەشـداربووین، کـە مامۆسـتایان (کـەمال غـەمبارو مەجیـد عەبدولقادر سێگردکانی، پێموایە مەلا عوسمان مەلا ساڵح کۆزەپانکـەیی)شیان لەگەڵدا بـوو، هەڵـسەنگێنەریان بـوون، کورتـە چـیرۆکەکەی ئـەو، دەربـارەی هـەژارێك بـوو، کـە

قاچێکی بڕابووەوەو هەمیشە بەسەر عەرەبانەکەیەوە کە گوێدرێژێك ڕای دەکێشا، لە شەقامو کۆلانەکانی هەولێر دەبینرا... هی منیش، کە ناوی (ضربة القدر) بوو، لە دەفتەرێکی ڕەنگ شەرابی نووسیبوومەوە. بیرۆکەکەی گەنجێك بوو، دڵدارەکەی پاش ئەتکردنی بەجێی هێشتبوو، چیرۆکەکەی من درێژ بوو، هی ئەو پەسندکرا، دوایش لەو پێشبڕکێیەدا قەڵەمێکی پارکەر ٢١ی بە خەلات وەرگرت.

گۆڤاری (الاقلام)ی عەرەبیشم دەخوێندەوە، دوایی هەموو ئەو ژمارانەی هەمبوون، پێشکەشی هاوڕێم مامۆستای زمانی عەرەبی (خەلیل مستەفا)م کردن، بەلام وەرگیرانم لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠، گۆڕان و وەرچەرخانێك بوو لە ژیانو ژینگەمدا، چونکە بەغدا ناوەندێکی گەورەی ڕۆشنبیری بوو، لەوێ بواری خوێندنەوەو مێشك کرانەوەم زیاتر بۆ ڕەخسا، بەغدا جێگای چەسپاندنی خودو دەرخستنی بەهرەو تواناو وەدیهێنانی خەونەکان بوو، ئەوسا کوردیم باش نەدەزانی، تەنانەت ئەو دیوانو نامیلکانەشم نەخوێندبوونەوە کە هەمیشە لە جامخانەی چاپخانەکەی مامۆستا (**گیوی موکریانی**) دا دەمبینینو لە ناونیشانەکەیان بترازێت، هیچم لێ نەدەزانین.

لەبیرمە یەکەم گۆڤاری کوردی کە کڕیمو خوێندمەوە، گۆڤاری (برایی) بوو، کە مامۆستا **سەعید ناکام** سەرنووسەری بوو، یەکەم شیعری نوێش لە هەمان گۆڤاردا سەرنجی ڕاکێشام، شیعرێکی شاعیری بەناوبانگ (**حەسیب قەرەداغی**) بوو کە باسی مقۆمقۆیەکی !! ناو پێشمەرگەی دەکرد.

ئەو خوێندنەوەیشم بۆ ئەوەبوو تا خۆم بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە ئامادە بکەم، کە دەبوو قوتابییانی بەشی کوردی بۆ زانینی ئاستی کوردی زانینیان بۆ وەرگیران لەم بەشەدا تێیدا سەربکەون، کە لەم بەشەش وەرگیرام، وازم لە کۆلێژی (سیاسەت)ی زانکۆی موستەنسریە هێنا، لەبەرئەوەی لەوێش وەرگیرابووم.



**نەوزاد ڕەفعەت**

بەڕاستی زۆر لە بەشی کوردی بەختەوەرو ئاسوودە بووم، ئیدی دەستم بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانە کرد، کە لەو ڕۆژگارەدا دەردەچوون بەتایبەتی ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە بەڕاستی قوتابخانەبوو.

لەیەکەم ساڵمدا، سەرەتا لە گەڕەکی (وەزیریە)و پاشان لە (ئەعزەمیە) لە شوقەیەك جێگیر ببووم، هەموو بەیانییانی ڕۆژانی هەینی، لە ئەعزەمیەوە بە پاس دەهاتمە (باب ئەلموعەزەم) بۆئەوەی هاوکاری بکرم، چونکە پێنجشەممان دەردەچووو بەیانییانی هەینی بلآودەکرایەوە، هەروەها گۆڤاری بەیانو ڕۆژی کوردستانو نووسەری کوردو ڕۆژنامەو گۆڤاری تریشم دەخوێندەوە، لەو دیوانانەش کە خوێندنمەوە، دیوانەکانی **شێرکۆ بێکەسو عەبدوڵلاّ پەشێوو جەمال شارباژێڕیو دیلانو کامەران موکری** بوون. بەلاّم درەنگتر دیوانی (ڕازی تەنیایی) **ئەحمەد هەردیو** (کۆشی ئارام)ی **سەعدوڵلاّ پەرۆشو** (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی **لەتیف هەڵمەت**ـم خوێندەوە. ئەوساو ئێستاش هەر حەزم لە شیعری نوێیە.

هەر لە ساڵی یەکەمی خویندنمدا، یەکەم ژمارەی (ڕوانگە) دەرچوو کە بانگەوازی ڕوانگەییەکانو کۆمەڵێك بەرهەمی تری گرتبووەخۆ. وەك لە بانگەوازەکەدا دیارە، ڕوانگەییەکان بەجیاوازیی بیروبۆچوونەکانیانەوە، دەیانویست باری ئەدەبیو لایەنە تاریكو پاشکەوتووەکانی کوردەواری بەرەو ئاستێکی بالآترو نوێترو پێشکەوتووتر بگۆڕن... گۆڕین خەونیان بوو. دروشمەمەکانیش وەك لە هەر سێ بەرگی ڕوانگەدا دیارن (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ)ن، خۆشیان لە بانگەوازەکەدا دەڵێن:

> **((قوتابخانەی ئێمە، قوتابخانەی (نەتەوەو ژیانە)... قوتابخانەی مرۆڤایەتیی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە.. قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزووتنو پێشکەوتن... قوتابخانەی هەڵچوونو یاخی بوونە لە ڕووی هەر کۆتو زنجیرێکدا کە بیەوێت بەر لە تەقینی کانیی ئاواتی لە بن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێت. نەگریانو دۆشدامانو فرمێسك ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکانو نەگرتنی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزووتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش).**

هەروەها تێیدا هاتووە:

**(ئێمە نووسینمان قاڵبووی ئازارە.. بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت..جوانی پەرستە... بۆیە ناشیرینی ناگرێتەخۆی. نوێخوازە.. بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت، سەربەستو ئازادە.. بۆیە گشت کۆتو زنجیرێك ئەپچڕێنێت، شۆڕشگێڕە... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپو مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە. مرۆڤ کورد ئەینووسێت، بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ).**

بەڵام کێ لە ئەوانەی ئیمزایان کردووە ئەکتیڤترو کاریگەرتر بووەو کێ کشایەوەو چۆنیەتیی نووسینی بانگەوازەکەو وردەکاریی تر.. ئەوە دەبێت لەو دەستەیە خۆی بپرسرێتو، بۆئەوەی ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە.

منیش ئەوکاتە لە هەرەتی لاویدا بوومو دەمارەکانم خوێنی نوێ بوونەوەو یاخی بوونی پۆزەتیڤو شۆڕشگێڕیەتییان پێدا دەگەڕا.. پەیامێکم هەبوو، دەبوو لە ڕێگای ئەدەبەوە بیگەیەنم.. بۆیە لایەنگری بزووتنەوەی ڕوانگەبووم.. بەتایبەتیش لە سەرەتادا، دەقەکانی هەردووك شاعیری گەورە (جەلالی میرزا کەریمو شێرکۆ بێکەس) زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، چونکە بە زمانو شێوازو ڕۆئیایەکی جیاواز دەیاننووسی، تەنانەت یەکەمین شیعری بلاوکراوەم (گۆرانیی گوللەیەکی نەتەقیو) کە لە ژمارە (١٠٦ ی ١٩٧٢/٣/٤)ی ڕۆژنامەی هاوکاری–دا بلاوبووەتەوە، کاریگەریی دەنگو شێوازی (**جەلالی میرزا کەریم**)ی پێوەیە، بۆیەش هێشتا هیچ دیوانێکی چاپکراونم نەیگرتۆتە خۆی، هەروەها، لە بانگەوازەکەدا هاتووە کەوا ئەوان (نەوەی نوێ هان دەدەنو دەستیان دەگرن)، ئەوە لای من واکەوتەوە، چونکە پاش نیوەڕۆیەکی شوباتی ١٩٧٢، بەچەند بەرهەمێکەوەو بێ ئەوەی کەس بناسمو کەس بەرهەمەکانی دیبم، چوومە بارەگای ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە گەڕەکی عیوازیەو یەکەم کەس کە بەرهەمەکانمی خوێندەوەو بەدڵی بوون، جەلالی میرزا کەریم بوو، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە لێی پرسیم: چیو کێ دەخوێنیتەوە؟ منیش وتم: ((شاعیرە نوێخوازە عەرەبەکان بۆ نموونە مەحموود دەروێش دەخوێنمەوە، کوردەکانیش بەڕاستی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم–م بە پلەی یەکەم بەدڵە))،

ئەویش بەزەردەخەنەیەکەوە، دەستی بۆ عەبدوڵڵا عەباس درێژکردو گوتی: ((ئەوە جەلالی میرزا کەریم))ە. گوتم: ((نەخێر ئەوە کاك **عەبدوڵڵا عەباس**))ە، چونکە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری لە تەلەفزیۆنی کەرکوك هەبوو، بۆیە دەمناسی، ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی: ((نا کاکە خۆی جەلالی میرزا کەریم–ە))، هەروەها گوتی: ((ئەدی ڕوانگەت بەدڵە؟!)) گوتم: ((بێ گومان.. ئەویش دەخوێنمەوە)).

یەکەم بەرهەمم کە بلاوکرایەوە. پارچە وەرگێڕانێکی کورت بوو بەناونیشانی (پۆشکین شەکسبیری ئەدەبی ڕووسی) کە لە ڕۆژنامەی (الجمهوریة)وە وەرم گێڕابوو، ئای !! کە پێی شادبووم، باڵم گرت، دەمویست نەوەك پڕ بەخانووەکانی ئەفسەران لە گەڕەکی ڕاغیبە خاتوون (لەگەڵ برادەرم عەبدولواحید شاکرو چەند قوتابییەکی فەلەستینیدا، خانوویەکمان لەوێ بەکرێ گرتبوو) وەك بروسك بشریقێنم، بەڵکو بەقەد هەموو دنیا... پاشان شیعری ناوبراوم بلاوکرایەوە.

ئەو هەستونەستە گڕکانییە، ئەو ڕۆحی شۆڕشگێڕیەتیو حەزبەگۆڕین کردنە، لەسەرجەم دەقەکەداو بۆ نموونە: لە یەکەم کۆپلە شیعری (گۆرانیی گوللەیەکی نەتەقیو) دا ئاوا ڕەنگی دایەوە:

**نرکەی نۆتەی**<br>
**ئاوازی گۆرانییەکی تۆقینەرم**<br>
**لەدەنگایە**<br>
**بەلأم هێشتا**<br>
**وەک بروسکەی تەقینەوەی**<br>
**بۆمبای دەستی...پێشمەرگەیەک**<br>
**قارەمانێک..**<br>
**نەبیسراوە**<br>
**باسی نەخشەی**<br>
**شۆڕشێکی دەم خوێناویم...**<br>
**لەناخی دڵو سنگایە**

بەڵام هێشتا

وەک ڕاستییەک

بانگەوازێک

لەسەر گشت دیوارو دەرگاو

کۆڵان‌و شەقامەکانی

شارەکانا

نەنووسراوە...

پاشان پێم وایە هەر لەبارەی ئەم شیعرەوە بوو، کە **سەلاح شوان**-م دیتەوە، گوتی: ((کاك شێرکۆ چاوت ماچ دەکات، دەڵێت شیعرێکی جوان بوو، کوڕە ئەوە شێرکۆیە وا دەڵێت)) ئەو هەڵویستانە، بە کردەوە ڕاستیی ئەو نووسینەیان نواند، کە سەبارەت بە پشتگیریی نەوەی نوێ لە بانگەوازەکەی ڕوانگەدا هاتووە: (ئێمە وەها بەئاواتەوەین لە کۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا، سەدان بەهرەی ڕۆشن لەدەم گورگی چەقین‌و کپ بوون بسێنینەوە... سەدان ئەستێرەی گەش لەژێر باڵی تاریکی دەرکێشینەوە دەرەوە.. سەدان خونچەی هیوا لە سیسبوون‌و بگرە سەدان گوڵی بۆنخۆشیش لە هەڵوەرین ڕزگار بکەین، کە ئەمانە هەموو لەم ساتانەی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەدەبەکەماندا متوخامۆشن‌و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕەنگاوڕەنگی بەختیان ئەکەن).

بەهۆی خوێندنەوەوە... وردەوردە هەستی بەراوردکاریم زیاتر چەکەرەی کردو بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەمڕوانییە شیعرەکانم، کە پاش هەڵڕشتنیان لەسەر کاغەز یان نووسینیان، چەندان جار پێیاندا دەچوومەوەو دەسکاریم دەکردن‌و ڕەشنووسەکانم دەگۆڕین، هەندێکیشیان هەر لە خولقانیانەوە لێیان ڕازی بووم، هەندێکیشیانم دەدڕاندن.

(دەنگی هۆنراوەیەك) دووەم شیعرم بوو، کە لە ژمارە (١١ی ١٩٧٢/٨/٣)ی ڕۆژنامەی برایەتی بلاوبووەوەو بریتی بوو لە (٤) کورتە شیعر.

بڕوانە چۆن لەم کورتە شیعرەدا، گەورەترین مانا لە بچووکترین فۆرمدا دەربڕاوە:

*** دوێنێ وتیان:**

**((نامەیەک بۆ خۆر بنێرە**

**بڵێ: جارێک**

**تەنیا جارێک بێتە ئێرە.))**

هـاوین بـوو، کـە شـیعری نـاوبراوم بـە هـاوڕێی کۆچـکردووم (**سـامی شـۆڕش**) دا بـۆ ڕۆژنامەی برایەتی نارد، بەدەم خوێندنـەوەوە، سەرسـامیی خـۆی بەرامبـەر ئـەو کورتـە شـیعرە دەربـڕی، کـە بلاوبـش بـووەوە، لـەو (بـاغی شـار)ەدا، کـە ئەوسـا (یانـەی مامۆستایان) بوو، ئێوارەیەك لەناو ئەڵقەیـەك دانیـشتوودا، پێموایـە (**پەشـێو**)یـش لـەوێ بوو، مامۆستا **عەزیز گەردی،** هێشتا لە دوورەوە دەمناسی، گوتی: ((شـیعرەکەت جـوان بوو))، ئەم ڕایەش بۆ گەنجێکی تازە دەستپێکردووی وەك من ستایـشێکی گـەورە بـوو. هەر لەو چوار ساڵەی خوێندندا، لەزۆر کۆڕدا وەك گوێگر دانیـشتمو لەچـەند کۆڕێکیـشدا شیعرم خوێندەوە.

لە میهرەجانی لقی بەغدای کۆمـەڵی هونـەرو وێـژەی کـوردی، کـە لـە هـۆڵی (سـاتیع ئەلحوسەری)ی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا سازدرا، لەگەڵ چەند شاعیرێکی لاوی ناسراوی ئەوسادا شیعرمان خوێندەوەو پاشان مامۆسـتام **د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**، ڕەخنەی لەبارەی هەر یەکێکمانەوە لە ڕۆژنامەی برایەتی نووسی، ڕەخنەکـەی لـەبارەی منـــەوە، لـــەژمارە (٤٠ ی ١٩٧٣/٢/٢٨)دا بەناونیـــشانی (نـــەوزاد ڕەفعـــەتو خـــەوێك لەباوەشـی ئاڤێـستادا) بلاوبـووەوە، کـە پـاش تێبینـیو هەڵـسەنگاندنی، بەنموونـەی شیعرییەوە لە کۆتاییدا دەڵێت:

**((ئەمیش مژدەی تازە ڕسکاندنێكو هاتنە کۆڕی شاعیرێکی لاوە، هیوادارین دەنگی دلێری بێ گریانی ببیستینو هەر سەرکەوتووە.. گەشەداربێت)).**

ئینجا پاش دەسکاریو لێقرتاندنێکی زۆر، لە ژمارەی ڕۆژی ( ١٩٧٣/١/١٨)ی ڕۆژنامەی برایەتی دا بلاوبووەوە، ئەو شیعرەشم لە دیوانەکانمدا بلاونەکردۆتەوە، بەلام بلاوی دەکەمەوە.

کە ئێوارەیەك پێش ئەوەی بیبەمە ڕۆژنامەی ناوبراو، هەمان شیعرم لە چایخانەی پەرلەمان لە بەغدا بۆ (**مەحموود زامدار**) خوێندەوە، ئەم کۆپلێتەی بەدڵ بوو:

**سەرمامانە...!**

**تا ئەوکاتەی**

**کەڵە پشکۆی نیگای هاوین..**

**بەسەرمانا... دائەبارێ**

**تک.. تک.. ئارەق**

**بە ڕوومانا..**

**بەگیانمانا**

**دێتەخوارێ**

**تا ئەوکاتەی**

**لەباوەشی ... گڕا ئەنووین..**

**لەباوەشی خۆرا ئەنووین..**

**سەرمامانە..!!**

**جەلالی میرزا کەریم**، پێموایە کرابووە لێپرسراوی لاپەرەی ئەدەب یان زیاتری پێ سپێردرابوو، لەبیرم نەماوە، شەوان لەوێ کاری دەکرد، سکرتێری گۆڤاری بەیان-یش بوو، گوتی:

((با ئەم شیعرە بۆ گۆڤاری بەیان بێت، چونکە ژمارەیەکی تایبەتی بە شیعری نوێ دەردەکەین))، منیش گوتم:

((شیعرێکی ترم لەبەردەستدایە، هەر پاکنووس کردنی ماوە، بۆتی دەهێنم))، ئەوەبوو شیعری (فرینی ئەسپێکی بێ باڵ) لەگەڵ شیعری (١٥) شاعیری نوێخوازی تردا، لە ژمارە (٨ی ساڵی ١٩٧٣)ی گۆڤاری بەیان بلاوبووەوە. کە ئەمانە بوون:

کەنعان مەدحەت، ڕەفیق سابیر، سەلاح شوان، ئەنوەر– فەرهاد– شاکەلی، شێرکۆ بێکەس، سەعدوڵلا پەرۆش، بەدرخان سندی، عەبدوڵلا پەشێو، محەمەد بەدری، ئەنوەر قادر محەمەد، لەتیف هەڵمەت، سامی شۆڕش، عەبدوڵلا عەباس، سەلام محەمەد، جەلالی میرزا کەریم.

لەیەکەم کۆپلەی دەقی ناوبراودا دەڵێم:

**ترپەی هەنگاوی ..گەڕۆکیم**

**ئەو ئەسپەیە..**

**جڵەوو.. زین.. فڕێ ئەدا**

**ئەو شەوەیە..**

**ئەستێرەکان..ئەوەرێنێ**

**ئەو کۆترەیە..**

**ساڵێ دوانزەی مانگ**

**بەئاسمانەوە.. ئەگەڕێ**

**گۆرانیی.. ئەو دەروێشەیە**

**زەرگی ئاگر لەخۆی ئەداو**

**لە شەقامەکانی شارا**

**بە ڕووتو قووتی.. ئەگەڕێ**

بێ گومان ئەم هاندانە بۆ من، بەرەوپێشەوەچوونێکی بەرچاو بوو، زۆر زۆرم دڵ پێی خۆش بوو، دیارە ئێستاش زۆر لە برادەرو خوێندەواران بە ناونیشانە سریالییەکەی (فڕینی ئەسپێکی بێ باڵ) پێدەکەنن، لەبیرمە (سەلاح شوان)ی هاوڕێی ئازیزم کە بینیمی وتی: ((نەوزاد تۆ لەم شیعرەدا لە هەمووومان نوێخوازتر بووی))، مامۆستام د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ–یش، ڕەخنەیەکی بەناونیشانی (شیعرەکانی ئەم ژمارەیەو چەند سەرنجێك) لەبارەیانەوە نووسیوە. ئەم ژمارەیەی (بەیان) بێجگە لە شیعرەکان ..بەرهەمی تریشی گرتبووەخۆی.

ڕوانگە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە.. تا ژمارە (٣)ی لە دانیشتنی چایخانەو مەیخانەو کۆڕە ڕۆشنبیرییەکاندا لەنێوان بیروبۆچوونو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکاندا بەتایبەتیش لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری–ی قوتابخانەدا، چ لەنێوانی ئەوانەی لایەنگری بوون یان پێچەوانەبوون، بووە مایەی گەنگەشەو مشتومڕێکی گەرم، ئەوەش لە چاوپێکەوتنی چەندان نووسەرو لە وتارەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، کە مامۆستا حسەین عارف لە کتێبی (ڕوانگەو یارانو نەیارانی)دا ئامادەی کردوونو ساڵی ٢٠٠٥ دەزگای سەردەم چاپی کردووە، بەمەش لایەنێکی گرنگی باری ڕۆشنبیریی کوردیی ئەوسای بۆ خوێنەران ئاسان کردووە. دەڵێن پێش ڕوانگە هەوڵی نوێخوازیی تریش هەبووە.. وەکو گرووپی کفری، بەلاّم ئاخۆ بەو شێوەیەی ڕوانگە ئاوا دەنگدانەوەی هەبووە یا کاریگەر بووە؟! یا بووەتە جێگای ئەو هەموو نووسینو دیالۆگو بەو فراوانییە لەسەر ئاستی کوردستاندا بلاّوبووەتەوە؟.

بەلای منەوە گرنگیی جاڕدانی بانگەواز لە چەندایەتیو چۆنایەتیی کاریگەریەتیەتی لە ناوەندەکاندا، نەوەك لە نووسینیەتی. با هەرچەند کەسێك بانگەوازێك مۆربکەنو جاڕی بۆ بدەن، گرنگی لەوەدایە چی لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، بۆ نموونە بزووتنەوەی سریالییەکانو دادایەکان هەردووکیان بوونە قوتابخانەو کاریگەرییان گەیشتە ئاستێکی جیهانیو هێشتاش لەزۆر شوێندا، پەیڕەوکاری خۆیان هەیەو شوێنەواریان بەجێ ماوە...

شایانی سەرنجە هەر بۆ بەڵگەیەکی تری پشتگیریی ئەو دەستەیە لە شیعری نوێو خوێنی نوێ، کاك **حسەین عارف** بەناوی خوازراوی **هەڵگورد**–ەوە شیعری (مەڕۆ)ی منی وەرگێڕاوەو لە پاشکۆی ژمارە (٢٤٦ی ٢٥/٦/١٩٧٧)ی ڕۆژنامەی (الفکر الجدید)دا لە گۆشەی (نافذة علی الشعر الکردي المعاصر)دا بلاّوی کردووەتەوە، ئەمەش یەکەم شیعری وەرگێردراومەو پێش چاپکردنی یەکەم دیوانیشمە (دارستانی ئەو بنارە–١٩٧٨).

له کۆڕی ئەدەبی لاوانیشدا، که ساڵی ١٩٧٣ لیژنـەی ڕۆشـنبیریی مەڵبەنـدی گـشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەبەغدا، کە لە هەردووك هۆڵی (ساتیع ئەلحوسـەری‌و زانکـۆی موستەنـسریه) لـە بەغـدا سـازی داو ژمارەیـەکی زۆر لـە نووسـەران‌و شـاعیران تێیـدا بەشـداربوون، هـەر ڕوانگـەو نوێخـوازی‌و کێـشەی کـۆن‌و نـوێ‌و ئیلتیـزام‌و تەمومـژو زۆر مەسەلەی ئەدەبیی تر .. لەنێوان ڕاوبۆچوون‌و بیروبـاوەڕە جیاوازەکانـدا بوونـە هەوێنـە دیالۆگ‌و زۆرانێکی زۆر.. ئەو نووسەرانەش کە باسەکانیان پێشکەش کرد ئەمانـە بـوون: (ئەنوەر قادر محەمـەد، ڕەفیـق سـابیر، شـێرکۆ بێکـەس، مـەحموود زامـدار، فـەرهاد — ئەنوەر— شاکەلی، کاکەمـەم بۆتـانی، حـسەین عـارف). دەتـوانم بڵـێم لـە هـەموویان لـە زۆربەی کۆڕەکاندا ئامادەبووم.

# ڕوانگە و شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر

**کەریم دەشتی:**

## گۆڤاری ڕوانگە زمانحاڵی تازەگەریی بوو

لە دوای ساڵانی شەستەکاندا شیعر ، لە رووی وشە و فۆرم و ناوەرۆکەوە پێویستی بە جۆرێك گۆڕان بوو ، هەروەها لە رووی زمانەوە، هەلبەت ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی ویست و ئارەزوویێکی بە تینەوە هەیە، تا بتوانێ ئەم بارە قورسە هەڵگرێت، ئەوەبوو لە سەرەتای هەفتاکانەوە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو گۆڕانە دەستی پێکرد، کە من پێم وایە سەرەتای گۆڕانی سیاسی و فەرهەنگی بووە، کۆمەڵێك لەوانەی کە ئەزموونی ئەدەبیان هەبوو، رێبەرایەتی ئەم گۆڕانەیان دەکرد، کە سەرجەمی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە بە ناوی (**ڕوانگە**)وە بوو، رۆڵێکی باشیان گێڕا لە تازە کردنەوەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا، کە خۆی لەم خالأنەدا دەبینییەوە:

—لەرووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بە تەواوی لە کلاسیك دوورکەوتنەوە.

— بایەخێکی گرنگیان بە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

— بەرجەستە کردنی ویستی تازەگەریی بوو لە کوردستان.

— گەڕان بوو بە دوای بابەتی تازەو کتێبی تازەو دیدگای تازە لە ئەدەب و رۆشنبیرییدا.

— رووبەرووبوونەوەی سەلەفییەت و کۆنەخوازی بوو.

— دەستپێکردنی پرۆژەی دامەزراندنی گوتارێکی رەخنەیی هاوچەرخ بوو.

— گۆڤاری ڕوانگە زمانحاڵی تازەگەریی بوو.

— ئەوانەی کە زۆر دیار بوون لەم بزووتنەوەیە حسین عارف ، شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، سامی شۆڕش و جەمال شاربازێڕی بوون.

ئەمە حاڵی ئەو سەردەمەی سەرهەڵدانی **ڕوانگە** بوو، کە بیروڕای جیاجیایان لەمەڕ شیعر هەبوو، بەلأم کاریگەرییان بەسەر نەوەکانی دوای خۆیاندا زۆر بوو ، کە تاوەکو ئەمڕۆش هەرماوە، بەلأم پێم باشە بڵێم شیعر لە ئەمڕۆکەدا زیاتر بۆچوونە ناو مانا گرینگەکانە ئەو مانایانەی، کە حۆیان لە شوێنە قایمەکاندا حەشار داوە، ئەو مانایانەی

هـەموو کەسـێ پـەییان پـێ نابـات، واتـە شـیعر دەبـێ شـۆڕ بێتـەوە نـاو ئـەو کـەلێنو شەقارانەی، کە کۆدی مانا بەرزەکانی تێدا وون بووە. ئەمڕۆکە شـیعر ئەگـەر وێڵـی واتـا نهێنییـەکانو واتـا دامەزرێنـەرەکان نـەبێت ناتوانێـت لـەناو دونیـای پـڕ پێـشکەوتنی تەکنەلۆژیدا هاوشان لەگەڵ داهێنانەکانیدا بژیت، بۆیە شیعر لە ڕۆژی ئەمڕۆکـەدا لەگـەڵ شیعری رابردوودا جیاوازە ، شاعیرانی ئەمڕۆکە ڕێگە بە خۆیان نادەن هەموو شتێك، کـە هاتە بەرقەڵەمیان بینووسنەوە، بەڵکو ئـەو شـتانە دەنووسـنەوە، کـە هەنـدێجار قەڵـەم دەشکێنێ، زەمەنی ئەوە بەسەرچوو لەناو ئایدیای شیعردا یاری بـە قـژ و چـاو بکـەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هـاتووە تـۆ قـژێکی جـوانتر دروسـت بکـەیت، پەیکـەرێ دابتاشـیو رۆحی وەبەربێنی، ئەمڕۆکە شیعر دەچێتە ناو هاوکێشە فەلسەفییەکان، بەڵام فەلـسەفە نانووسێتەوە، رەنگە فەیلەسوفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سـوود لـەو جـۆرە شیعرانە وەرگـرن کـە مـن گوزارشـتیان لێدەکـەمو لـە بارەیانـەوە دەدوێـم بـەڵام شـیعر ناتوانێ فەلەسەفە بکات بەسەرچاوە بۆ خۆی، چـونکە شـیعر لـە دەرەوەی دیوارەکـانی فەلسەفەو حەقیقەتە فەرزکراوەکانیانـدا دەوەسـتێو مانایـەك بـۆ ژیـانو بـوون دروسـت دەکا، هەموو ژانرەکانی فەلسەفە لە پێناوی ئیقناعکردنی بەرامبـەر کـار دەکـەن، بـەڵام شیعر لە پێناوی دروستکردنی واهیمیەك کار دەکات کە مانایەك بدا بە ژیـانو مرۆڤـ لـە هەڵـدێرەکانی پرسـیاری ترسـناك رزگـار بکـات، شـیعری ئەمڕۆکـە هـۆیێکی گرینگـە بـۆ ئەوەی مـرۆڤ لـە ڕاڕەوەکـانی بێهـوودەییو نائومێـدی لـەم سـەر زەمینـە نـەجات بـداو بتوانێ بە سواری پشتی گەلاَیێ گەورەترین حووتی وەڕسـیو بێـزاری ڕاو بکـات، ئەگـەر رابردووی شیعری کوردیو هەتا ئێـستاش لەبـەر پەنجـەرەوە سـەیری مـانگی دەکـردو رایدەکێشایە سەر زەوی، ئێستا شـیعر لەسـەر زەوییـەوە رەگوریـشەی مـانگێکی جـوان دروست دەکات، مانگێ لە هەزاران پارچەی ماناو واتا خۆی شووشتبێ، بە کورتی شـیعر دەبێ پارسەنگی مانەوە بێو جەدواییێك بۆ ڕۆژانەمان دروست بکاتو نەهێڵێت بخنکێین. ئەمە دیاردەی هەموو چـاخەکانە کـە خوێندنـەوە لـە برگـەییێك لـە برگـەکانی مێـژوو کـز دەبێ، مێژوو هەمیشە هەڵگری خاڵە پۆزیتیفەکان نییە، چونکە تژی هۆکاری جیاجیایـە،

خوێندنەوە کارێکی ئەستەمو دژوارە بۆ ئەوانەی دەزانن بخوێننەوە، خوێنەر دەبێ خوێندنەوەیێکی قوولڵو برشتئامێزی هەبێو دیقەتدار بێ بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنانو کەرەستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ ناو هزرو زەینو تێڕامان، خوێندنەوە پرۆسێسکی مەعریفی گەورەیە دەستووری دژواری خۆی هەیە، من لە شوێنی تر باسم کردووە، خوێندنەوە وەك ئەوەی من باسی دەکەم بریتی نییە لە کردنەوەی کتێبو بەس، بەڵکو بریتیە لە وەرگرتنو گەمەی واتاکان، پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان، ئاشکراکردن، بێ ئەو هاوکێشەیە خوێندنەوە دەبێتە رەوتی ناو پۆلەکان، لەو رووەوە سەیری خوێندنەوەکانی ئەدۆنیس بکە بۆ کولتووری ئەدەبیو شیعری عەرەب لە (الثابت والمتحول)دا هەورەها خوێندنەوە **ئیدوارد سەعید** بۆ کاری رۆژهەلاتناسیو خوێندنەوەی صادق جلال العظم) بۆ کولتووری ئایینیو خوێندنەوەی (**ت. س. ئەلیوت**) بۆ رەخنەی میتافیزیکی. کاتێك قەڵەم دەگرمەدەست ودەچمە ئاوایی شیعر تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم وخوێنێکی هێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش ، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلیە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێتە سەر رۆحم زۆر جار لەخۆم دەپرسم و بەنێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم ، دەچمە قولایی هەمووکێشەکان ، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ وهێندە بە لەززەت هەڵدەپرژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە ، بەلام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرك بەو سەرچاوانە بکەین کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن ، چونکەدڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستەتیکای نووسین هەن وردو خاش دەبن و هیچ بەهایێك بۆ نووسین نامێنێتەوە ، ئەلێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆمن چۆنیەتی پێشوازی کردن لەم ئاگرانە ، یاخود پرۆسێسی دووبارە خەڵق کردنەوەی پرۆمیتۆس وکاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان ، کە ئەمەشیان قوربانیدان وچونەژێر باری قەدەرە .

هەفتاکان کانگەی بەلاو کانگەی سەرهەڵدانی فەوزاییێکی ئێستەتیکی ئەوبەلایە بوو ، بۆیە دەڵێم بەلا، چونکە ئەودەم هەمان ئەو بەلایە خەرەندێك بوو دەبووایە ئەدەبی

کوردی بەخۆ هەڵدانە ناویەوە پرۆسێسی خۆکوژی نمایش بکات، کەیسی سیاسی لەلایەک، کە لەناو چارەنووسێکی نادیاردا هەنگاوی دەهاوێشت و هێشتاکەش لەناو منداڵێتی خۆیدا دەژیا و هێزی بڕیاردان ودابڕانی نەبوو، لەلاییکی دیکەوە کۆمەڵی کوردەواری لەنێو ئەوپەڕی دواکەوتوویدا دەژیا و لەهەموو رووێکەوە نەشارەزایی و دوورەپەرێزی لە ژێدەرە بەرهەمهێنەرەکانی مەعریفی و فیکری پەنگاوەی دابۆوە ، بەتایبەت رەوتێکی زمانەوانی وا هەڵیدەسووڕاند، کە هیچ پەیوەندییێکی نە بە زمانی داڕشتنەوە هەبوو نە بە زمانی دیالۆگەوە ، بەمجۆرە گوتاری سیاسی و گوتاری سۆسیۆلۆژی گوتاری زمان سێ بەربەست و سێ زیرۆی بێ بونیادی هەوڵەکانی تازەگەریی بوون ، بۆیە نەیانتوانی بەدرێژایی ئەزموونی دە ساڵ ببن بە پرۆژەییێکی زیندوو، کە داهاتوو و ئێستای لەسەر بونیاد بنێین . ئەوەی ئاشکراو بەڵگە نەویستە ئەوەیە تێکستی پەیوەست بە داهێنانی تاک، کە بەری رەنجی بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکەسییە بە تەنها ناتوانێ پرۆسەی دورستکردنی کەلتوور بەڕێوە ببات، ئەگەر هاتوو کاری تیوربەندی وتیوریزەکردنی لەگەڵدا نەبێت ، ئەوە بیروڕایەکی کوشندەیە، کە تێکەز لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئێمە پێویستیمان بە پرۆسێسی تیوریزەکردن نییە، هەر ئەوەشە وایکردوە، کە زۆربەی داهێنەرەکان لە هەموو بوارەکانی تێکستدا ، لەمەڕ مەسەلەکانی خستنەرووی بیرو بۆچوونەکانییان دوورە پەرێز بوەستن ، بۆیە گۆشەی ئەم جۆرە نووسینانە لەنێو پانتایی ئەدەبی کوردیدا خاڵیەو رەنگە رۆژانێك دابێت نەوەکانی داهاتوو پرسیاری ئەوە بکەن، کە بۆچی نەوەکانی پێش ئەوان لەم ڕووەوە کەمتەرخەمبوون؟. بۆیە ئا لێرەوە دەڵێم بەداخەوە شاعیرەکان جگە لە شیعر چیرۆکنووسەکان جگە لە چیرۆك شتێکی دیکەیان نەداوەتە دەست، کە رەنگە ئەمەش ئەوە بسەلمێنێ ئەوان بە سوتفە چووبنەتە سەر ئەم دوو ژانرە ئەدەبییەوە ، رەنگە هەمدیس ئەوە بسەلمێنێ، کە هۆی نەبوونی شاکاری زۆر هەر ئەو دوورەپەرێزییە بێت لە کاری بەرهەمهێنانی تیوربەندیدا . بە درێژایی چەندین دەیەساڵ شیعریی کوردی نەیتوانیوە کاریگەرێتی خۆی ئەکتیف بکات، بەو مانایەی، کە برێکی کەم بەتەنها

ناتوانیٚ بە ئەکتیفکردنی کاریگەرێتی شیعری کوردیی بگرێتە ئەستۆ ، داهێنانی شیعری کارێکی تاکخوازە، بەلاّم کارایی ئەم کاریگەرێتییە پەیوەستە بە چەندێکی زۆرەوە ، شیعری کلاسیکی کوردی بە درێژایی چوارسەد ساڵ و بەبوونی چەندین شاعیری گەورەی وەك جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی و وەفایی وحاجی قادر و مەولەوی و تەیران و نەوەی دووەمیان، ئەنجا توانییان کاریگەری خۆیان زاڵ بکەن و جاویدانی بە تێکستەکانی خۆیان ببەخشن ، هەرواش نەوەی سێهەمی دوای ئەوان، کە توانییان ، بە درێژایی چەندین دەیەساڵ شیعریی کوردی نەیتوانیوە کاریگەرێتی خۆی ئەکتیف بکات، بەومانایەی کە برێکی کەم بەتەنها ناتوانیٚ بە ئەکتیفکردنی کاریگەرێتی شیعری کوردیی بگرێتە ئەستۆ ، داهێنانی شیعری کارێکی تاکخوازە بەلاّم کارایی ئەم کاریگەرێتییە پەیوەستە بە چەندێکی زۆرەوە ، هەرواش نەوەی سێهەمی دوای ئەوان کەتوانییان لەکاری نویٚ کردنەوەدا جۆرێك بەشوێن پێی رەوتی چۆنییەتی کارکردنی ئەواندا برۆن . هەربۆیەش ئەو تۆزە داهێنانەی کەبۆماوەی ئەو سی ساڵەی دواییە هەیە رەنگە لە نێو تەپوتۆزی ئەو بێهودەییەوە کاریگەرێتی نەمێنیٚ و لەبیر بچن . دەخوازم بڵێم شیعری ئەم سی ساڵی دوایی نەیتوانیوە بەردەوام لە بەر دیدو بۆچوونی خوێنەرانێکی زۆر بێت وەك شیعری کلاسیك، کە تاوەکو ئێستاش شوێنێکی زۆری لە زەینی خوێنەر دورست کردووە وهەمیشە دەخوێندرێنەوە .

ئەمەی رابردوو نائومیدمان ناکات، چونکە داهاتوو کاری ئارکیولۆژی خۆی دەکات ، رەنگە ئەوەپەنجا ساڵ بێت شیعر کەوتبێتە ژێر باری وەلاّمدانەوەی هەندیٚ پێداویستی رۆحی وکۆمەلاّیەتی و سیاسیەوە ، کە ئەمە هەڵەیێکی گەورەیە دەرهەق بە شیعر ، چونکە شیعر بەدوای خولْقاندنی فەزای جوانی و مەعریفەی وون و فەلسەفەی کاریگەرێتیدا دەگەریٚ و ئالۆزییەکانی دەنوسێتەوە، کە پەیوەستن بە هەراسانکردنی رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ و هەرگیز رێنیشاندەر نەبووە ، ئەم حاڵەتە بەهەمان ئاراستەو بەهەمان شێوە بەردەوام بوو، بەلاّم لە ناوەراستی هەشتاکاندا شێوەی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی شاعیران خوێنێکی تازەی هەڵسووراندە ناو جەستەی شیعری کوردی و

بابەتەکان بەرەو مەعالیمی تازە دەچوون، بەلاّم بەداخەوە لەوێش هەمدیس نەچووە ناو قوماشی تۆمارکردن ئەگەر چی فۆرمی جیا جیاو قسەو جیهـانبینی زۆری لەگـەلّ خۆیـدا هەلّگرتبوو، کەدەکرێ لە چەندخالّێکی گرینگ گەلاّلّەی بکەین:

- سەرهەلّدانی کۆدەنگی لە رووی چوون بەرەو هەرێمە شاردراوەکانی شیعر.
- بەجێهێشتنی قۆناخی لالانەوەو شین وشەپۆڕ.
- سەرهەلّدانی دیالۆگێکی رۆژانەی گەرم وگوڕ لەمەڕ مەسەلە گرینگەکانی شیعر.
- پەیوەستدانی هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەریەکان بە تەوژمی تازە کردنەوە.
- سەرهەلّدانی ترس لـە بلاّوکردنـەوەی شـیعر بـە شـێوەیێك کـە شـاعیران لەبـەر خوێندنــەوەی زیرەکانــەی ئــەوانی دی زۆر بــە وریــایی وئاگــا لــە خۆبوونــەوە شیعریان بلاّو دەکردەوە.
- هاتنەکایەی رەخنەی تازە، کە بابەت و بۆچوونەکان و هەلّگری جیاوازی بوو.
- شاعیرەکان کەوتنە ئەوەی کە جیهانبینی تایبەت بەخۆیان هەبێ .
- لەهەمووی گرینگتر دارمانی میتۆدی سەلەفیەت بوو لە شیعردا.

هەر لەدوای کۆتایی هاتنی هەشتاکان وسەرهەلّدانی قۆناغی رزگاری نەتـەوەیی ، وەك چۆن لەسەرەتای سالاّنی هەفتاوە کەقۆناخی ووچانی سیاسی وەستانی کاتی تفەنگ بوو شیعری کـوردی کەوتەسـەر ئـاوازی حەماسـەت ودرودو لالانـەوەو پیـا هـەلّگوتن دووبـارە شیعری کوردی تازە کەوتـە سـەر ئـاوازی مـۆد و پـۆرترێتی رابـردوو و لاسـایی و گەمـەی سەقەتی زمان و رەتابەتەوە، زۆربەی شاعیرەکان خۆیان گۆشـەگیر کـرد و نـەوەی تـازە دەستی بـە نمایـشی گەنجانـەی خـۆی کـرد، بـێ ئـەوەی زەحمەتیـەك بدەنـە بـەر خـۆ و هـەولّێك بـدەن بـۆ بـەهێزکردنی ئـەزموونی تـازەی خۆیـان ، لەمەشـدا تێکـڕای میـدیا و رۆژنامەکان لە کوژاندنەوەی سەرهەلّدانی شیعرێکی بەهێزی هیومانیزمی، کە هاوشان بـێ لەگەلّ تەواوی پەرەسەندنەکانی ئەو قۆناخەدا رۆلّێکی نێگەتیفیان بینی ، بۆیە هەمـدیس ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی بەرلەوەی گەورە بێ پیر بوو، بەم جۆرە لە نێو ئەم قۆناخـە شیعریەدا دەنگی جیا جیا و دوور لە یەکگەیشتن سـەری هەلّدا ، نـەوەیێك لـە سـەرەتای

زەحمـــەتی و خۆرۆشــنبیرکردن و بەشــداری کردنێکــی ئــەکتیف لــە قۆنــاخی خــەباتی چەکداریدا، لەگەڵ نەوەێیك کە بەرهەمی شکست و تێکشکانی شـۆڕش و نائومێدیـەکانی نەتەوەو رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دڕندەترین دیکتاتۆری سـەردەم و هـەڵگری شوناسـێکی رۆشنبیری و کتێب، لە گەڵ نەوەێیك کەبەرهەمی ئەو دوونەوەیە بـووە و نـەوەێیکی کـەم ئـەزموون و گـەرم کەچـی گـەورەترین کتێبخانـەو بلاۆکـراوەو میـدیای لـە بەردەسـتایە، هەرسێ ئـەم نەوەیـە لـە نـاو رەوتێکـی خـاوی دوور لـە گـەرموگوڕی سـالأنی پێـشوو لـە جووڵەدان بێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لەبوارەکانی تۆمارکردنی شـاکار و داهێنـانی بـەپێز لە ئارادابێ ،جگە لە هەوڵی چەندانێك نەبێ، کە ئەوانیش لە ناو هەراو زەنای ئـەم رەوتـە سڕبووەدا خەریکە دەخنکێن یا ئەوەتا بە ناچار پەناگیر دەبن .

– ئایا لەنێو کۆمەڵێکی دواکەوتوودا داهێنەری گـەورە دروسـت دەبـێ تـا ئێمـە بـاس لـە تازەبوونەوەو تازەگەرایی بکەین ؟

– ئایا ئێمە دەتوانین باس لە پرۆژەی مودێرنیزم و پۆست مۆدیرنیزم و مۆدێرنێتە بکەین لـە سـەر زەمینێـك، کـە تـا تـەوقی سـەری نـوقمی حەکایەتـە گـەورەکانی پـیرۆزی و قودسییەت بووە؟

– ئایا هاتنەکایەی شاکاری گەورە گەورە بەنـدە بـە پەرەسـەندنی بـاری سۆسـیۆلۆژی و ئـابووری و سیاسـی و سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی نەتـەوەیی و هـەبوونی کلتـوورێکی لـە پێشینەی لێوان لێو لە داهێنان و شاکار یاخود داهێنـان بەنـدە بـە هـەوڵی تاکەکەسـی و بەس یا هەبوونی کلتوور و هەوڵی تاکە کەسی بەیەکەوەبەندن؟

–ئایا پێـشکەوتن وسـەرهەڵگەڕانی بزاوتـی شـیعریی پەیوەسـتە بـە فرێـدانی هەمیـشەیی پرســیار یــا بــە شــێوەێیکی دیکــەئایا شــیعری کــوردی بەدرێــژایی ســالأنی هەفتاکانەوەبەرهەمهێنەری پرسیار بووە ؟

ئەمانە هەمووی کۆمەڵە پرسیارێکن دەبێ وەلأمیان بدرێتەوە، بەلأم بەداخەوە لە سێ دەیـەی رابـردووە تـاوەکو ئێـستا هـیچ کارێـك لەسـەر خـودی ئـەم پرسـیارانە نـەکراوە،

هەربۆیەش تا ئێستا هیچ کلتوورێکی رەخنەییمان لە بەردەستدا نییە تا ئەوانەی دواییش کاری لەسەر بکەن .



**کەریم دەشتی**

له بنەڕەتدا شیعر هەڵگری دیدگایێکی پێچەوانەو جیاوازخوازیە لەگەڵ جیهان، واتە-هاوکێشەکانی خۆی لەسەر پیلەکردن لەگەڵ جیهان و ژیان دادەڕێژێ ، هەرکاتێ شیعر لەگەڵ بویەر و جیهاندا کۆك و تەبا بێ ئەوە مەرگی جیهانبینی شاعیر ئاشکرا دەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لە ململانێ و کێشەو پرسە لە گەڵ دەوروبەر ، هەمیشە هەوڵ دەدات خوێنەر بەو ئاقارانەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان و نیگەرانییە، لەراستیدا شیعر جگە لە خولقێنەری گومان هیچی دیکەنییە، گومانێك کە بەرهەمهێنەری سەرسامی و پرسیار بێ لە خودی مرۆڤ و گەردوون و شاراوەکان و وەدۆزی هەمان ئەو گینگلانە بێ، کە بە درێژایی بوون رۆحی مرۆڤیان هەراسان کردووە، هەرگیز شاعیر ناتوانێ بەبێ جیاوازبوون لەگەڵ جیهان شیعر بنوسێ ئەگەر هەوڵی ئەوە نەدا، کە شیعر بەناو شەبەنگی هەزار رەنگی دژەرێسای جیهاندا نەبات ، چونکە لەوێ دەتوانێ قسە لەگەڵ نهێنیەکانی خۆی بکات و لەوێ دەتوانێ تیما مرۆییەکانی شیعر بدۆزێتەوە ، ئەگینا شیعری کوردی هەر لەو سێبەرە تۆخەی خۆی دەمێنێتەوەو ناتوانێ شاکارێ رەنگرێژ بکات .

هەموو ئەو گروپ و گروپکاریەی بەر لە راپەرین هەبوو، کاریگەری خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەم نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و رۆشنبیریی گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و رۆشنبیریی ببووە پەنجەرەیەك بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە رووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەرۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانەدا دەچوون، کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا.. بەلأم ئەوەی جێی سەرنج و تێرامانە ئەوەیە ئێستا، کە هەموو شتەکان گۆڕاون، ئەدەب و رۆشنبیریی وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نین و گەلێ داهێنراوی دیکە جێگای گرتوونەتەوە، بە تایبەتی دەرهاوێشتەکانی جیهانگەرایی، کە هێجگار پەرش و بلاوبوونەتەوەو سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێش کردوەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیل کردوەو لە هەندێ شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەریەی کە گروپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە ، ئێستا وا نییە، جارێ

بایەخدان بە زمان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمەو جگە لەوەی نەوەی تازە عەودالّی زمانی تازەنە و لە هەمان کاتدا عەودالّی فێربوونی زمانی بیانین، کە پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆبالّی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاّتی سیاسی، کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجاندا نەکردوە تا بایەخ بە بەرهەم و کلتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن،، بۆیەش کاریگەری ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەلّماندا دەژین، بەلاّم سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێکدا بێت کاریگەری خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

کۆمەلّەهۆنراوەی ( خاك و هەلّۆ) یەکەم ئەزموونی خۆشەویستیی منە، هەموو شیعرەکانی لەو چرکانەدا نووسراون، کە نەتەوەکەم لەژێر تەپ و تۆزی هێزی بێ رەحمیدا غەرق ببوو. بۆیە هەر پارچەیەك لەو شیعرانە وەرگریت لەنێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە، نا ئومێدییەك لەوەدا سەری هەلّداوە، کە رۆحی نەتەوە بە پۆلاّی داگیرکەران گەمارۆدراوەو مەودای یەك تاکە جریوەی نەماوە. من گوزارشت لەو بێدەنگییە مێژووییە دەکەم، کە نەتەوەکەمی نوقمی ونبوون کردووە... باس لەو هاوارە دەکەم، کە لەسەدەکانی زۆر دوورەوە دەگاتە گوێم و هیچ وەلاّمێکمان بۆ نییە، باس لە کۆشتنی جوانی دەکەم. باس لە مەرگی مرۆڤ دەکەم، بەلاّم نەهاتووم دروشم داڕێژم... بەلّکو شیعرم داڕشتووە و لەژێر پەردەی ئێستەیك تانوپۆم پێداوە، من پێموایە دروشم لەشیعردا چ جیاوازییەکی لەگەلّ خودی داگیرکەردا نییە. هەر ئەو دروشمەو دروشمکارییە بوو سالاّنێکی دوور و درێژ ئەدەب و شیعری کوردی کوشت و تووڕی هەلّدانە ناو مەرگ، خەبات کردن لەپێناو داهێنانی پوختی شیعریی سەختە وەکو خەبات لەپێناو رزگاربوونە... رزگارکردنی شیعر لە پۆخلەوات رزگار کردنی نەتەوەیە، نابێ بە کەم بایەخی وەرگرین ، من لە کۆمەلّە هۆنراوەی (خاك و هەلّۆ)دا وامکردووە، هەلّبەت ئەزموونی سەرەتاییە نالّێم کاملّە، بەلاّم بۆ ئەو سەردەم، کە هەمووی دروشم بوو من توانیم ئەو دروشمانە لەخۆم بەدوورخەمەوە.

شیعر خۆی جۆرێك له سۆفێگەریتی هەڵدەگرێ و تـا ڕادەیـەکی بـاش سـۆفیگەریتی شوناسێکی سۆفیزمی هەیە، بەو مانایـەی، کـە گێرمـەو کێـشەیەك لـەنێو ڕۆحـی مرۆڤـدا هەیە کە باسی کەشفکردنی نهێنییەکان دەکات، بەڵام بە دیدێکی جوانئامێز، ئێمـە نـابێ کە بـاس لـە جـوانی دەکـەین پێمـان وابـی جـوانی هـەر لـە ئـافرەت و سروشـتدا هەیـە، جوانییەکان هێجگار زۆرن، هەندێکیان خۆیان لەناو دەریاکاندا حەشـارداوە، هەنـدێکیان لەنێو گاشـەبەردەکان و هەنـدێك لـەناو ددانـەکانی فیـل و هەنـدێکیش لـەناو دڵۆپـەکانی مەیـدا... مـن لـە دیـوانی (سـیفری ئـاگر) دا کەوتومەتـە داوی ئـەڤینێکی پرسـیارکارو وەژدێکی بێ کۆتایی، سـەبارەت بەشـتە نادیارەکـان، جـا مامەڵـەکردن بـێ لەگـەڵ ئـەو هێزەی فەلسەفە بەدوایدا دادەگەڕێ یا مامەڵەکردن بێ لەگەڵ غەیب، دەکرێ ئـەو هێـزە بخەیتـە نـاو شـیعر و دەسـەڵاتەکانیان لێ بـسەنیتەوەو بیانکـەیت بەدەسـەڵاتی شـیعری خۆت، شیعر دەتوانێ هـەڵگری گـەورەترین کـاری کەشـف بـێ، بـەڵام لـە نێـو ڕۆحێکـی ئەشقامێزدا، حەللاج هەوڵی داوە دەسەڵات لەو هێزە بسەنێتەوەو بیداتەوە بە شیعر، کە جـوانیی لێ بتکێتــەوە، هــەرواش سوفیــستاییەکان... **مــەولانا جەلالــەدین** ڕۆحــی بەرۆحێکی پڕ لەتەسەوفەوە جوانترین شیعری بۆ دەسەڵاتی مەعریفی **شەمسی تەبریزی** نووسیوەو هەموو زانست مەعریفەکانی ئەو مرۆڤەی کەشف کردووەو لەشیعری

( بشنو از نی چون حیکایت می کند) داڕشتووە، ئەم شیعرەی بـە عیـشقی شـەمس نووسـیوە، بـەفیراقی خـۆی شـەتەك داوە، کەواتـە جـوانی لـە پیـاوێکی پـیری شەسـت ساڵیش هەیە، وەك چۆن مەولانا نووسیویەتی، بۆیە سۆفییێتی پانتاییەکی زۆر لـە شـیعر بەو کۆنسێپتە داگیر دەکات... زۆربەی سۆفییەکان شەهیدی عەشـقن و گەمـەیان لـەنێو ڕۆح و ئــاگردا کــردووە، گەمــەیان لــەنێو هێــز لێ ســەندنەوەی دەســەڵات کــردووە تــا دەسەڵاتی شیعر دروست بکەن.

کۆمەڵە هۆنراوەی (پیانۆی ڕۆژهـەڵات) بـە کتێبـی تاقانـەی ڕۆژهـەڵاتی دەزانم، نـەك لــەڕووی پیاهەڵدانــەوە، بــەڵکو لــە ڕووی هەڵبــژاردنی بابــەتی شــیعرەکانی نــاو ئــەم کۆمەڵەوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە- تەئەممولین- واتە رامان ئامێزن، شاعیر

لــەم کۆمەڵەیــەدا لــەژێر کاریگــەرێتی سروشــتەکانی وەحیــدا کاردەکــات و دوور دوور دەڕوانێ، هەوڵدەدا ئەوەی، کە خەونی پێوە دەبینێ لە شیعردا ساغی بکاتــەوەو داخــی بۆ هەڵبکێشێ، شیعر لەم کۆمەڵەدا روخساری ژێر تــەپوتۆزی رۆژگــارو غوربــەتی شــاعیر دەنوێنێ و نمایشی حاڵەتەکانی گریــانی ناخــەوەی شــاعیر دەکــات، هــەموو شــیعرەکانی ئــەم کۆمەڵەیــە بــە کەرەســتــەی رۆح نووســراون، بــەو مانایــەی کــە لەســەر زەمــین دوورکەوتۆتــەوەو لەحاڵــەتی فڕێندایــە، لەوەدایــە کــە ئایــا مــرۆڤ چۆن لەســەر زەوییــەك هەڵدەکات، کــە هــەموو حەســانەوەیەکی رۆحــی تێــدا مەحاڵــە... شــیعر وەڵامــی ئــەم پرسیارانە لەخۆی دەکا، بەدوای یۆتۆپیاکاندا دەگەڕێ، بەڵام بەداخەوە هەرگیز تیشکێ لە وەڵامی پێ نادۆزرێتەوە، بۆیە هەمیشە لە حاڵەتی سووڕانەوەدایە.

هەروەك گوتم شاعیر گەمەکانی خۆی لە بەردەم وەبەرهێنانی مەحاڵدا ئەنجامــدەدا، واتە شاعیر لەبەرامبەر سەرکێشیەکدا سەرسامە ، کــە ئەنجامیــدەداو نــازانی دەکەوێتــە کوێی ئەو دەهالیزەوە، ئەو لەرۆچوون بەناو ئەو نادیاریەدا بەردەوام دەبێت ، بــەڵام کــە لــەو ســەر ڕا دێتــەوە یــەك کۆمــەڵ جاویــدانی دەهێنێتــەوە، ئیــدی دەقیــان لێ بەرهــەم دەهێنێ، هەربۆیەش شاعیرانی داهێنــەر لەهــەر دەقێکدا، کــە بەرهــەمی دەهێنــن ســەیر دەکەی دونیایەکی تــازە دەبەخــشنە خوێنــەر، هــەموو ئــەو شــیعرانەی بــەم ســەختیەوە دەنووسرێن سەرسامی بۆ خوێنەر دروست دەکەن، ئەمە یەکێ لە خاســیەتەکانی دەقــی شیعری مەحاڵخوازە، هەڵبەت ئەگەر ئەمــە لەبەرچــاو نــەکرێ‌و جاویــدانی نــابێ، بەرهــەم شیعریشی توانای نەمری‌و جاویدانی نابێ، بەرهەمێکی زۆری شیعر لە کوردستان هەیــە ، بەڵام دیدگاییێکی کەم هەیە بەم پێودانگە بۆ شــیعر بــچێ، هەڵبــەت هــەموو شــاعیرێکیش نــاتوانی بــچێتە نــاو ئــەم پرۆسێــسە، چــونکە پێویــستی بەقــەدەرێکی زۆر لــەهیلاکی‌و خودنخــونی هەیــە، پێویــستی بەتاوانــەوەو عەشــقێکی زۆر هەیــە، پێویــستی بەفڕێــدانی کتێبێکی زۆر هەیە لەدوای خۆیەوە، شیعری چاك هەڵگرتنەوە شتە جوانەکانی ناز زەینە لەدوای خوێندنــەوە ئەوشــتە جوانانــەی، دەقــە جوانــەکان لــەناو زەیــن‌و بــیری شــاعیردا دروســت دەکــەن، جــا ئایــا ئێمــە لــەنێو ســەختدارێتی نووســینی شــیعر بەهــەمان ئــەو

شێوەیەی من باسی دەکەم چۆن دەتوانین لەگەڵ کاتو چەمکی کاتدا بالانسی بکەین ، چونکە کاتی نووسینی دەقە شیعریەکانی کە سەرسامی بەرهەم دێنن هێند تیژپەڕە زۆرجاران قودرەتی ئەوەمان نییە بەم تیژپەڕیە رابگەین، بۆیە زۆر جاران ئەو هەموو مەعالیمە جوانیانەمان لەدەست دەچێو ئەو هەموو مەرجانە رەنگاو ڕەنگەکانەی بیرۆکەی شیعریو شەقو جوانی ئەو رستانەمان لەکیس دەچێو بۆ ئەبەد جارێکی دیکە نایدۆزینەوە، هەرکاتێك ئەم کاتە تیژپەڕەی شیعرمان بۆ راو نەکرا ئێدی بۆ ئەبەد ناوەرۆکی دەقەکانیشمان لەگەڵ خۆیاندا دەباو دووبارە بە تەنها دەمێنینەوە، تەنهاییو دەستەپاچەیی لەبەرامبەر ئەم کاتە تیژپەڕانەی، کە مەحاڵ پێمان دەبەخشێ.

لە چوارچێوەیەکی زەمەنی دەست نیشانکراودا، سەخت ترینو نائومێدترین ساتن بۆ ئەو شاعیرانەی، کە رەچاوی هاتنی ئەم کاتە خوداییە دەکەن، هەر بۆیەش شاعیر ئەگەر مەرحەمەتی مەحاڵ بەهەند هەڵنەگرێ دەقی چاك بەرهەم ناهێنێ، کەواتە پرۆسێسی دەستگیرکردنی مەحاڵ پەیوەستە بەبۆسە دانانەوە بۆ ئەو پارچە کات تیژپەڕانەی مەحاڵ لەبەرامبەر شاعیری راستەقینەدا لەدەستیدەداو پاشتر لەدەستی دێتە دەرەوە، من پێم باشە کێشەیەك دروست نەکەین بۆ شیعر لەنێوانی ئەم باسە سەختەدا، دەبێ خودی شاعیر ئەمە بۆ خۆی لەبەرچاو بگرێ نەك بۆ خوێنەر، چونکە خوێنەری باشی شیعر لەکاتی خوێندنەوەی دەقی شیعریدا بەدوای سەرسامییەك دەگەڕێ دڵو دەروونی ئاو بدات، مەوجوداتی زەینی پەرشو بڵاوبکاتەوەو رۆحی بخاتە سایەدیەوە، چونکە شاعیر تاکە پەیوەندسازە لەمیانی مەحاڵو کاتو خوێنەردا، ئەو وەستای ناو ئەو هەموو بویەرە نادیارەیە، کە یەکەمجار لەزەینی خۆیدا دروستی دەکاو پاشان لەزەینی خوێنەردا، بەمجۆرە ئەوسێ ئەقنومە قەبارەیەکی لێکدا نەپچڕاون.

ئەمە پێویستی بەکارێکی ئارکیولۆژی هەیە، پێویستی بەهەڵدانەوەی تەبەقەکانە... یاخود جوانتر پێویستی بەخۆهەڵگردنو شۆڕبوونەوە هەیە، ئێمە لەم کەونە پانو بەرینەدا شتێکمان لێ ون بووە، نازانین کەوتۆتە کوێی ئەم کەونە بەرینە، چۆن بۆی بگەڕێین ئەم شتە بچووکە بۆ ئێمەی شاعیر مایەی مانەوەو زیندووبوونە، مایەی

خۆسەلماندنو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕۆحە، کە ئەویش شیعرە، کەسێك هەیە، هەڵبەت هەیەو دەپرسیێ، ئەم هەموو کوێرەوەرییە بۆچی؟ بەڵام وەڵامەکەی بۆ شاعیر نەك ئەوانی دیکە زۆر سادەیە ، ئەویش دڵدانەوەی خودە، سەلوایەکە بۆ ڕۆحی شاعیر، دەمێنێتەوە جوانی... ئاخ دونیاش بێ جوانی شتێکی ناشیرینە چ جای شیعر، جا لە نێو ئەم پرۆسێسە سەختەدا چۆنی بۆ شیعر دروست بکەین، ئێستاتێکا بەخشین بەشیعر لەخودی ئەم پرۆسێسە سەخت ترە ، کارەکانی مەحاڵ سەختو دژوارن جوانییان لەنێوان درزە عاسێکانی خۆیدا شاردۆتەوە، پێویستیان بەکەسێکە مەلە لەناو ئەو درزە عاسێیانەدا بکات.

بیرمە شیعرێکم خوێندەوە، کە هی- **ئەلفرێد دی موسیە**- بوو، شاعیر باس لەگەڕانو سوڕانی مەلێك دەکا بۆ ئەوەی خۆراکێك بۆ بێچوەکانی پەیدا بکات، دیارە مەلەکە دەریایی بووە، بۆیە هەموو دەریاکان گەڕا... یا دەریایەك گەڕا، بەڵام هیچی دەست نەکەوت، بەناچاری لەبەرامبەر بێچووەکانیدا چووە سەر بەردێك دەنووکی خۆی لەدڵیا بردە خوارێ و دڵی خۆی بەخشی بە بێچووەکانی، دروست کردنی ستەتێکایش لەشیعردا هەروایە، شاعیر دەبێ خوێنی دڵی خۆی ببەخشێتە دەق بۆ ئەوەی ڕەنگرێژی ستەتێکا بکات، (**ت. س. ئەلیوت**) لەنووسینی شیعری (**وێرانەخاك**) دا جگە لەراڤەکردنی کۆمەڵێك دەقی پیرۆزی مەسیحیان هیچی دیکەی نەکردووە، بەڵام کاتێك شیعرەکە دەخوێنیتەوە جوانییێکی ئەوتۆی بەشیعرەکانی ئەم دەقە بەخشیووە، هەست دەکەی تازە لە سەفەری مەحاڵ گەڕاوەتەوەو یەکە یەکە ئەو درزانەمان بۆ باس دەکا، کە هەریەکەو شەوقێکی لێدزیوە، ستەتێکا وشەو ڕستە دروستی ناکەن، بەڵکو مەلەکردن لەنێو ئەو مانایانەدا دروستی دەکەن، کە وشەو ڕستە هەڵیان دەگرێ، پەیوەندی نێوان وشەو ڕستەو هەڵگرتنی ماناکان ستەتێکا دروست دەکات.

**شکسپیر** لە (تیمونی ئەسینی)دا هەمان ئەو تەکنیکەی بەکارهێناوە، وشە و ڕستەمان دەداتێ، بەڵام لەگەڵ هەر وشەو ڕستەیێ دەمانگەڕێنێتەوە ناو هەزاران مانای سەردەمی ڕووداوەکەی خۆی، هەمان ئەم شانۆگەرییە درامایێکی شیعری تراژیکە، کە

گەورەترین قەبارەی ستەتێکی زیاتر لەهەموو بەرهەمەکانی دروست کردووە ، هەتا لەکاتی وەرگێڕانیشیدا ئەو ستەتێکایەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە... ماوەتەوە ئەوە بڵێم، ستەتێکای ئەم تەرزە دەقە شیعریەی من باسی دەکەم، لەگەڵ ستەتیکای شیعرێکی رۆمانسی جیاوازە، کە بەتەنکیی بەسەر شیعرەکەدا دراوە، بەلام ستەتیکای شیعریی مەحاڵ لەناو خوێن‌و ئێسقاتەکانیدا لێدەداو لەقوولاییەوە بەرەو زەینی خوێنەر هەڵدەچێ‌و شەلاڵی پرسیارمان دەکات.

گومانی شیعر پێداویستییە بۆ رێکخستنەوەو دووبارە دروستکردنەوەی رۆحی پەرش‌و بلاوبووی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کەوتۆتە ژێر باری هیلاکیەکانی ژیان، ئەو مرۆڤەی ژیان بەرەو مەرگ‌و نائومێدی راوی دەنێت، هەرواش هۆیەکی گرنگە بۆ جێ پێ لەقکردنی ئەو یەقینەی هەزاران ساڵە لەناخ‌و بیری مرۆڤدا رسکاوەو هانی دەدات قبووڵی ئەو ژیانە بکات، بەوەی کە ژیان شیرینە، گومانی شیعر بۆ بەڕاستی شیرین کردنی ژیانە، کەیەقینە سەلەفی‌و چەسپاوەکان قورسیان کردووە، بەدەستەواژەیەکی دیکە شیعر لەنێو فەزای ئەگزیستانسیالیزمی دەژییێت‌و هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارە، ئەو پرسیارانەی یەقینەکان هەڵدەتەکێنن، وا لەمرۆڤ دەکەن بیربکاتەوە... بەلام شیعر نایەت بە زمانێکی فەلسەفی هەمان ئەو پرسیارانە ئاراستەی مرۆڤ بکات، بەڵکو بەزمانێکی ستەتێکی قسە لەگەڵ ئەو مرۆڤە دەکات، جۆرێك لەسەر سامی‌و حیرەتی بۆ دروست دەکات، ختوکەی دەدات بۆ ئەوەی تەئەمولی بۆ دروست بکات‌و تۆزێ لەو هیلاکیانە دوورکەوێتەوەو بکەوێتەوە سەر بنجی جارانی، کە مرۆڤێکی رووت بووە، (**گۆران**) پرسیاری فەلسەفی کردووە، بەلام لەرێگەی جوانترین دەقی شیعری (چییە

**ئەی رۆحی بێ لێوار و بێ پەی**

**لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی؟**

تەواوی فەلسەفەی وجودیش لەچەمکی ئەم دوو دێڕەدایە، بەلام گۆڕانکاری لەناو جوانی‌و ماناو مەحاڵ کردووە، فەلسەفەی دانەڕشتووە، ئەمە خەملاندنی گومانی شیعرە لەناو دەقدا، کوشتنی هەموو ئەو وەلامانەیە، کەسەلەفیەکان دایانڕشتووە، هەربۆیەش

گومان هۆیەکە بۆ ئیزافەکردنی جۆرێك لەستەتێکا بۆ شیعر.. هەڵبەت بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، هەموو ئەو شیعرانەی هەوڵ دەدەن مرۆڤ لەرێگەی بەیەقین کردنی ناوەرۆکی شیعر ئاسوودە بکەن، خۆیان دەکوژنو کۆتایی بەشیعر دەهێننو ئاسەوارێك لەرووی جوانیو بیرکردنەوەدا جێ ناهێڵن..

(**نیتشە**) فەلسەفەی نەنوسیوتەوە، کۆمەڵێك دەقی پەخشان ئامێزی نووسیوە، کە هەڵگری بنەماکانی فەلسەفەن، زیاتریش راڤیارەکان (نیتشە)یان خستۆتە قالبی فەلسەفەوە. ئەگینا لەکتێبی (**بەڵێ زەردەشت ئاوەهای گوتوە**) من پێم وایە هەمووی لەپەنا بەردو درەختەکانەوە خستۆتەروو، لەپەنا کاریگەرێتی سروشتیەکانەوە فرێی داونەتە ناو دڵی مرۆڤ.. نووسینەکانی **نیتشە** ئەوەندەی دەچنەوە ناو دڵ ئەوەندە ناچنەوە ناو ئەقڵ ، بەوپێیەی کە رۆحی گومانی شیعر بەسەریاندا زاڵە، قسە لەگەڵ خوێنو دڵ دەکاتو قسە لەگەڵ زەینو سەرناکات...قسەکردن لەمەڕ شیعر پێویستی بە دوورخستنەوەی چەمکی حەقیقەتە، کاری شیعر بەرهەم هێنانی حەقیقەت نییە، ئەوە لە مەودایێکی دیکە کاری بۆ دەکرێت، بەلآم پەیوەندی نێوان شیعرو وەهم پەیوەندیەکی ئەزەلیە، شیعر جگە لەوەهم شتێکی دیکە نییە، وەهمێك، بتوانێ حەسانەوە بدا بەرۆحو پێیەوە بژیتو بەردەوام بێت.

**جۆن میلتۆن** لە– فیردەوسی ون– دا جگە لەدارشتنی ئەو وەهمە هیچی دیکە نالێت، وەهم لەمناڵدانی هەمان ئەو مەحاڵەدا لەدایك دەبێت، کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لەهەمان ئەو چرکە خێرایەدا، کە زەینی شاعیر بەرهەمی دەهێنێ، هەموو شاعیرەکان ئەگەر بەڕاستی دەقی زیندووی شیعر بەرهەم دەهێنن، ئەوە هەڵگری گەورەترین بڕی وەهمن، هەمان ئەو شاعیرانەی پێیان وایە شیعر وەهم نییە هەوڵی بەرهەم هێنانی حەقیقەت دەدەن لەشیعردا، بۆیە دەقەکانیان هەموو شتێك بێت شیعر نییە، سیحری شیعر لە بەوەهم کردنی ناوەرۆکەکەیەتی، هەمان ئەو رایە نەك هەر بەسەر شیعردا دەچەسپێ، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر (**دانتی**) بەهەمان ئەو وەهمەوە نەچووبایە ژێر باری باسکردنی هەقیقەتەکانی ئەو میحراجەی کە کردی–

دۆزەخو فیردەوسو پاکستان– مطهر– ئەوا هەموو ئەو دەقانەی، کە لەو کتێبەدا نووسیویەتی دەبوون بە شتێکی دیکەی دەرەوەی دەقی ئەبەدی، بەلاّم قەدەرێکی گەورەی لەهونەری وەهم بەم شاکارەی خۆی بەخشیوە، بۆیە تا ئێستاش جاویدانی بەخۆیەوە گرتووە، وەهم کاری وەهم بەرهەمهێنانی میوزمێنتە لەشیعر، کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێ، شیعر حەقیقەت نادا بەدستەوە بەڵکو لەهەقیقەتەکانی رادەکاتو دەشتارییەکانی هەڵدەبژێرێ، سەنتەرەکان جێ دەهێڵێو پەراوێزەکان دەکاتە موڵکی خۆی، کاری شیعر چ لەخۆێندنەوەو چ لەنووسیندا، کە کردنێکی سیحراویە لەناو ساتەوەختەکاندا، مەودای هەڵگرتنی حەقیقەتی نییە، سووربوونی گوڵە کێوییەکان حەقیقەتی سروشتە لەشیعردا باسی بکەیتو نەکەیت هەر هەیە، بەلاّم کاتێك گوڵێك لەبن تاشە بەردێ لەتاو سەدان هەزاران باراندا یەکجار نمە بارانێکی بەردەکەوێ، بەلاّم لەهەموو گوڵەکان جوانتر دەبێ، ئەمە کاری شیعرە، چونکە سنووری حەقیقەت دەبەزێنێو سەرسامی وەبەردێنێ، ئەوە وەهمی شیعرە.

هەڵبەت سیحر گەمەیەکی جوانەو بەرامبەر، بەرەو سەرسامی دەبات، گەمەی پەنجەکانی ساحیر هێندە خێراو تیژپەڕن مەودایەك بۆ چاو ناهێڵنو هێزی موگناتیسی پەنجەکانی ساحیر لەهێزی تێڕوانینی چاو بەهێزترە بۆیە وەهمێك لەلای بینەر خەڵق دەکات، جا خەڵق کردنی ئەم وەهمە لەلای ساحیرەوە زۆر پەیوەندیدارە بەخەلق کردنی شیعر لەلایەن شاعیرەوە، لەوکاتە تیژپەڕەی کە لەناو مەحاڵدا دەیگرین وەك چۆن باسمان کرد، ئەو جادوو و ئەفسوونەی سیحر بەرهەمی دەهێنێ شاعیر بەهەمان ستایل بەرهەمی دەهێنێ ، بۆیە پەیوەندییەکی زۆر لەمیانی سیحرو شیعردا هەیە . من بەر لەحەڤدە ساڵ لە یەکێ لەچاوپێکەوتنەکاندا گوتوومە، کە شیعر ئایینی شاعیرە، بۆیە شاعیری راستەقینە هەمیشە هەوڵدەدا قودسیەتێك بداتە پرۆسێسی نووسینی شیعر لەئاستیدا سەردانەوێنێو نزاکانی خۆی بەرێکات. شیعر بەر لەئایینەکان هەبووە. ئایینی شیعر کاریگەرێتی خۆی خزاندۆتە سەر ئایینە ئاسمانیەکانیش، تەنانەت پەیامی ئاینیەکان زمانێکی پەخشانی شیعریان بەسەردا زاڵە خۆ ئەگەر سەیری مەزامیرەکانی

داوود بکەین، شیعر بەهەموو مەعالیمەکانیەوە لەو دەقانە رەنگدەداتەوە، بەلاّم پـەیامی ئایینی شیعر لەگەڵ پەیامی ئاینیـە ئاسمانیەکانـدا جیـاوازە ، ئـاینی شـیعر پەیوەندییـە رۆحیــەکان لــەمیانی مرۆڤـدا دروســت دەکــاتو خــەونو خــەیاڵیان جۆشـدەداو تــەڕ دەکاتەوە.. رەخنەو پرۆسێسی گرنگی هـەموو سـەردەمە شـیعرییەکان بـووە، نـەبوونی رەخنـە وایکـردووە کـەمتر شـاکارەکان بـە دیـار بکـەون، بەداخـەوە رەخنـەگرەکانمان خوێندنەوەیەکی رەخنـەییان بـۆ سـەرجەم شـیعری کلاسـیکی نییـە ، چ جـایی شـیعری هاوچەرخی کوردی، خۆئەگەر هەشبووبێ ئەوا رەخنەیەکی بـێ فیکـر بـووە، واتـە فیکـر رەخنەکانی ئێمە هەڵناسووڕێنێ، هەندێ میزاجی تایبـەت رەخنـەکانمان گینگـڵ دەدات، ئەمـەش ئافـەتێکی نـاو ئـەدەبی کوردییـە، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ رەخنـەگری گەنجی باش لە کوردستان سەریانهەڵداوە، کە توانیویانە کار لـەناو دەقـە شـیعرییەکاندا بکـەن، بەتایبـەتی رەخنـەکانی (**عـەتا قـەرەداغی**)، کـە کـارێکی بـاش لـەناو دەقـە شـیعریەکاندا دەکـات، هـەروەها (**نـەجات حەمیـد**)، کـە بەدیدگایـەکی تـازە کـار لـەناو شیعردا دەکات، من پێم باشە بڵێم، کە (**مـەریوان وریـا قـانع**) رەخنـەگرێکی سـەنگینی بواری شیعرە ئەگەر بیکات، وەك چۆن کاری لەناو هەندێ دەقدا کردووە، لـە راستیـشدا کاری رەخنە زۆر قورسـە، پێویـستی بـە باکگراوەنـدی رۆشـنبیریی فرەلایـەن هەیـە، تـا بتوانێ بەناو دەقەکاندا قووڵ بێتەوە، ئێمە لەم سـەردەمەدا پێویـستیمان بـە رەخنـەگر هەیە. بتوانێ بەرگەی دیکتاتۆریەتی بیروبۆچـوونە سـەلەفییەکان بگرێـتو وردوخاشـیان بکات، کە گوتمان شیعر یـانی خۆدامـاڵین لەهـەموو شڕوشـیتاڵی واقیـع. دەربـازبوون لـە شووشەی واقیع، وردو خاشکردنی واقیـع، لای ئێمـە تـەوژمی سـەلەفی گوتـاری رەخنـە لەوەدایە لەناو واقیع بژی و واقیع لای ئەوان پیرۆزە، هیچ واقیعێکی شیعری پیرۆز نییە، هەموو واقیعیەتێکی شیعری، زیندانێکی گەورە، بـۆ هـەموو ئـەو موفرەداتانـەی شـیعری نایاب دەخولقێنن، دواکەوتنی شاکاری گەورە لە شیعری کـوردی لەسـەر ئـەوەهات، کـە یەك چارەگە سەدە شیعری واقیعی نووسرایەوە پێمـان وابـوو بـەو دروشمانـە دەتـوانین نەوەیەك رزگار کەین، بەلاّم دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە کە جوانترین رزگارکەین.

**سەباح رەنجدەر:**

# دوو پۆرترێت

## ١- جەمال شاربازێڕی

مرۆڤی هەستپەروەر کە هەستی ئێستێتیکی شیعریی لا دروست دەبێت و لە کرانەوە و تێڕوانینیەوە دەکەوێتە ناو خەمەوە، شوێنەواری خەمیش لە بیرکردنەوەیدا بنبڕ ناکرێت، وەك بەخشینی پەیامێك جێی خۆی دەگرێت و دەبێتە هێما بۆ مانا و مەبەست. کردەی شیعری ئاسایی کردنەوەی بارە غەمگینییەکەی و پڕیشگ هاوێشتنیەتی تا باری خەملێن و پێوەندیداربوونی بەو هەستەوە، دوای ئەو پێوەنداربوونەی تووشی تاراوگەی ناخ دەبێت و لەناو خۆیدا هەست بە نامۆیی و هاودەمی هەمیشەییی خەم دەکات. خەم نەك گۆشەگیربوون. لەم بارەشدا پەنا بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی وەهمی نابات تا ئاسوودەییی گیانی تێدا دەست بکەوێت. شوێنی ئاسوودەیی بۆ ئەمی هەستپەروەر تەنیا شیعری ڕاستەقینەیە. لە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدەر کۆچ دەکات بۆ شوێنی ئیرادەی وشە و مەودا دەنگییەکانەوە، هەست و بینینی دەگۆڕێ لە دەربڕین لە سروشت و کارکردن لە کەرەستەکانییەوە بۆ دەربڕین لە ژیان و مرۆڤ و پێوەندی دروستکردن لە نێوانیان. شیعر دەبێتە چاوگی نایابی جۆشێکی گەورە، بەڵام نابێتە هەڵسوورێنەری شتەکان تا هەست و هێز و شێوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت بگۆڕێت و جۆرە هەست و گڕوتینێکی بێ ئەندازە بخوڵقێنێ.

ئەم شاعیرە لەبنەڕەتدا خاوەنی تێڕوانینێکی ڕۆمانسی هەستییە.بە بۆچوونێکی ژیرانەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی ڕۆمانسی هەستی دەکات و هێزی تیشکدانەوەی تێدا بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمانی نەدۆزیوەتەوە، دۆزینەوەی ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمان شایەنی سەرکێشی بۆکردنن. ترپە و ئاوازی زمانی کوردی لە شوێنە نەناسراوەکاندا نەهاتووە، ڕەگی لەناو گەرمی و نەرمی خاکدا بەهێز بووە و پەیوەستە بە کولتوور و ئەو نیمچە شارستانییەی دروستی کردووە. لە ڕۆمانسی هەستیدا تێڕوانینی کامڵ و باڵا و پڕ بۆ ژیان و جیهان و بوون نییە، بەڵکو



**جەمال شارباژێڕی**

وێناکردنی تاکە کەسی و گیانی بەهێزی هونەرمەندێتی هەیە، کۆششی بۆ ئەمەیە ئەم وێناکردنە وەك ئەزموونێك لە فۆرمێکی شیعریدا گەڵاڵە بکات و دیدێکی ڕۆمانسی قووڵ لە ڕێگای هەستەکانەوە بخەملێنێ و پاشان وەك نموونەیەکی نوێبەخش نیشانی بدات، ڕۆمانسییەت دەربڕینە لە هەڵوێستێکی ویژدانی، کە بوون ڕەنگ و شێواز و وێنەیەکی تازەی پێ دەدا، پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ ژیان و جیهان و بوون نییە، بەڵکو پێوەندی پچرپچڕ و هەڵوێستە لە ژیان و جیهان و بوون وەریدەگرێت. لەگەڵ دۆخێکی کارەساتباردا ڕووبەڕووی دەکاتەوە. هیچ هونەرێکیش لە واقیع جیانابێتەوە. چاوگی ئەفسوون و هونەرە سەرسوڕهێنەرەکان قووڵایی واقیعن و کرانەوە و جووڵانەوەن بەسەر ژیاندا.

ئەو جوانییانەی ئەدەب دۆزیویەتییەوە و لێی دواوە زۆر کەمترە لەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە و ڕووبەڕوو دێنە ناو ژیانمان و کاریگەری دەبێت.

ڕۆمانسیەت لەیەك سەرچاوەوە هێز وەردەگرێت ئەویش چاوگی خەمە، دواتر دەپەڕێتەوە بۆ تاراوگەی ناخ و بەردەوام لە ناو وێناکردنی ڕابردوودا دەژی، وێناکردنی ڕابردوو هۆکارێکی بنچینەییە و زاڵە. پلە بە پلەش ئەم هەستەی لا قووڵ و بەهێز بووەتەوە تا خاڵی دامەزراندن، بەڵام مانەوە لەناو ڕابردوودا دەربڕین لە ژیان و هەست و بینینی تازە ناکات، چەشنێکی دیاریکراوی مرۆڤ و سروشت دەخولێنێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەما و بنچینەیەشەوە بەردەوامی بە توانای ڕاستەقینەی خۆی داوە.

ترپە و ئاواز لەگەڵ زماندا دێتە بوون و وێنەش ڕووناکییەکە لە وشەوە هەڵدێت و تەواو هەستیارە ، شیعری کوردی لە شەستەکاندا لەگەڵ دەرکەوتنی (جەمال شارباژێڕی) شێواز و ترپە و ئاواز و مۆسیقایەکی دەگمەنی بەخۆوە بینی کە پێش ئەم بەخۆیەوەی نەبینیبوو. دەقی (کردگار– فرمێسکی نهێنی، کۆ شیعر، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ساڵی ١٩٦٨، ل: ٦٣ تا ٦٧) لە ئەزموونی سەرەتاکانیەتی. مامەڵەیەکی نائومێدانەی لەگەڵ پرسیارەکانی بوون و نەبوون کردووە و تێهەڵکێشی یەکتریان دەکات و لەسەر بنەڕەت و چۆنیەتیی بیرکردنەوەدا لێکیشیان جیا دەکاتەوە.

گرینگیی شیعرەکە لە ڕایەڵ و هەڵسووڕاندنی پرسیارەکانیدایە، ڕووداوەکانیشی لە دەرەوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادەن. لە دەرەوەی کات و شوێنیش هاوتاییەك بۆ خۆی لەگەڵ خەیامدا دەهێنێتە بەر دید و پاشان گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ لێك تێگەیشتن، یان پرسیارەکانی خۆی لەسەر هێڵێکی درامیدا دەباتەوە ناو پرسیارەکانی خەیام و درێژەی پێ دەدات، پرسیارەکانیش کاریگەرییان بەسەر سۆزەوە هەیە، بەهۆی سۆزەوەش دەیباتە ناو ڕایەڵی هۆش و هەستەکان و دەیخەملێنێ. داڕژان و ئاوازەکەشی لە بارانی نمە دەچێت و کاریگەریی زۆرە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی خەمبار. شێوازیشی بۆ قۆناغی سەرەتایی شێوازێکی لەبار و گونجاو و داهێنەرانەیە، جۆرێك تۆوی نوێبەخشی تێدا وەشاندووە. تاکو ئێستاش ئەم شێوازە ماوە و لەملا و لەولای شیعری کوردیدا کاری پێ دەکرێت. ئەم بزاوت و جووڵە و مانەوەیەش لە سروشتی داهێناندا بەهایەکی ئێستێتیکییە، جوانی و شێوازی بەرهەمهێناوە. بەهای ئێستێتیکیی بەهرە و سرووش دەبەخشێتە مرۆڤی نموونەیی و کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی ئاگایی کۆمەڵگا و کەسایەتی دەخەملێنێ.

## ٢- جەلالی میرزا کەریم

ئەو پرسیارەی دەکەوێتە نێوان شیعر و کۆمەڵگا بە چ ڕێگایەك دەگاتە دۆخی شکۆمەندی بەکارهێنان و داهێنان، شاعیر بە چ زانیاری و پێوەرێك ئاسۆی نێوان شیعر و کۆمەڵگا دەپێوێت. زمانی کۆمەڵگا کەمتر لەناو ڕۆشنبیری نوێبەخشدا کارا و چالاکە، بگرە لە ئاستی دەستنیشانکردنی شتەکاندا ئەفسوون و هێزی خۆی ڕادەگەیەنێ. لەهەمان کاتیشدا زمانی کۆمەڵگا زمانێکی فرە دەنگە و توانای داهێنانی زمانی تێدایە و وزەکانی دەربڕین پەرە پێدەدات، پێویست نییە شاعیر وەك گومان و ترسێك لێی ورد بێتەوە و خۆی لێ تار و تەریك بگرێت، کۆمەڵگا بەردەوام لە ڕێگای داهێنانە هەمە جۆرەکانییەوە وزەی زمانی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمانی سۆزی بۆ خەون و

داوا و پێشبینی و هەست..... تاد، هەیە و ئاستێك دیاری دەكات و بەسەر پێكهاتە دەروونییەكانی دەكرێتەوە.
لە كرانەوەیدا كاكڵی كاكڵەكانە. دەستبلاوی لە بەكارهێنانیدا مەبەست و مانا ماندوو دەكات، لەهەمان بەكارهێنانیشدا چڕكردنەوەی زیاد لە پێویستیش دیسان مەبەست و مانا ماندوو دەكات. لە هەردوو باری بەكارهێناندا زمان توانای پاراستنی بێدەنگی نامێنێت. (جەلالی میرزا كەریم) بە بڕوایەكی پتەوەوە بەشداری لە ڕۆشنبیری زمانی نەتەوەی خۆیدا كردووە.

زمان لە دەقی (ڕوانینەكانی چاوی شەقام– گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٣، ل: ٣٩ تا ٤٠)دا ڕووداوێكی دەگمەن نییە، درێژبوونەوەی ئەو زمانەیە دوابەدوای شیعری كلاسیكی دێت و پێ بەپێ تا دێتە خوارەوە كاڵ و كاڵتر دەبێتەوە. زمان تێیدا ئاسۆی یەك ئاستی وەرگرتووە و پێكهاتە و سروشتێكی باڵاو جەربەزە ڕووبەڕوومان نابێتەوە. واتە سەر لە نوێ هەستی پێناكرێتەوە. هەست بەشتێك بكەیت و نەزانی چییە. سەرسامی و دۆزینەوەی نادیاریی لەم نوختەی نەزانین چییەدا دێتە كایەوە و وەك كەرەستەیەكی خاو و پەی پێ نەبردراو فۆرمی زەینی وەردەگرێت.

زمانی لە خودی شیعرییەوە نەبردووەتە ناو خودی كۆمەڵگاوە، بەڵكو لە خودی كۆمەڵگاوە بردوویەتییە ناو خودی شیعرییەوە و جۆرێك توندوتیژی و ترس و تۆقانی خستۆتەوە. بەم شێوەیەش زمان دەوڵەمەند و ئەزموونـدار نابێت، لە دەروونڕۆشنی بەتاڵ دەبێتەوە و هەست و نەشونما دەوەستێت. لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخی ژیانی حەفتایەكانی كۆمەڵگای كوردی و زەمینەی شیعریشی ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو ئەو زمانە وەربگرێت و قبووڵی بكات. لە ئاستی بەكارهێنانی هێماشدا قووڵایی هێمای نەپاراستووە، لە قووڵاییەكی پێویستدا هێما بەرەو ژیانێكی بزێو ناڕوات، بەڵكو بەرهەمێك دەهێنێتەكایەوە و لەناوی ڕوون دەبێتەوە و بەشداری خۆی ڕادەگەیەنێ.
(كاروانی وشەی ڕاچەنیوو ) كۆ شیعری یەكەمی ئەم شاعیرە بووە . ساڵی ١٩٧٤ ئامادەی چاپی كردووە و بردوویەتییە چاپخانە و تەنانەت بووەتە فیلمیش . بە هۆی


بارودۆخی سیاسی لە چاپخانەدا وەرگیراوەتەوە . شاعیریش لەم کاتەدا بەغدای جێهێشتووە و بووەتە پێشمەرگە ، بە ئامانەت لای برادەرێکی ئەدیبی داناوە (..........) ، دوای نسکۆی شۆڕش ساڵانێکی زۆر وەك پەنابەری دژە دەسەڵات لە ئەمریکا ژیا و لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەڕایەوە کوردستان و هاتەوە ناو کۆمەڵگای پڕ جووڵە و زیندووی خۆی و کانگای هەڵڕشتنی هەستەکانی. کوردستان و کۆمەڵگای کوردی ناو و ناولێنانێکن بوونی ڕاستەقینەیان لە شیعرەکانیدا هەیە و شادەماری خوێنین، ماوەیەکی کەم تێیدا مایەوە و کۆچی دوایی کرد ، کەچی ئەم ئامانەتە سەرە داوێکی نەدرایە دەست کەس . کە گرینگترین کۆ شیعری نوێبەخشی قۆناغی ڕوانگەیە ، گوزارشت لە زمان و فۆرم و داڕشتنی ئەم بزووتنەوەیە بکات.

گەردوون بەجۆرێك ترپە و ئاوازی دامەزراو، بە دوای یەکدا هاتنی تاریك و ڕووناکی و وەرزەکان.. تاد، هەڵدەسووڕێنێ. ئەو جۆرە ترپە و ئاوازی کە گەردوون بەڕێوە دەبات گواستراوەتەوە ناو دەروونی مرۆڤ و وزەیەکی زۆری لە بیر و مێشکی خستووەتەگەڕ بۆ هێنانە کایەی بەها ئێستێتیکییەکانی ژیان ڕێکخستن. لێدانی دەمارەکانی لەشی مرۆڤ جۆرێك ترپە و ئاوازی بەڕێوە بردنن. گرینگترین ترپە و ئاواز لە ڕۆیشتنی مرۆڤەوە پەیدابووە و خۆی لەگەڵ حەقیقەتدا گونجاندووە و جۆرێك چاوگی هۆشیار بوونەوەیە.

لە شیعریشدا لەیەکەم دێڕیەوە تا دوا دێڕی ڕۆیشتنێکی نەرم هەیە و ترپە و ئاوازی ئەو ڕۆیشتنە دەبێتە ئاهەنگ. شیعری ئەم شاعیرەش بەهۆی بوونی سروشتێکی ترپە و ئاوازییەوە دەربڕین لەبارە بوونییەکان و دەرخستنی مانا دەکات، بەڵام تەنیا لە ڕێگای ترپە و ئاوازەوە ناگەینە ناخی ئەدەب، ناخی ئەدەب خۆرە و زەوی وەك پێکهاتەی مەوداکان بە دەوریدا دەخولێتەوە. ناشزانین کامەیان سەرچاوە و بنەوانە و کامیان پێکهاتەیە. هەر کاتێکیش بمانەوێ بە تەواوی ئەو زانیارییە بزانین و بناسین ون دەبین.

شاعیری داهێنەر هەر بە داهێنەری خۆی دەمێنێتەوە. خوێنەری هەمە جۆریش ناتوانێت خۆی لە ئەفسوون و کاریگەرییەکانی بەدوور بگرێت. پێوەری ئەفسوونی داهێنان شوێنی بۆ دەستنیشان دەکات. لەم دەستنیشانکردنەدا پێوەندییە

داهێندراوەکان دەدۆزرێنەوە. بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین کە هەیە و قسەی لە بارەوە دەکەین.



**جەلالی میرزا کەریم**

## ڕوانگه و شیعری حه‌فتاكان و زێوان

شیعری بێگه‌رد وه‌ك مه‌سیح له‌ دایكێكی پاكیزه‌ له‌ دایك ده‌بێت. له‌و ئه‌زموونه‌ی خۆمدا، كه‌ له‌ ته‌نیشت مه‌رگه‌وه‌ ژیاوه‌ و كه‌م و زۆر گه‌شه‌ی كردووه‌، هه‌وڵم داوه‌ ئه‌و جۆره‌ شیعره‌ به‌رهه‌م بهێنم، كه‌ له‌ دایكێكی پاكیزه‌ له‌ دایك بوو بێت، ئه‌گه‌ر نه‌شم توانیبێت به‌رهه‌می بهێنم، تێكۆشاوم لێی نزیك ببمه‌وه‌ و وه‌ك ڕۆشنبوونه‌وه‌یه‌كی گیانی پێوه‌ی خه‌ریك بم.

دوای ئه‌وه‌ی بیست ساڵ به‌سه‌ر چاپكردنی یه‌كه‌مین كتێبم زێوان تێپه‌ڕی.بیرم بۆ ئه‌وه‌ جوولاْ وه‌ك نیمچه‌ ئه‌زموونێك چه‌ند دێڕێكی له‌باره‌وه‌ تۆمار بكه‌م،یان ئه‌و هه‌رێمه‌ی ئه‌و ده‌قه‌م تێیدا حه‌واندووه‌ته‌وه‌ جارێكی تر بچمه‌وه‌ناوی و مه‌وداو ئاكاركانی بپێومه‌وه‌.

له‌و ده‌قه‌دا هه‌وڵم داوه‌ بگه‌ڕێمه‌وه‌ بۆ كرۆك و ناوكی گیانی منداڵی و به‌ تاسه‌ و سۆزێكی تایبه‌ته‌وه‌ له‌ زه‌یندا سه‌ردانی شوێنی منداڵیم بكه‌مه‌وه‌. ئه‌و شوێنه‌ی شیعر تێیدا بێگه‌رده‌ و خولیایه‌كی به‌هێزه‌ بۆ بێگه‌ردبوون.به‌هره‌ و سرووشم له‌ سروشتی پاكیزه‌ و نه‌ژاكاوه‌وه‌ وه‌رده‌گرت، وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌كی به‌ پیت و یارمه‌تیده‌ر بۆ خه‌ملاْندنی بیركردنه‌وه‌م،لێی نزیك ده‌بوومه‌وه‌.له‌ ته‌مه‌نی نۆزده‌ ساڵیدا یه‌كه‌م هه‌ناسه‌ی ئه‌م ده‌قه‌ به‌ سییه‌كانمدا گه‌ڕاو ڕژایه‌ ئاسۆی هه‌سته‌كانمه‌وه‌.پێویست بوو هه‌ڵیبگرمه‌وه‌، له‌ بیست و دووساڵیدا به‌رهه‌م هات و ته‌واو گه‌لاْڵه‌ بوو. وه‌ك پڕۆژه‌یه‌كی ئاراسته‌كراو و خۆ دامه‌زراندن بیرم له‌وه‌ نه‌كردبووه‌وه‌ درێژه‌ به‌ نووسینی ده‌قێكی له‌م جۆره‌ دوور و درێژ و تاكده‌نگی و خه‌مئامێز بده‌م، هه‌رچه‌ند ده‌منووسی پارچه‌كانم به‌ یه‌ك ده‌گرتن هه‌مووی یه‌ك كه‌شوهه‌وا بوون و ده‌چوونه‌ هه‌مان دۆخی خه‌مئامێزی و نووسینه‌وه‌.وه‌ك ژوورێكی ئاوێنه‌یی له‌هه‌موولایه‌كه‌وه‌ خۆمی ڕووبه‌ڕووكردمه‌وه‌، له‌ دڵه‌وه‌ له‌م ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌م پرسی و به‌ دوایدا گه‌ڕام، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ سه‌رگه‌رمی گه‌ڕاندا دووباره‌ خۆم به‌ بوون بناسێنمه‌وه‌ و بڕیاری تر بۆ چۆنیه‌تی ژیان بده‌م، هه‌موو لك و پۆپه‌كانیش به‌ ژیانه‌وه‌ گرێ بده‌مه‌وه‌ و لای مه‌رگ ڕای بگرم، چونكه‌ نوێبه‌خش هه‌میشه‌ به‌ خۆناساندنه‌وه‌ی دووباره‌ ئاشق ده‌بێته‌وه‌ و پێویستییه‌كانی ئه‌شق وه‌ك ئاگرێكی

ئەفسووناوی لە ناوەوە گەرمی دادەهێنیٚ بۆ گەڕان و پەی بردن بە ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی هێڵ و دۆخی نووسین. سەرەتا سیٚ ناونیشان بە خۆیانەوە خەریکیان کردبووم.

**یەکەم**: منداڵی بەرزەخییەکان.

**دووەم**: زێوان.

**سێیەم**: گۆڕان لە ئاکاری مەرگدا.


بەدرێژایی ماوەی نووسین نیگەرانییەکیشم لەگەڵدا بوو بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان.لەم دەقەدا گشتێکی یەکگرتوو هەیە.لەدوای ئەو ئەزموونە ئەم گشتە یەکگرتووە لەئەزموونی مندا بەرەوکزی و نەمان دەچێت.ڕەگەزی کتوپڕی زاڵ دەبێت و تانوپۆی شێوازی لەمەوبەدوام دەچنێت.

خاڵی جێگیرکردنی ڕەگەزی کتوپڕی و دیاریکردنی سنوورەکانی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دیار لە شیعری تازەی کوردیدا تایبەتە بە ئەزموونی من و بەهرەزادە و دەستمایە و ڕووبەری بیندراوی منە. تێیدا وزەیەکم بە دەستهێناوە، کە وەرگر دووچاری جۆرێك ئا و نا و دڵەڕاوکیٚ و خۆخواردنەوە دەبێت. سەرەڕای ئەم خۆدەستنیشانکردنە لەم شێوازەدا زیاتر هەست بە پرۆژەی ناخ و ئێستێتیکای شیعریی دەکەم، دەشزانم دەبیٚ باجی خوێنەری یەکئاست و ڕەخنەگری بیٚ گوتاری ڕەخنەیی و ناخ چەپەڵ بدەم.ڕێك ئەو چوارساڵەی بەو شیعرەوە خەریك بووم، هەلاَتووی سەربازی بووم. ژیانم لە ناو خانوویەکی ڕووەو هەتاوی دوو ژووری، کە بنمیچەکەی دارەڕیٚ و قامیشبەند بوو، بە سەر دەبرد. ئەو دارەڕێیە و قامیشبەندەم هەمیشە وەك دارستانێکی سەوزی پڕ بەروبووم و پشت و پەنا خەیاڵ دەکرد و بیرم لە قۆناخی سەوزی دار و قامیشەکان دەکردەوە. حەوشەیەك، کە باخچەیەکی دڵگیریم تێیدا دامەزراند بوو، لاولاوە بە سەر دیواری حەوشەدا بەرزببووەوە، نێوانی دیوار و لاولاوەکە دالاَنێکی دروست کردبوو، بە دڵفراوانییەوە جێگامی تێدا دەبووەوە، شوێنێکی هێمن و لەبار و بەهرەبەخش بوو بۆ نووسین و خوێندنەوە. بە وریاییەوەش سوودم لە کاتی خۆم وەردەگرت. هێڵی نووسین

هەستێکی سەیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا زیاتر ئەزموونی ژیان و هاواری خود بوو، لەوەی ئەزموونی کتێب و زانیاری و فێربوون بێت. ئەم ژیانە نیمچە داخراوە لەو ماوەیەدا گیانێکی چالاك و سەرڕێژ لە هەوڵدانی بۆ نووسین لە جەستەمدا ڕسکاند بوو، زۆر لە مردن و تارمایی مردن دەترسام، دڵم بە تەقەی دەرگایەك دادەخورپا، کەچی بەردەوام لە باری شیعریدا ئەم ترسە پێچەوانە دەبووەوە و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن لە دەقەکەدا زاڵ دەبوو. بە وریاییەوە چاودێری سروشت و پێوەندییەکانیم دەکرد. میوە و گوڵی وەرزەکانم پەیدا دەکرد و لێیان ورد دەبوومەوە، هەستم بە ئاسوودەیی و پشتیوانی دەکرد. دڵم نەدەهات میوەکان بخۆم، کە ڕەنگیشیان دەگۆڕا و بۆن لێی دەدان. هەست و ترسی مردن زیاتر لەلام مەترسیدار و قووڵتر دەبووەوە.

ئەو بارو دۆخ و دەوروبەرە هەناسەی توند گرتبووم، بەڵام هەوڵم دەدا بارودۆخە بوونییەکە تانوپۆی تەواوی دەقەکە نەچنێت و داگیری نەکات، بەڵکو سوودی لێوەربگرم بۆ دروستکردنی کەشێکی هەستی. لە پێناوی ئەوەی تا شیعر بە شیعر بمێنێتەوە، کەمێك دووربکەوێتەوە لەو بیندراوانەی کە دەبنە مایەی خرۆشانی کاتی.لەو سەروبەندەدا کۆ شیعری یەك لە شاعیرە ناودارەکانی حەفتایەکانم خوێندەوە بە شێوەیەك شیعری ملکەچی واقیع کرد بوو، ڕۆڵی بیرکردنەوەی خوێنەری تێدا کوشتبوو. لە کاتێکدا شیعر ملکەچی ئەو پێویستیانەیە، کە کاری هونەری و شیعرییەت و زمان دەیخوازن. واقیعی لە دۆخی خۆی هێشتبووەوە، ڕاینەکێشابووە ناو چوارچێوەی شیعرییەت. شیعر پێش ئەوەی واقیع دروستی بکات، یان یارمەتیدەری بێت بۆ دروستبوون کەشێکی هەستی و بنیادێکی زمانییە.

تاڕادەیەك ئەدەبی واقیعی لەبەر دڵ و چاوم سیما و سایە گران کرد. لەوەش دڵنیابووم لە ئەدەبی واقیعیدا شاکاری نایاب هەیە و هەموو توخمەکانی شیعرییەتی تێدا بەجێ هێنراوە، بەڵام ئەم شاعیرەی خۆمان نەیتوانیبوو واقیع بە دەوری خۆیدا بخولێنێتەوە. بەڵکو ئەو سست و تەمبەڵانە بە دەوری واقیعدا خولابووەوە.



**سەباح رەنجدەر**

لەم دەقەدا نەگەیشتم بە تەواوی ئارەزووەکانم، ئەگەر بگەیشتابوومایە بە تەواوی ئارەزووەکانم درێژەم بە نووسین نەدەدا و لە هەوڵدان دەکەوتم. هونەرەجوانەکان گوزارشت لە تەواوی پێویستە گیانییەکانی مرۆڤی هەستپەروەر دەکات. زمان و بیر و خەون و سۆزیش تێیدا فۆرم وەردەگرن. ئاستەکانی فۆرم وەرگرتنیش لە شێوازدا هاوسەنگیان دەوێت. وورووژان و نامۆییەکی بکوژ لە ناخمدا دەستی پێکرد بوو، مەرج نییە تەنیا ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی سنووری وڵات دەژین تاراوگە کراوبن، نامۆبوون لەو بارەدایە کە شاعیر تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و پێوەندی بەو هەلومەرجەوەیە، کە چۆن هەستەکانی دەکاتە بابەتی شیعری. پێم وایە پێویستە بەو پێناسەیەدا بچینەوە کە نامۆبوون تەنیا لە دەرەوەی سنوورەوە بێت. من لە ناو وڵات و کەس و کار و ماڵەکەی خۆمدا ئەو دەقەم بەرهەم هێناوە. کەچی نامۆبوون تەواو تانوپۆی چنیوەو بە ئەزموونی تاراوگە کراو و نامۆبوون تێدەپەریم. ڕەچاوی گۆڕانی بار و دۆخەکەشم دەکرد. ئەم دەقە دەقێکی مۆنۆدرامییە، سروشتێکی زەینی و گیانی هەیە. بە شێوازی مەنەلۆگی ناوەوە بەرهەم هاتووە. پێش ئەوەی لە لاپەڕەی دەفتەردا نووسرابێت. لە ناخمدا نووسرا بوو، بە پڕتاو و هاوارەوە دەهاتە دەرەوە. وەك منداڵێك کە سووری گەشەی خۆی تەواو کردبێت و بە ئاسایی و جەستە و گیانێکی تەواوەوە لە دایك بێت. خودا چارەنووسی ئاو و خۆڵ و ئاگر و با و شیعری لاڕوون بوون. بۆیە منی وا گیرۆدە کردوون. لە ئەزموونی مندا شیعر وەك سەمەندەر لە خۆڵەمێشی سووتانی خۆمدا لە دایك دەبێت و گیانێکی غەمگینی دێتە بەر.بۆ ئەوەی شاعیر بە شیعرییەت بگات پێویستە بە نامۆییدا گوزەر بکات، یان لە نامۆییدا بژێت. چونکە بەشێك لە بوونی شیعر لە جەستەی نامۆییدا دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەفسوون و ڕاز. ئەفسوون و ڕازیش شیعرییەت و پێکهاتەکانی تێدا گەشە دەکات و دەدۆزرێتەوە. هەست بە نامۆیی کردن لە باری دەروونی و کەسایەتی داهێنەردا بەرجەستە دەبێت و چرکەی هەژان و بەرزبوونەوەی ناخ دەیدۆزێتەوە. لە هەموو سەردەمە دڕدۆنگ و نالەبارەکاندا شیعر ڕۆڵی جوانیبەخشی خۆی وازی کردووە و کرۆك و ناوکی شیعرییەتی نەدۆڕاندووە. شیعر هەقیقەتی

جوانییه.نابێته سیمایەکی دیار لە سیما گشتییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی. ڕوونتر شیعر دەربڕین نییە لە بوونی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی، دەربڕینە لە بوونی جوانییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی و گەردوون.

شیعرم نەکردووە بە ئامرازی مەبەستە سیاسییەکان، یان دەربڕی سۆزی سیاسی، بەڵام باوەڕ و بیری سیاسیم ڕاکێشاوەتە ناو مەبەستە شیعرییەکانم. بەهای شیعری لە ناو زماندایە، نەك لە مانا و مەبەست، بەڵام چێژ لە ئاستداری زمان و مانا و مەبەستدا دروست دەبێت.شیعر لە بواری خۆیدا دەتوانێت هونەری شێوەکاری و فۆتۆگراف و گۆرانی و درامای شانۆیی و مۆسیقا و تەلارسازی و هونەری دیکەش وازی بکات، هەروەها هونەری دیکەش دەتوانن بەشداری لەوە بکەن شیعر وەربگێڕن بۆ زمانی خۆیان. شیعر لە هەندێ باردا دەبێتە باوکی هونەرەکان و لە هەندێ باری تریشدا دەبێتە کوڕ و کوڕەزا.

ڕێکەوت هەیە شیعر گوزارشت لە بارێکی سایکۆلۆژی دیاریکراو دەکات. تەنیا هێزی ویژدان پەی پێ دەبات. وەك چۆن هەندێك جاران مووچڕکێك بە گیان و لەشدا دێت و گوزارشت لە بارێك دەکات، پاش ماوەیەکی کورت بە هیچ هەوڵ و شێوەیەك ناتوانیت بگەڕێیتەوە سەر هەمان باری مووچڕکەکە. مووچڕکیش زادەی بار و چرکە جوانەکان و ویژدانی مرۆڤە لە هەستپێکردنە زۆر تایبەتییەکاندا، کە لە نووسینیشدا دادەمام و نەمدەتوانی بەردەوام بم لە سەر کاغەزەکانی بەردەستم وێنەم دەکێشا، وێنەی ئێجگار سەرەتایی: شاخ و داخ و ئاسمانی بە هەور و مرۆڤ و چرا و چەتری هەڵدراو لەبەر باران و سەبەتەی مام زۆراب و جووجکە و مریشکی دانەوێڵە بۆ ڕژاوی حەوشە و ژنی بە دیارەوە وەستا و کاتژمێری گەورەی دیوار و ئەسپ و پیکاب و .... تاد.

کە دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی لام تەواو بوو، بیرم لە خۆئامادەکردن کردەوە بۆ چاپکردنی و ئەوکێشە و گیر و گرفتانەی بە هۆیەوە ڕووبەڕووم دەبنەوە. پێش ئەوەی بۆ دەزگای چاودێری بنێرم پێشانی برادەری شاعیرم (**نەژاد عەزیز سورمێ**)م دا، لە لاپەڕەی یەکەمدا ئەم بۆ چوونەی یاداشت کرد بوو: (زێوان ژانێکی پڕ بەهرەی تێدا

بەکارهاتووە، چاپکردنی سەرەتای شاعیریەتییەکی باشت بۆ دەستنیشان دەکات.) بۆچوونەکەی هاندەر و پاڵپشتێکی گیانی بوو بۆ من. سووری کردم کۆڵنەدەم و ئەو سەرەتایە دەستنیشان بکەم.ناردم بۆ دەزگای چاودێری. دەشمزانی پەیبردن بە تازەیی ئەم شێوازە شیعرییە دوور لە بگرە و بەردە و قووڵبوونەوە. گوتوبێژی لە دڵەوەی دەویٚ، ئەوجا بڕیار لە سەردان.دەزگای چاودێریش سیٚ جار ڕەتی کردەوە. بڕواشم بەوە هەیە ئەگەر جاری یەکەم سەرنەکەوتم: جاری دووەم و سێیەم و چوارەم...... تاد. هەیە. منیش سووربووم و کۆڵم نەدەدا. لەبەر ئەوەی دەمزانی کارم لە شێواز و زمانێك کردووە قبووڵکردنی بیٚ گێچەڵ نییە. ئەو ڕۆژەی نائومێدیان دەکردم و مۆری ڕەتکردنەوەیان لێدەدا. دوای ماوەیەکی کورت دووبارە ئامادەم دەکردەوە و دەمناردەوە. بەهانەی ڕەتکردنەوەکانیشیان هیچ پێوەندی بەهونەر و ئاستی شیعرییەت و زمانەوە نەبوو. لە سەر بنیاد و بنەما دۆخگۆڕ و بنەڕەتییەکان بمان وەستێنێت و پێگە و پێکهاتەکانمان نیشان بدات.بەهەرحاڵ، بۆچوونی شارەزای یەکەم جۆرێك بناخە و بنەمای تێدایە، کە تەمەنی بۆ داهێنان بە گرینگ و پێوەر زانیوە. وەك بۆچوون و جۆرێك لەبیرکردنەوە ڕێزی لێدەنێم، بەڵام بۆچوونی شارەزای دووەم و سێیەم دژایەتییەکی بیٚ بنەماو ڕووتن ئەقڵی ڕاڤەکارانە نین.جۆرێك سووك تەماشاکردنی ئەدەب و سووکایەتی پێکردنیشە. هیچی تیٚ ناچێت بڵێی بەرد باری و گێڵگە و سروشتی سەوز و پاراو کرد، یان بەردبارین سوودمەندە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام کاری پرۆگرامی ڕەخنەگر ئەوەیە سەوزبوونەکە وەربگێڕیٚ بۆ باری واقیعی بەرد بارینەکە. ئەو کات درکی بە نهێنی هێزی داهێنەرانەی شاعیر بردووە و بیر و هونەری شاعیری بۆ وەرگر وەرگێڕاوە. بۆ جاری چوارەم مۆڵەتی پێدرا. کە دانە مۆڵەت پێدراوەکەم پێگەیشتەوە ئەو شەوە یەکەم شەوە لە ژیانی خۆمدا تێیدا نەنووستبێتم تابەیانی. لە بارێکی شاگەشکەیی ژیام. وام دەزانی ژیان هەمووی لە ناو ئەو دەفتەرەدایە کە پاش ماوەیەکی دی دەبێتە کتێب. پەلەم بوو، بڵێم منیش هەم. ڕووبەڕووی خودی خۆم ببوومەوە. شیعرم بۆ ئەوە نەبوو بە هۆیەوە جیهان بناسم. بۆ ئەوەم بوو، چیرۆکێك دروست بکەم بۆ گێڕانەوە.ئەو سیٚ

بۆچوونەی کە پێی تلاومەتەوە و ئەو بۆچوونەی، کە پێشی شاگەشکەبووم. وەك خۆیان تۆماریان دەکەم.

یەکەم: (ئەم شاعیرە نەناسراو و لاوە، کەچی چەکامەیەکی درێژی نووسیوە، چەکامەی لەم شێوەیە پێویستی بە ئەزموونی دوور و درێژ و دەوڵەمەندە.ئەمە تازە لە سەرەتای ڕێگادایە. چاپکردنی دوابخرێت سوود بە بەهرە و دوارۆژی شاعیر دەگەیەنێت.)

**(محەمەدی مەلا کەریم)**

دووەم: (ڕەشبینییەکی لەڕادەبەدەر گەمارۆی ئەم لاوەی داوە، ئەگەر لاوی ئەم وڵاتە بەم شێوەیە دووچاری ڕەشبینی و گێژەن بووبن ئەوە کارەساتە، ئەم جۆرە دەربڕینەش یاخی بوونیانە لە دەسەڵات و واقیع.دواتریش زۆر ئاڵۆزو تەم و مژاوییە.هیچ جۆرە کێشێکی تێدا نییە. شیعری سەربەست کێشی تایبەتی هەیە. نە پەخشانی هونەرییە. نە شیعری سەربەستە. هانی ئەم جۆرە نووسینانە نەدرێت.)

**(مەجید نەدیم)**

سێیەم:(ئەمە شیعرێکی ئاڵۆزە، کۆمەڵێك وڕێنەی لاوێکە، کە هێشتا لە شیعردا خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەم شاعیرە یەکێکە لەو گرووپەی دەیانەوێ دوای (ڕوانگە) وەك بزووتنەوەیەکی شیعری خۆیان بناسێنن. (مەحموود زامدار) ڕابەرایەتی و پڕوپاگەندەی گەورەکردنیان بۆ دەکات، ناوی لێناون ( پێشڕەو – تەلیعی). ڕەگی ئەم گرووپە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری نەهاتووە. پەیڕەوی ئەدەبی ئەورووپی دەکەن. ڕەوا نییە ڕێگا بۆ ئەوانە خۆش بکرێت ئەم ئاژاوەیە بنێنەوە و بیهێننە ناو ئەدەبی کوردی.)

**(محەمەد بەدری)**

چوارەم: زێوان ئەزموونی لاوێکە، بەڵام هەڵکەوتووە، هونەر و داهێنانی تێدایە. هەوڵ و شێوازێکی ڕەسەن و خۆماڵییە بەرەو نوێخوازی، پشتیوانی لێکردنی بۆ چاپکردن پێویستە. دوای ئەوەی ئەو شوێنانەی ئاماژەم بۆ کردووە لابدرێت تین و تاوێکی بە جۆش بە شیعرەکە دەبەخشێت و لە ئەگەر و گومانیش دایدەماڵێت.)

**(مەحموود زامدار)**

لەو بگرەو بەردەیەی ڕەتکردنەوەو ڕێپیدانی کتێبەکەمدا ڕۆژنامەنووسی ناودار (مەحموود زامدار) هەستی بەباری دەروونی و نیگەرانی من کرد بووە کە لە ناخەوە زۆر کەسەربارم، چاوپێکەوتنێکی تێر و تەسەلی لەگەڵدا سازدام بە ناونیشانی (مژدەیەکی تر بەرەو نوێخوازی) بەدوو ئەڵقە لەڕۆژنامەی (هاوکاری) دا بڵاوی کردەوە.بەوردی بۆچوون و دەردە دڵەکانی خۆم دەربڕیبوو، تاڕادەیەك لەخۆڕازی بوونێکی هەرزەکارانەشی تێدا بوو،بەڵام بۆچوونەکانم لەوئاستەدا خۆیان دەکردەوە کە کتێبەکەم دەیویست پێشکێشی بکات، یان ئەو هیوایانە بوون، کە هەمبوون،بەڵام نەمهێنابوونە دی.سەرەتا نووسین یەك وشە بووە.دواتر ئەم وشەیە بەناو ژیاندا درێژبووەتەوەو بۆتە سەرچاوەی بەهرەو سرووش.ئەم دەقەی منیش سەرچاوەو بەهرەو سرووشی لەیەك وشەوە وەردەگرێت.حوزەیرانی١٩٨٨وەك کتێبێك لە٨٨لاپەڕەدا چاپمکردو هەموو دڵخۆشییەکانم هاتنە دی.